# باخچەی گێلاسەکە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەف

# باخچەی گێلاسەکە

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە

شێروان مەحموود محەمەد



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: باخچەی گێلاسەکە

نووسینی: ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەف

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: شێروان مەحموود محەمەد

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٨

هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٥ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# ژیاننامەی ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەف

چێخەف لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە شاری تەگانرۆگ لە ڕووسیا لەدایک بووە و لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا لە شاری بادینڤێیلەر لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە. باپیری، لە سەری باوکییەوە، یەکێک بووە لە جووتیارە هەژارەکانی ڕووسیا کە بە" مۆژیک " دەناسران بەڵام بە لێهاتوویی خۆی توانی باری ئابووریی خۆی بگۆڕێت و پێگەی خۆی لە جووتیارەوە بگوێزێتەوە بۆ چینی مامناوەندی و بوو بە خاوەن موڵکی خۆی و وەک هەڵسوڕێنەری زەویوزار کاری کردووە. خوێندنی منداڵەکانی زۆر مەبەست بووە. باوکی چێخەف مرۆڤێکی تایبەت و بەهرەمەند بوو، خەریکی بازرگانی و عەتاری و چالاکیی کۆمەڵایەتی بوو. کاتێکیش لە ساڵی ١٨٧٦ نابووت بوو، خۆی و خێزانەکەی لە تاو قەرزاری گواستیانەوە بۆ مۆسکۆ. هەرچەندە چێخەف لە شارەکەی خۆیان مایەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن و کارکردن بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەی.

دایکی چێخەف مامۆستایەتیی دەکرد و خۆی بۆ خێزانەکەی تەرخان کردبوو، بەڵام زۆر حەزی لە شانۆ بوو هەرچەند بواری ئەوەشی نەبوو زوو زوو سەر لە شانۆ بدات. ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە پەروەردەی گیانیی هەر شەش منداڵەکەیدا بە ئەنتۆن چێخەفیشەوە، هەروەک خۆی نووسیویەتی: "ئێمە بەهرەکەمان لە باوکمانەوەیە، بەڵام ڕوحمان لە دایکەوە". لە ماڵەوە جاروبار شانۆگەریی کورتیان ئامادە



دەکرد و زیاتر چێخەف دەینووسین و لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەیاننواند. هەر لەم ماوەیەدا یەکەمین چالاکیی ئەدەبیی چێخەف دەستی پێ کرد، کاتێک دەستی کرد بە نووسینی کورتە چیرۆک و لە گۆوار و ڕۆژنامەکانی ئەوسادا بڵاوی دەکردنەوە. لە ساڵی ١٨٧٩ ئەمیش گواستییەوە مۆسکۆ و یەکسەر لە زانکۆ- کۆلێجی پزیشکی وەرگیرا و لەگەڵ خوێندنیشدا کاری ئەدەبیی دەکرد بۆ بژێوی نەک هەر خۆی بەڵکو خێزانەکەشی. چێخەف لە بواری نووسینی کورتە چیرۆکدا توانا و بەهرەیەکی ئەوتۆی هەبوو کە ناوێکی دیار و شایستەی بۆ زامن کرد، نەک هەر لە ئەدەبی ڕووسیادا، بگرە لە ئەدەبی جیهانیشدا. بابەتی چیرۆکەکانی خەڵکی سادە و دەوڵەمەندەکانی لادێن، ژیانی هونەرمەندان، یان ژیان و بەسەرهاتی کارمەند و خەڵکی هەژار و هاڕدراوی ژێر دەستاڕی شارن، ئەوانەی کە دواتر لە ژێر ناوی "مرۆڤە بچکۆلەکان" لە جیهانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەناسرێن. چێخەف لە ساڵی تەواوکردنی زانکۆوە، واتە ١٨٨٤ تا سەرەتای ١٨٨٨ پتر لە ٣٥٠ بەرهەمی نووسی و بڵاو کردەوە. چێخەف سەرقاڵی کاری پزیشکیش بوو و گەلێک کەسایەتی و موتیڤی لەو کارەی هەڵێنجاوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی. هەروەک خۆی دەیگوت: "پزیشکی ژنی شەرعیمە، بەڵام شانۆ عەشیقەکەمە".

ستایلی نووسینی چێخەف پەرەپێدانێکی ستایلی چیرۆکنووسی فەرەنسی ژێ. دی مۆپاسانە و وێنە و مۆتیڤەکان هەستێکی ئیمپرێسیۆنیستیانەیان بەسەردا زاڵە و کۆتاییەکان تێیاندا هەردەم کراوەن.

چیرۆکەکانی سەرەتا پڕن لە ژیان و بزاوت، بەڵام ئەوانەی دوای

ساڵی ١٨٩٠ هەستێکی غەمگین باڵی کێشاوە بەسەریاندا، بۆ نموونە نوڤێلەکانی "دەشت" و "خانم و سەگە گچکەکەی ".

بەڵام چێخەف هەر چیرۆکنووسێکی بەهرە مەزن و قەڵەم ڕەنگین نەبووە، بگرە یەکێکە لە مەزنترین درامانووسانی مێژوو. لەو شانۆگەرییانەی کە لە هەموو جیهاندا بەناوبانگن شانۆیەک نییە کەمێک پلە و پایەی هەبێ لە جیهانی هونەردا، یەکێک یان چەند دانەیەکیانی پێشکێش نەکردبێ. وەک نموونە دەتوانین ناوی ئەمانەیان بێنین:

خاڵە ڤانیا، سێ خوشک، نەورەس و باخچەی گێلاسەکە.

چێخەف شانۆگەری " باخچەی گێلاسەکە"ی بە تایبەت بۆ "شانۆی هونەری"ی نووسیبوو کە ئەو کاتە ستانیسلاڤسکی سەرپەرشتیی دەکرد و دەرهێنەری سەرەکی بوو.

ئەمە بەسەرهاتی زۆرانبازیی کۆن و نوێیە. ڕووسیای تساری ئەگەرچی وڵاتێکی دواکەوتوو بوو بەڵام لەو کاتەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا ڕووی دەدا. هێزی نوێ دەهاتنە سەر شانۆی ژیان و تەنگیان بە هێزە کۆنەکان هەڵدەچنی. ئەو هێزە کۆنانەی فیۆدالیزمی ڕووسی کە سیستیمی نیمچە کۆیلایەتی نەک هەر لەشی سست کردبوون و خۆیان توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی جەستەییان نەمابوو، بگرە توانای بیرکردنەوەشیانی بە شێوەیەک سڕ کردبوو کە نەیاندەتوانی ئەو ڕاستییە ببینن کە دنیا گۆڕدراوە و چیی تر ناتوانن بە شێوەی ڕابردوو بژین.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و گایەڤی برای نوێنەری ئەو سیستیم و یاسا و



ڕێسایانەن کە باویان نەماوە، لە کاتێکدا لۆپاخین، کە باوکی مسکێنێکی ئاغا کۆنەکان بووە، نموونەی ئەو هێزە نوێیەیە کە بە ئانیشک و کاری سەخت جێگای خۆیان دەکەنەوە و وێنەیەکی تریان لە خەیاڵدایە بۆ ئەو ڕووسیایەی خەوی پێوە دەبینن. لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و براکەی نازانن چۆن داراییەکەی خۆیان بەرن بەڕێوە و کۆمەڵێک کەموکوڕیی تریان هەیە، بەڵام چێخەف بە هاوسۆزی و تێگەیشتنەوە وێنایان دەکات و مەحکومیان ناکات.

"ئاغای سەرساف"، پێتیا ترەفیمەڤ، ئەگەرچی بە ئاشکرا ناگوترێت کە خەریکی کاری سیاسییە، بەڵام بینەری ئەو کاتە تێ دەگەیشت کە ئەو یەکێکە لەوانەی دەم لە سیاسەت دەکوتن و دواکەوتنیشی لە زانکۆ لەبەر تەمەڵی نییە، بگرە چێخەف، بێگومان لەبەر سانسۆری توندی ئەو کاتە، نەیدەتوانی لەوە زیاتر بە ئاشکرا بدوێ و باسی ئەوە بکات کە ئەمە کابرایەکی شۆڕشگێرە.

چێخەف ئەگەرچی، نەشۆڕشی ١٩٠٥ و نەشۆڕشی ١٩١٧ی نەدی، بەڵام بە هەستی هونەرمەندێک پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە ڕووسیا بەرەو گۆڕانێکی گەورە ملی دەنا و ئەو ڕووسیا کۆنەی جاران هیچ بوارێکی مانەوەی نەمابوو.

چێخەف لە ساڵی ١٩٠٥دا لە تەمەنی چل و چوار ساڵی لە نەخۆشخانەیەکی شاری بادنڤێیلەری ئەڵمانی لە ئاکامی نەخۆشیی سیل کۆچی دوایی کرد وگەنجینەیەک بەرهەمی مەزنی بۆ ئەدەبی میللەتەکەی و جیهان بەجێ هێشت.

"... ئەمڕۆ لە شانۆ " باخچەی گێلاسەکە" دەخوێندنەوە، من بڕیارم داوە کە نەچم بۆ ئەوێ. لە هەمان کاتیشدا دەمەوێ بچم. تا ئێستا من نازانم چی بکەم. کەنستەنتین سیرگێیەڤیچ (ستانییسلاڤسکی) شەیدای دەقەکە بووە. ئەو پەردەی یەکەمی وەک کۆمیدیایەک خوێندووەتەوە. وەک خۆیشی دەڵێت پەردەی دووەم کارێکی بە هێزی تێ کردووە، لە پەردەی سێیەمدا ئارەقێکی زۆری دەرداوە، بە درێژاییی پەردەی چوارەمیش بێ وچان گریاوە. ئەو دەڵێت کە تۆ هەرگیز کارێکی وا بەهێز و کاریگەرت نەنووسیوە. ئێمە هەموومان گیانمان لێوانلێوی شادی و سەرسامییە. دوێنێ لە ماڵی ئەلکسێیەڤ و لە کاتی خوانەکەدا هەموومان بە خۆشیی تۆوە نۆشمان کرد..."

ئۆلگا کنیپەر

# ئایندەبینی لە باخچەی گێلاسەکەی - چێخەفدا

دانا ڕەئووف

چێخەف تەنیا پێنج شانۆنامەی درێژی نووسیوە: پلاتۆنەف(*)، باڵندەی دەریا (١٨٩٦) خاڵە ڤانیا (١٨٩٧) سێ خوشک (١٩٠٠) باخچەی گێلاسەکە (١٩٠٣) و چەند کورتە شانۆنامەیەکی یەک پەردەییش.

چێخەف، بەهەمان شێوەی شەکسپیر لە هەر سەدە و سەردەمێکدا بە شێواز و ڕێگەی تایبەتیی خۆی دەخوێندرێتەوە و هەر نەوەیەکیش دڵەڕاوکێ، خەم و پەژارە و هیوا و خەونەکانی خۆی لە شانۆنامەکانی چێخەفدا دەدۆزێتەوە.

چێخەف ویستوویەتی لە چوارچێوە دیاریکراو و باوەکاندا شتە ئاسایی و ساکارەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ وێنا بکات و بەم چەشنەش توانیویەتی لە نۆرم و شێوازە ساکارەکەی خۆیدا هەموو ئاڵۆزییەکانی ژیان، خۆشی و ناخۆشییەکانی بەرجەستە بکات.

چێخەف داوونەریتەکانی هونەری شانۆی واقیعی قووڵ دەکاتەوە، لە کوێدا تورگێنیف و ئەسترۆفسکی و شانۆنامەنووسە ڕووسەکانی تری بەر لە خۆی وەستاون ئەو بەردەوامی و پەرە دەبەخشێتە ڕەوتەکەیان.

(*) نازانرێ کەی نووسراوە و دوای مەرگی چێخەف لە نێو دەستنووس و پاشماوەکانیدا دۆزراوەتەوە.



بەم شێوەیەش شانۆنامەکانی چێخەف قۆناغێکی تەواوەتی و دەستپێکێکی نوێ لە شانۆی ڕووسی پێک دەهێنن و کاریگەرییەکی گەورە و ڕاستەوخۆشیان کردووەتە سەر دراما و هونەری شانۆیی لە جیهاندا.

شانۆنامەکانی چێخەف لەسەر ڕەوشی پێکداچوون و کێشە ئەزەلییەکان دروست نەبوون، بگرە لەسەر بنەماکانی پەردەهەڵماڵین و دۆزینەوەی گەوهەری ناوەوەی سیما مرۆڤایەتی و سایکۆلۆجییەکانی پاڵەوانەکان بنیات نراون، ئەگەرچیش چەندین ململانێ لە ناو شانۆنامەکانیدا دروست دەبن، بەڵام چێخەف دەیەوێت کێشە و ململانێیەکانی نێوان پاڵەوانەکان و واقیع دووپات بکاتەوە. هەر لەم دید و بنەمایەشەوەیە کە چێخەف نایەوێت بینەرانی شانۆنامەکانی هاوسۆز بن لەگەڵ پاڵەوانەکانیدا، بگرە وایان لێ دەکات کە لە حاڵەتەکان بگەن، ئەو حاڵەتانەی وا لە پاڵەوانەکان دەکەن بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە دەیکەن. زۆر جار کارەکتەرەکانی باسی ئایندە، سەد یان هەزار ساڵی داهاتوو دەکەن کە دەبێت چی ڕوو بدات لەگەڵ ئەو شتانەی، کە ئێستا و لێرەدا، ئێمە کاری بۆ دەکەین، لە پێناویاندا تووشی کێشە دەبین و ئازاریان پێوە دەچێژین. ئەمەش دیدێکی قووڵی ئایندەخوازی بە شانۆنامەکانی چێخەف بەخشیوە کە وا دەکات بە زیندوویی بمێننەوە.

چێخەف سەردەمەکەی خۆی تێپەڕاندبوو، زەنگی گۆڕانکارییەکان لێ دەدا و ئایندە و چارەنووسی دەرەبەگایەتیی ڕووسیاشی ڕووبەڕووی ئەو شۆڕشە دەکردەوە کە بە ڕێگەوە بوو.

پیتەر برۆک ئاماژەی ئەوەی کردووە کە پاڵەوانەکانی چێخەف

بەردەوام لە ناو ڕووداوەکاندا دەژین و بوونێکی بەردەوامیان لەسەر شانۆ هەیە، گەر لە ساتێکدا لەسەر شانۆش نەبن، ئەوا لە ژوورێکی تردا، لە نهۆمی سەرەوە، یان خوارەوە، یاخۆ لە ژوورەکەی پشتەوەدا ژیانی خۆیان دەژین.

چێخەف لەم ئەتمۆسفێرەدا مامەڵەیەکی هەمەلایەن و قووڵ لەگەڵ مەسەلەی (کات)دا دەکات. کات ڕۆڵێکی نەبینراو و گرینگی هەیە، مەبەستیش لێرەدا لە کاتی ڕۆژانەی کارەکتەرەکانیەتی: خەڵکی دێن و دەڕۆن، نان دەخۆن و دەخۆنەوە و لە هەمان کاتدا دڵیان دەشکێت، هیوابڕاو دەبن، خەونەکیان شکست دێنێ.

چێخەف کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ شانۆی هونەریی مۆسکۆ و ستانیسلافسکیدا هەبووە، بەتایبەتی لە ڕووی خوێندنەوە و لێ تێگەیشتنی ڕووداوەکان و مەسەلەی نەتوڕالیزم و واقیعیەتی شانۆ.

چێخەف لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا سەبارەت بە نەتورالیزم بە ستانیسلافسکی گوتووە:" شانۆ- هونەرە. کرامۆسکۆی وێنەی دەموچاوێکی بە شێوازێکی بەرز و نایاب نەخشاندووە. بەڵام ئەم وێنەیە چۆن دێتە بەرچاو گەر هاتوو من لووتی ئەم مرۆڤە وێنەکراوە لە دەموچاوەکەی ببڕم و لووتێکی ڕاستەقینە بخەمە جێگەی؟ دەشێ بڵێین کە ئەو لووتە " ڕاستەقینەیە" بەڵام وێنەکەمان تێک داوە"

شانۆنامەی" باخچەی گێلاسەکە" دوا شانۆنامەی چێخەفە و هەموو ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی ڕووخانی سیستێمی دەرەبەگایەتیی ڕووسیا دەخاتە ڕوو. چێخەف بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشبینیی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەش دەکات کە بە ڕێگەوەن.

چیرۆکی شانۆنامەکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند دەدوێت کە خاوەنی



باخی گێلاسەکەن و وەک خێزانێکی دەرەبەگ پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە، ئێستاش خاتوو (لوبۆف ئەندرێیەڤنا ڕانێڤسکەیا) ناچار دەبێت بەهۆی قەرزێکی زۆرەوە ماڵئاوایی لەو باخچەیە بکات و بیفرۆشێ. جگە لە هەڕاجکردن و فرۆشتن چارەسەرێکی تر بۆ ئەم کێڵگە و باخچە جوان و ڕازاوەیە نەماوە.

هەڕاجکردنی ماڵ و حاڵ و کەلوپەلی ئەم باخچە گەورە و قەشەنگەش هێماگەلێکی ڕەوتی ژیانی ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارەی ڕووسیان، کە ئێستا بەهۆی ئاڵۆزییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە دووچاری قەرزێکی گەورە بووە.

ئەم شانۆنامەیە دەبێتە دیارییەکی گەورە بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ و ستانیسلافسکی و ئەکتەرەکان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەبن. (ئۆلگا کنیپەر) کە هاوڕێی ژیانی چێخەف دەبێت، لە نامەیەکدا کە لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٣ لە مۆسکۆوە بۆ چێخەفی ناردووە دەڵێت:" ئازیزترین، خۆشەویستەکەم، دوێنێ چ ڕۆژێکی پڕ لە خەمۆکێ بوو! سێ ڕۆژ بوو من چاوەڕێی دەقەکەم دەکرد کە بگاتە دەستم. بەرەو شپرزەیی و نادڵنیایی دەچووم کە چیی تر پێم ناگات. دوێنێ بەیانی کە هێشتا هەر لە جێگەدا بووم گەیشتە دەستم. تۆ نازانی بە چ شێوەیەک گرتم بە دەستمەوە و کردمەوە. سێ جار ئاماژەی خاچم کرد. لە جێگەکەم نەهاتمە دەرەوە تا بەشێوەیەکی سەراپاگیر و تەواوەتی هەموویم هەڵنەلووشت. من بە برسێتییەکی زۆرەوە هەڵم لووشی. لە پەردەی چوارەمدا دەستم کرد بەگریان، پەردەی چوارەم بێ وێنەیە. من بە شێوەیەکی بەهێز حەزم لە هەموو شانۆنامەکەیە، من بە شێوەیەکی سادە گوزارشت لە خۆم دەکەم. مرۆڤ بۆ ئەوەی باسی شاکارەکانی تۆ بکات دەبێت زمانێکی جوان و پاراوی هەبێت.

بێگومان من ناتوانم دەقەکانی تۆ هەڵسەنگێنم. من خوێندمەوە و هۆگری هەر هەمووی بووم، هەر لەوە دەچوو کە من لە ماڵی ڕانێفسکەیا بم، هەموویانم بینی، لەگەڵ هەموویان پێ کەنیم و ژیام. هیچ لێکچوونێک لەگەڵ دەقەکانی تردا بەدی ناکرێ، ناتوانم زێدەڕۆیی لە هیچ شوێنێکدا بدۆزمەوە. هەموو شتێک ئاسان و بە وردی ڕۆنراوە. پەردەی چوارەم هەر زۆر کاریگەر و دراماتیکییە. هەموو دراماکە بەهێزتر و ڕوون و ئاشکراترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تۆ لەسەری ڕاهاتوویت.

کە شانۆنامەکەم خوێندەوە ڕام کرد بۆ شانۆ. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو ئەوە بوو پرۆڤەیان ڕاگرتبوو. ڤلادیمیر ئیڤانەڤیچ پەلاماری دەقەکەی دا. دوایی کایتەلۆف، لیوزیسکی، مۆسکڤین و هەموویان دەیانویست هیچ نەبێت بۆ تاوێک بیگرن بە دەستییانەوە. ئەگەر ئەو هەموو کەللەسەرەت دەبینی کە شۆڕ بووبووە بەسەر "باخچەی گێلاسەکە"دا، بێگومان هەموویان کەللەڕەقییان دەنواند و دەیانویست دەمودەست دەقەکە بخوێننەوە. دەرگەکەیان کلیل دا و کلیلەکەشیان لە دەرگەکە دەرهێنا و دەستمان کرد بە خوێندنەوە. هەر ئەوەندەی لە خوێندنەوەش بووینەوە کەنستەنتین سیرگێیەڤیچ هات و بەبێ ئەوەی سڵاو بکات لە دەستی فڕاندم، دوای ئەوە مەرۆزەڤ هات و دەقەکەی لێ قەرز کردم بۆ ئەمشەو. هەموو بەوپەڕی دیقەتەوە گوێیان گرتبوو. خوێندنەوەکەمان لێرە و لەوێ بە قاقای پێکەنین دەپچڕا. ئەمڕۆ بەیانییەکەی کەنستەنتین سیرگێیەڤیچ و سبەینێش هەموو ئەندامانی شانۆکەمان دەیخوێننەوە.

/...../ تۆ لەو چەشنە نووسەرانەی کە هەرگیز ناکرێت تەنیا بە یەکجار خوێندنەوە تێی بگەیت، هەموو شتێک قووڵ



و بەهێزە، مرۆ دەبێت بچێتە ناو تێکستەکەوە و لە ناویدا بژی، دوای ئەوە دەکارێت شتێک بڵێت./..../ بە توندی ماچت دەکەم، خۆشەویستەکەم، بە شێوەیەکی شێتانە بیرت دەکەم و شەیدای بینینتم.

ئۆلگاکەت

فرۆشتن و لەدەستدانی باخچەی گێلاسەکە لەلایەن لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ئاماژەی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییە و لە هەمان کاتیشدا، لەسەر ئاستێکی تر، پشێوییەکی ڕاستەوخۆشە بۆ ئەو خێزانە، کە ڕووبەڕووی ژیانێکی نوێی سەختتریان دەکاتەوە.

ئانیای کچی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا بە سادەییەوە و لە هەستێکی قووڵی ڕاستگۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعە نوێیەوە دڵی دایکی دەداتەوە، لە هەمان کاتدا بڕوای بە ئایندە و هێزی خۆیانە بۆ بنیاتنانەوەی ژیانێکی تر:

" ئانیا: دایە، دایە گیان ئەوە دەگریت؟ دایکە میهرەبانەکەم، دایکە دڵباشەکەم، دایکە بێ هاوتاکەم، من تۆم خۆش دەوێت، من تۆم لا پیرۆزە. باخچەی گێلاسەکە فرۆشراوە، چیی تر هی ئێمە نییە، ڕاستە، ئەوە ڕاستە، بەڵام دایە گیان تۆ مەگری، هەموو ژیان لە بەردەمی تۆدایە، تۆ گیانە پاک و پڕ چاکییەکەت ماوە! با بڕۆین ڕوحەکەم، با بڕۆین لێرە کەسەکەم!.. ئێمە باخچەیەکی تر بنیات دەنێین، لەمە قەشەنگتر بێت و وا دەکەین خۆشییەکی قووڵ و ئارام گیانت بتەنێ، هەروەک خۆری دەمەو ئێوارە، ئەو ساتە

زەردەخەنە دەگەڕێتەوە سەر لێوەکانت دایە گیان! دەبا بڕۆین.. گیانە شیرینەکەم!

شانۆنامەی " باخچەی گێلاسەکە"

چێخەف گۆڕانکاری و جێگۆڕکێیەکان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر بە چڕی و لە ماوەیەکی کورتدا بەرجەستە دەکات و ئەمەش توانا و گەمەیەکی دراماتۆرگییە.

کارەکتەرەکان لە یەک کاتدا تووشی ڕاچڵەکان دەکات، بەڵام بە شێواز و مۆتیڤی جیاواز، لە دەسەڵاتەوە بۆ لەدەستدانی دەسەڵات، لە کۆیلەوە بۆ خاوەن موڵک، لە سەربەستەوە بۆ ژێردەستە و لە هەژار و دەستوپێوەندەوە بۆ سەربەست و دەوڵەمەند.

ئەم گۆڕانکارییانەش بەڕێچکەیەکی سروشتی، لە زەمەنی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، لە زەمەنی گوزەرانی کارەکتەرەکاندا و لە گۆڕانی زەمەنی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن.

(لەپاخین) کە باوک و باپیرانی مسکێن و جووتیاری بنەماڵەی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا بوون، ئێستا ئەو باخچەی گێلاسەکە دەکڕێت. لە بەردەم ئەم واقیعە تازەیەشدا تووشی سەرسووڕمان و ڕاچڵەکین دەبێت:

" من کڕیم! بەس تکایە. چاوەڕێ بکەن بەڕێزان، من سەرم گێژ دەخوات، قسەم بۆ ناکرێت..(پێ دەکەنێ) ئێمە چووین بۆ هەڕاجەکە، دیریگانەڤ پێش ئێمە لەوێ بوو. لیۆنید ئەندرێیچ هەر پازدە هەزاری پێ بوو. هەرچی دیریگانەڤیشە لە سەروو قەرزەکەوە یەکسەر سی هەزاری تریشی دا پێی. کە بینیم کار وای لێ هات من یەکسەر چل هەزارم پێشنیاز





کرد، ئەو چل و پێنجی دا، من کردم بە پەنجا و پێنج. بە کورتییەکەی ئەو پێنج پێنج زیادی دەکرد من دە دە. ئیتر تەواو بوو. لە سەروو قەرزەکەوە من نەوەد هەزارم دا و لەسەر من وەستایەوە. ئێستا باخچەی گێلاسەکە هی منە! هی من! (قاقا لێ دەدات) خوایە گیان، باخچەی گێلاسەکە هی خۆمە! پێم بڵێن من سەرخۆشم، بڵێن شێت بووی، بڵێن خەوە و دەیبینت... (پێ دەدا بە زەوییەکەدا) بەڵام پێم پێ مەکەنن! خۆزگە باوکم و باپیرم لە گۆڕەکەیان دەهاتنە دەرەوە و هەموو ئەوەیان دەدی کە ڕووی داوە. دەیاندی چۆن یەرمۆلا سەرکزەکەی کوڕیان، یەرمۆلا نەخوێندەوارەکەیان، کە زستان بە پێی پەتی دەسووڕایەوە، ئەو یەرمۆلایە ئەمڕۆ موڵکی کڕیوە، موڵکێک کە لە هەموو جیهاندا لەوە قەشەنگتر نییە. من ئەو موڵکەم کڕی کە باوکم و باپیرم تێیدا کۆیلە بوون، ڕێگەیان نەدەدرا بچنە چێشتخانەکەشی. نەخێر وا دیارە من نوستووم ئەمە هەمووی خەوە دەیبینم... ئەمە بەری خەیاڵ و تاریکیی نادیارێتی دای پۆشیوە.. (کلیلەکان هەڵدەگرێتەوە و بزەیەکی نیان دەنیشێتە سەر ڕووی) کلیلەکانی فڕێ دایە سەر زەوییەکە.. دەیەوێ پیشانی بدات کە چیی تر خاوەن ماڵ و کلیلبەدەستی ئەم شوێنە نییە. (زرنگە لە کلیلەکانەوە دەهێنێت).. چۆنی دەوێ با وابێ."

شانۆنامەی " باخچەی گێلاسەکە"

شانۆنامەی "باخچەی گێلاسەکە" بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی تری

چێخەفەوە ئاماژە نییە بۆ کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو، وەک لە شانۆنامەکانی: سێ خوشک، خاڵە ڤانیا، پڵاتۆنەف و تەنانەت باڵندەی دەریاشدا ڕەچاو کراوە، بگرە ئاماژەیەکە بۆ جیهانی ئەو باخچەیە و ئەو خانووە گەورەیەی کە لەم باخچەیەدایە و دەکەوێتە دەرەوەی شارەوە، ڕاستتر دەکەوێتە باوەشی گوندێکەوە کە ئەویش هێماگەلی سروشتە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێوەندییە بەتینەی کە لە نێوان سروشت و خەونەکانماندا هەیە و لەگەڵ ڕۆژگاردا گەورە دەبێت. پانتاییەکانی شوێن، کات و سروشت لە یەک کاتدا کۆ دەکاتەوە: بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا، کاتی منداڵی، پاکیزەیی و بیرەوەرییەکان.

کارەکتەرەکانی " باخچەی گێلاسەکە" پێوەستن بە شوێنەکەوە، بە یادەوەرییەکانەوە، بە ڕابردووەوە و بیرەوەرییەکان کاریگەرییەکی قووڵ و لە بەرچاویان هەیە.

لە هەموو دیمەنێک لە دیمەنەکانی " باخچەی گێلاسەکە"دا ئەتمۆسفێرێکی بەهێز و بارودوخێکی درامیی دەوڵەمەند هەیە، ئەم دەوڵەمەندییەش هێندە لە وتووێژی کارەکتەرەکان و کردەوەکانیاندا بەرجەستە نابێت، هێندەی دەوڵەمەندییەکی بێ سنوور لە ڕونانی ناوەوە و ناواخنی کارەکتەرەکاندا هەیە. لەم قووڵاییەدا غەریزە و هەستە لاشعورییەکان و بنەما جیاوازەکانی دەروونی مرۆڤمان بۆ دەردەکەویت. لەم دەرکەوتنەشدا بەشێوەیەکی سانا و شەفاف، پاکیزەیی، ساکاری و پێوەندییە ویژدانییەکان لەلای هەموو مرۆڤێک تێکەڵاو دەبێت.

ئەمەش بلیمەتیی چێخەفە!

# چەند سەرنجێکی پێویست
# بۆ خوێنەر و دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە!

شانۆگەری " باخچەی گێلاسکە" دوا بەرهەمی ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەفە، کە خۆی وەک کۆمیدیایەک ناوی دەبا، ئەگەرچی شانۆگەرییەکە لە توخمی دراماش بێبەش نییە. یەکێک لە سەختییەکانی کارکردن لەگەڵ شانۆگەرییەکەدا سەختیی ناوەکانە و ئەوەش کە کاتێک نووسەر گفتوگۆکان دەنووسێت زۆر جار ناوی خانەوادەیی کەسایەتییەکان بەکار دەهێنێت، وەک لەپاخین یان پیشیک بەڵام جاری تریش ناوەکانی خۆیان دەنووسێ وەک لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و ئانیا و ڤارا. کەسایەتییەکانیش، وەک لە ڕووسیادا باوە، بەناوی خۆیان و باوکیانەوە یەکتری بانگ دەکەن، بە تایبەتی لە نێوان ئەوانەی لە دوو تەمەنی جیاوازدان یان سەر بە دوو چینی کۆمەڵایەتیی جیاوازن، زۆر جاریش ناوەکان شێوەی کورتکراوە دەگرنە خۆ، بۆ پێشاندانی نزیکی و خۆشەویستی بۆ یەکتر، بەپێی نزیکیی کەسەکانەوە لە یەکتری، بۆ نموونە گایەف بە لوبۆڤ ئەندرییەڤنای خوشکی دەڵی " لوبا" ئەویش لە بری ئەوەی پێی بڵێ " لیۆنید ئەندرێیچ " بە " لیۆنید" یان " لیۆنیا" بانگی دەکات.

کەسایەتییەکان بە ڕاناوی "کۆ" قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بۆ من و بۆ خوێنەریش وا ئاسانتر بوو بیکەم بە ڕاناوی تاک " تۆ" وەک چۆن لە وەرگێڕانە عەرەبی و سوێدییەکەدا کراوە، بەڵام من وام بەچاک زانی



شێوە " کۆ "یەکە بهێڵمەوە چونکە ئەوە ئەو شێوەیەیە کە خەڵکی، لە ڕووسیادا، قسەی لەگەڵ یەکتریدا پێ دەکەن بۆ پێشاندانی ڕێز یان کاتێک قسە لەگەڵ کەسێکی غەریبەدا دەکەن، جگە لەوەش لەم شانۆگەرییەدا، هەر وەکو ئەو سەردەمە باو بووە، ئەم شێوەیە بۆ پێشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسایەتییەکان بەکار هاتووە. ئاغاکان بە" تۆ" قسە لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا دەکەن، بەڵام ئەوان دەبێ بە "ئێوە" وەڵامیان بدەنەوە. ئەم شێوەیە لە چەند شوێنێکی شانۆگەرییەکەدا دراماتیکی گفتوگۆکان قووڵ دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێک ترەفیمەڤ و لەپاخین لەیەک تووڕەن و دەیانەوێ سووکایەتی بە یەکتری بکەن لە " ئێوە"وە دەیگۆڕن بە " تۆ" هەرکە نێوانیشیان کەمێک باش دەبێتەوە دەگەڕێنەوە بۆ شێوەی" ئێوە".

شتێکی تر کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە گایەف چونکە یاریی بیلیارد خولیایەتی، هەر کاتێک هەست بە پاڵەپەستۆیەکی نەفسی بکات یان شەرمەزار ببێت، ڕستەیەک دەڵێت کە هیچ پێوەندییەکی بە باسەکەوە نییە، بگرە سەر بە دنیای بیلیاردە وەک "دوپلییەک بۆ ناوەڕاست" یان "زەردەکە بۆ سووچەکە".

یپیخۆدەف، کە کارمەندێکی بچووکە لە ماڵی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانی بۆیە دەیەوێ قسەی ڕۆشنبیرانە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نییە ڕستەکانی دوور و درێژ و هەندێ جاریش بێ مانا دەردەچن. بۆیە دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم ئەگەر ڕستەی واتان بەرچاو کەوت لە قسەکانی ئەو کەسایەتییەدا، ئەوە هەڵەی وەرگێڕان نییە، بگرە توانای ڕۆشنبیرانەی یپیخۆدەفە و کورتیی هێناوە.

یاشا کە خزمەتکارێکی لاوە، ئەویش پاریسی دیوە و کەمێک لە خۆی

گۆڕاوە و هەموو خەڵکەکە بەنەفام دەزانی، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەوانی تر، ئەوەتا گایەف دەمێک پێی دەڵێ کە بۆنی مریشکی لێ دێت دەمێکیش بۆنی ماسی، کە فرسەتێکیشی بۆ دەلوێ هەموو شەمپانیاکە هەڵدەقوڕێنێ.

بۆ پێشاندانی پێوەندی نێوان ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی لەم شانۆگەرییەدا بەشدارن من ئەو وشانەی سیستیمی دەرەبەگایەتیی خۆمانم بەکار هێناوە، وەک" ئاغا" و "مسکێن"، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو سیستیمەی لە ڕووسیادا هەبووە زیاتر لە کۆیلایەتی چووە و ئاغاکان هەر وەکو مەڕومالات ڕەفتاریان لەگەڵ جووتیارەکاندا دەکرد و دەیانکڕین و دەیانفرۆشتن، ئەمەش ئەگەرچی دیکرێتی ساڵی ١٨٦١ بە ڕەسمی دواییی پێ هێنا. بەڵام لە پراکتیکدا ئاکامەکانی تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش درێژەیان هەبوو. ئەو جووتیارانە بە "موژیک" دەناسران و وشەی موژیک بە مانایەکی تر وەک " پیاو" یان "مرۆڤێکی خاکی و سادە" بەکار دێت.

لەم شانۆگەرییەدا هەندێ وشە باس دەکرێن کە ماناکانیان ڕەنگە زۆر ڕوون نەبن لای خوێنەری هێژا، بۆیە من هەریەکەیانم بە ژمارەیەک دەستنیشان کردووە و لە کۆتاییی شانۆگەرییەکەدا پەردە بە پەردە ڕیزم کردوون و ڕوونم کردوونەتەوە. هیوادارم توانیبێتم کاری خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی شانۆگەرییەکە بۆ خوێنەری هێژا ئاسان بکەم.

وەرگێڕ

# باخچەی گێلاسەکە

کۆمیدیایەک لە چوار بەشدا

**کەسایەتییەکان:**

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا– ژنێکی دەرەبەگی دەوڵەمەند و خاوەن زەویوزار

ئانیا– کچە حەڤدە ساڵەکەی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا

ڤاریا– کچێکی هەڵگیراوەی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا

گایەف لیۆنید ئەندرێیەڤیچ – برای لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا

یەرمۆلای ئەلکسێیەڤیچ لەپاخین– بازرگان

پیۆتر سێرگێیەڤیج ترەفیمەڤ (پێتیا) – قوتابیی زانکۆ

بەریس بەریسەڤیچ سیمیۆنەڤیچ پیشیک – خاوەن موڵک و زەویوزار

شارلۆتە ئیڤانەڤنا– دایەن و مامۆستای ماڵەوە

سیمیۆن پانتیلێیەڤیج یپیخۆدەف– کارگێڕی کۆنتور (مەکتەب)

دونیاشا– کارەکەر

فیرس– پیرە خزمەتکارێکی ٨٧ ساڵە

یاشا – خزمەتکارێکی لاو

ڕێبوارێک

بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر



کارمەندێکی پۆستە

چەند میوانێک، چەند بەردەستێک

بەسەرهاتەکان لە ماڵ و دیوەخانەکەی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێڤسکایا ڕوو دەدات

## پەردەی یەکەم

ژوورێک کە تا ئێستاش هەر بە ژووری منداڵەکان ناو دەبرێت. یەکێک لە دەرگەکانی دەچێتەوە سەر ژوورەکەی ئانیا. کات دەمەوبەیانییە. هاکە خۆر هەڵات.. مانگی ئایارە و دارگێلاسەکان گوڵیان گرتووە، بەڵام هێشتا لە باخچەکەدا ساردە و کزەی بەیانییە. پەنجەرەکانی ژوورەکە داخراون.

دونیاشا بە مۆمێکەوە و لۆپاخین بە کتێبێکەوە دێنە ژوورەوە

**لۆپاخین:** شەمەندەفەرەکە گەیشت، لە خوا بەزیاد بێ. ئەرێ سەعات چەندە؟

**دونیاشا:** تۆزێکی تر دەبێت بە سەعات دوو (مۆمەکە دەکوژێنێتەوە) وا سپێدە دەدات.

**لۆپاخین:** باشە ئەوە شەمەندەفەرەکە چەند سەعات دوا کەوت؟ بەلای کەمەوە دوو سەعاتێک (باوێشکێک دەدات و خۆی دەکێشێتەوە) منیش نامەخوا کارامە بووم.. کەتنێکی باشم کرد! بەتایبەت زوو خۆم گەیاندە ئێرە تا فریای پێشوازییان بکەوم لە وێستگەکە، کەچی بە ئاگا نەهاتمەوە... بە دانیشتنەوە خەو بردمییەوە... چ کەسەرێکە... باشە با تۆ بێدارت بکردمایەوە.

**دونیاشا:** من وام زانی ئێوە بەرێ کەوتبوون (لە پڕ گوێقولاغ دەبێت).. پێ دەچی وا بگەن

**لۆپاخین** (گوێقولاغ دەبێت): نەخێر.. جارێ تا جانتاکان وەردەگرنەوە..



بگرە و بەردە تەواو دەبێت....

بێدەنگییەک

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا پێنج ساڵێکی لە هەندەران بردووەتە سەر، نازانم ئێستا چۆن گۆڕاوە. مرۆڤێکی چاکە، سادە و خۆش مەعشەرە، بیرمە مێرمنداڵێکی پازدە ساڵان بووم، باوکی ڕەحمەتیم ئەو کاتە لە دووکانی دێکەدا کاسپیی دەکرد– بەمشت دای بە دەموچاومدا، خوێنی لووتم پژا... ئێمە بە کارێک هاتبووینە ماڵ و دیوەخانیان، باوکیشم خواردبوویەوە. لە یادمە، هەروەک ئێستا ڕووی دابێت، لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، ئەو کات هێشتا کیژۆڵەیەکی باریکەلانە بوو، دەستی گرتم و بردمیە لای دەستشۆرەکە، هەر ئا لەم ژووری منداڵانەدا "مەگری، پێی دەگوتم، تۆ کوڕە جووتیاریت(١)، پیاوی، گوێی مەدەیێ، تا کاتی زەماوەندت هەر سارێژ دەبێتەوە.."

بێدەنگییەک

کوڕە جووتیار... باوکم ڕاستە جووتیار بوو، بەڵام من خۆم یەلەگێکی سپی لە بەردا و جووتێ پێڵاوی زەرد لە پێدا، وەک دەڵێن لە تڕیکەوە بووبووم بە کوڕێک... ڕاستە دەوڵەمەند و پارەدار بووین بەڵام گەر بەوردی لێی کۆڵیتەوە فەلاح کوڕی فەلاح بووین... (پەڕەکانی کتێبەکەی دەستی هەڵدەداتەوە).. فەرموو ئەوا ئەم کتێبەم دەخوێندەوە... هیچی لێ تێنەگەیشتم. بە دەم خوێندنەوەوە خەوم لێ کەوت.

بێدەنگییەک

**دونیاشا:** سەگەکانیش ئەمشەو هەر نەنوستوون، هەست دەکەن

گەورەی ماڵ بەرێوەن بێنەوە.

**لەپاخین:** ئەی تۆ چیتە، دونیاشا، تۆ بۆ وا....

**دونیاشا:** من دەستەکانم دەلەرزن. هاکە لە هۆش خۆم چووم.

**لەپاخین:** تۆش زیاد لە پێویست دڵ ناسکیت، دونیاشا. هەروەک خانمۆڵەیەکیش خۆت پۆشیوە، ئەی سەیری قژت کە. ئەمەیان نەشیاوە. مرۆڤ دەبێت خۆی لە یاد نەچێتەوە.

یپیخۆدەف بە چەپکێک گوڵەوە خۆی دەکات بە ژووردا، چاکەتێکی لە بەردایە و پۆستاڵەکانی دەبریسکێنەوە و جیڕەیان دێت. لە کاتی هاتنە ژوورەوەیدا چەپکە گوڵەکەی لە دەست دەکەوێتە سەر زەوی.

**یپیخۆدەف** (چەپکە گوڵەکە هەڵدەگرێتەوە): ئەوە باخەوانەکە ناردوویەتی، دەڵی لە ژووری نانخواردنەکە دابنرێت (چەپکە گوڵەکە دەداتە دەست دونیاشا).

**لەپاخین:** پەرداخێک کڤاسیش[۲] بۆ من بێنە.

**دونیاشا:** ئەمرەکەی (دەچێتە دەرەوە)

**یپیخۆدەف:** فەرموو دەمەوبەیانییە، زەوی بەستوویەتی، کەچی گێلاسەکان لە ژێر باری گوڵدا نەویون. ئەم کەشوهەوایەمانم لا پەسند نییە. جا، جەنابی یەرمۆڵای ئەلکسێیچ، با پوختەی مەسەلەکەت بۆ باس بکەم. سێ ڕۆژە ئەم پۆستاڵانەم کڕیوە، کەچی جیڕەیەکی لێوە دێ باوەڕتان بێت پیاو وەڕس دەبێت. باشە پیاو بە چی بۆیاخیان کات؟

**لەپاخین:** دە لە کۆڵم بەرەوە. بێ تاقەتت کردم.



**یپیخۆدەف:** ڕۆژ نییە نەگبەتییەکم بەسەردا نەیەت. بەڵام من ئاخێکی بۆ ناکەم. ڕاهاتووم و بگرە پێش دەکەنم.

دونیاشا دێتەوە ژوورێ، پەرداخە کڤاسەکە دەداتە دەست لەپاخین.

من دەڕۆم (لە کورسییەک هەڵدەنووتێ و کورسییەکە دەخات) ئەوە... (وەک بڵێیت هەستی سەرکەوتنێک لە دەنگیدا بێت) ئەوە چاوتان پێ دەکەوێت، بشبوورن کە وا دەڵێم، چ حاڵێک دەبێت، قسەی خۆمان بێت... بگرە هەر بێ هاوتا دەبێت! (دەچێتە دەرەوە)

**دونیاشا:** یەرمۆڵای ئەلکسێیچ، چی بێت لە تۆ نهێنی، یپیخۆدەف خوازبێنیی کردووم.

**لەپاخین:** ئا ها!

**دونیاشا:** نازانم بڵێم چی.. کابرایەکی بێوەیە، بەڵام هەندێک جار کە دەکەوێتە قسە پیاو لێی تێ ناگات. قسەکانی چاکن، پڕ هەستن، بەڵام لێیان تێ ناگەیت. وەک بڵێیت بەدڵمە. ئەویش شێتی من بووە. مرۆڤێکی بەدبەختە، ڕۆژ نییە شتێکی لێ ڕوو نەدات. لێرە کە بیانەوێ تووڕەی بکەن، هەر بانگی دەکەن: بیست و دوو نەگبەتییەکە....

**لەپاخین** (گوێ ڕادەگرێ): وا دیارە گەیشتن....

**دونیاشا:** وا دێن!.. ئەرێ ئەوە چیمە.. وا هەموو گیانم سارد بووەتەوە.

**لەپاخین:** خۆیەتی. وا دێن. با بچینە پێشوازییان. تۆ بڵێیت بمناسێتەوە؟ پێنج ساڵە یەکترمان نەدیوە.

دونیاشا (لە شپرزەییدا): ئا ئێستا بەلادا دێم.. ئای وا دەکەوم!

دێتە گوێ چۆن دوو گالیسکە لە ماڵەکە نزیک دەبنەوە. لەپاخین و دونیاشا خێرا دەچنە دەرەوە. سەر شانۆکە کەسی لێ نییە. لە ژوورەکانی دەوروبەرەوە دەنگ و غەڵبەغەڵب پەیدا دەبێت. فیرس کە چووبوو بۆ پێشوازی لوبۆڤ ئەندرێیڤنا بەخۆی و گۆچانێکەوە بە خێرایی بە شانۆکەدا تێ دەپەڕێ. جلێکی سەیری خزمەتکارێتیی لە بەردا و کڵاوێکی قووتی لە سەردایە، لە بەرخۆیەوە قسەیەک دەکات بەڵام کەس لە وشەیەکی چییە تێ ناگات.

بگرە و بەردەی پشت پەردەکە تا دێت بەهێزتر دەبێت. دەنگێک دەڵێت: " با بچینە ژووریّ". لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و ئانیا و شارڵۆتە ئیڤانەڤنا کە سەگێکی پەتکراوی پێیە، جلوبەرگی ڕێگەیان پۆشیوە.

ڤاریا پاڵتوی لە بەردایە و لەچکی کردووە، هەروەها گایەف، سیمێۆنەڤ – پیشیک، لەپاخین، دونیاشا بە بوخچەیەک و چەترێکەوە و خزمەتکارێکیش بە جانتاکانەوە– هەموویان خۆیان دەکەن بە ژوورەکەدا.

**ئانیا:** فەرموون با بچینە ژووریّ. دایە لە یادتە ئەمە کام ژوورەیە؟

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا (بە خۆشییەوە و بەچاوی فرمێسکاوییەوە): ژووری منداڵانەکەیە!

**ڤاریا:** چەند ساردە. دەستەکانم تەزیون. (ڕوو دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا) ژوورە سپی و ژوورە مۆرەکەی ئێوەش، دایە، هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ژووری منداڵانەکە، کچی شیرینم، ژوورێکی



قەشەنگە... من کە منداڵ بووم لێرە دەنووستم...(دەگری) ئێستاش من وەک منداڵم لێ هاتووەتەوە...(ماچێکی گایەفی برای و ئینجا ڤاریا دەکات و دیسان ماچێکی تری براکەی دەکاتەوە). ڤاریا هەر وەکو جاران لە ڕاهیبە دەچێت..دونیاشاشم یەکسەر ناسییەوە (ماچێکی دونیاشاش دەکات).

**گایەف:** شەمەندەفەرەکە دوو سەعات دواکەوت. ئەمە چی پێ دەوترێت؟ ئەمە چۆن یاسا و ڕێسایەکە؟

**شارڵۆتە** (بەپیشیک دەڵێ): سەگەکەم گوێزیش دەخوات.

**پیشیک:** دەتۆ بڕوانە!

هەموویان دەچنە دەرەوە، جگە لە ئانیا و دونیاشا

**دونیاشا:** چاومان ڕوا.. هەر دەرنەکەوتن... (پاڵتۆ و شەپقەکە لە ئانیا وەردەگرێ)

**ئانیا:** چوار شەو بەڕێوە بووین و هیچ نەنوستووم،.. ئێستاش زۆر سەرمامە.

**دونیاشا:** ئێوە لە مانگی ڕۆژووی گەورەدا سەفەرتان کرد، ئەو کات سەرما و سۆڵە بوو، بەڵام ئێستا؟ نازدارەکەم! (پێ دەکەنێ و ماچی دەکات) چاوم ڕوا لە ڕێتان، کزەی جەرگەکەم،، ڕووناکیی چاوم... هەر ئێستا باست بۆ دەکەم.. دەقەیەک چییە ناتوانم دان بگرم بە خۆمدا...

ئانیا (بە سستییەوە): دیسانەوە شتێک ڕووی داوە...

**دونیاشا:** پاش جەژنی گەورە یپیخۆدەف خوازبێنیی کردم.

**ئانیا:** تۆش هەر لەسەر بەزمی خۆتی... (قژی خۆی چاک دەکات)... هەموو تەوقەکانی سەرم لێ کەوتووە
(زۆر ماندوو دیارە و تەنانەت لەتر دەدات).

**دونیاشا:** هەرچییەک دەکەم بڕیارم بۆ نادرێ. ئەو منی خۆش دەوێت. زۆری خۆش دەوێم!

**ئانیا** (بە سۆز و نیانییەوە دەڕوانێتە دەرگەی ژوورەکەی): ژوورەکەی خۆم، پەنجەرەکانم، هەر دەڵێی ئێرەم هەرگیز جێ نەهێشتووە. من دیسانەوە لە ماڵی خۆمانم! سبەینێ هەر سپێدەی دا، لە خەو هەڵدەستم و ڕادەکەمە ناو باخەکە... ئای، هەر خەوم لێ بکەوتایە! هەموو ڕێگەکە نەنووستووم! نیگەرانی شەکەتی کردبووم.

**دونیاشا:** سێی ئەم مانگە پیۆتەر سیرگێیچ تەشریفیان هێنا.

ئانیا (بە خۆشییەوە): پێتیا!

**دونیاشا:** لە حەمامەکە دەنوون، هەر لەوێش دەژین، دەڵێن دەترسم جێتان پێ سەغڵەت بکەم (سەیرێکی سەعاتی گیرفانەکەی دەکات) دەبووایە بێدارمان بکردنایەوە، بەڵام ڤەرڤارا میخایەڵەڤنا قایل نەبوو، گوتی بێداری نەکەیتەوە.

ڤاریا دێتە ژوورەوە، ئەڵقەی کلیلەکانی بەپشتێنەکەیەوە هەڵواسیوە.

**ڤاریا:** دونیاشا خێراکە قاوە ئامادە کە، دایە قاوەی دەوێت.

**دونیاشا:** هەر ئا ئێستا (دەچێتە دەرەوە).

**ڤاریا:** سوپاس بۆ خوا کە هاتنەوە. دیسانەوە تۆ لە ماڵەوەیت (بە خۆشەویستییەوە دەست دەهێنێ بە قژی ئانیادا) ڕوحەکەم



هاتووەتەوە! کیژە نازدارەکە هاتووەتەوە!

**ئانیا:** ئازارێکی زۆرم چەشتووە!

**ڤاریا:** دەتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم!

**ئانیا:** من لە یەکەم هەفتەی مانگی ڕۆژوودا سەفەرم کرد، ئەوکاتە سارد بوو. شارڵۆتە هەموو ڕێگە قسەی دەکرد، هونەر و فێڵە سیحرییەکانی خۆی پێشان دەدا. باشە تۆ بۆ شارڵۆتەت کرد بەڕێشی منەوە..

**ڤاریا:** گیانەکەم ئاخر خۆ نەدەکرا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بە تەنیا سەفەر بکەیت!

**ئانیا:** گەیشتینە پاریس، دنیا سەرمایە، بەفرە. فرەنسییەکەم کۆڵەوارە، دایە لە نهۆمی پێنجەم دەژی، دەچمە لای، چەند فرەنسییەکی لا دانیشتووە، چەند خانمێک، پیرە قەشەیەک بە کتێبێکەوە، ماڵەکەش بە دووکەڵ قاند دراوە، بێ سەروبەر و ناڕێکوپێک، ئیتر کۆڵێک دڵم بە دایە سووتا، باوەشم کرد بە سەریدا و توند نووساندم بە سنگمەوە و دڵم بڕوای نەدەهات بەری بدەم.. دوایی ئیتر دایە دەستی دەهێنا بە سەرما و دەگریا.

ڤاریا (بە دەم گریانەوە): بەسە بۆم باس مەکە، باسی مەکە

**ئانیا:** داچەکەی[٣] خۆی لە نزیک مێنتونەوە فرۆشتووە، ئێستا هیچی نەماوە، هیچ. منیش یەک کەپیکم[٤] نەماوە، بە هەزار حاڵ گەیشتینەوە ئێرە. بەڵام دایە تێ ناگات! لە وێستگەی شەمەندەفەر دادەنیشین نان بخۆین، کام خواردنە گرانە ئەوە داوا دەکات. بەخشیشیش بە ڕۆبڵ دەدا. شارڵۆتەش هەروەها.

یاشاش دەیەوێ بە تەنیا نەفەری بۆ داوا بکرێت، هەر مەپرسە! خۆت دەزانی یاشا خزمەتکارەکەی دایەیە، لە گەڵ خۆماندا هێنامانەوە بۆ ئێرە.

**ڤاریا:** بینیم، ئەو بێ چاوڕووە.

**ئانیا:** باشە ئێستا چۆن؟ سووی قەرزەکانتان داوە؟

**ڤاریا:** جا لە کوێوە بیدەین.

**ئانیا:** خوایە گیان، خوایە!

**ڤاریا:** لە مانگی ئابدا خانووەکە و زەوییەکانی دەوروبەری دەفرۆشرێت.

**ئانیا:** ئای خوایە گیان!

**لەپاخین** (سەرێک دەکات بە ژووردا و بۆڕەیەکی گا ئاسای بۆ دەکات): مۆۆ.

(دەچێتە دەرەوە)

**ڤاریا** (بە دەم فرمێسکەوە): ئاخ خۆزگە ئە ئاوا تێم دەسرەواند...

(مشتەکۆڵەی لێ بەرز دەکاتەوە)

ئانیا (بێدەنگ باوەش دەکات بە ڤاریادا): ڤاریا، ئەو هاتووەتە خوازبێنیت؟ (ڤاریا سەری بە نا دەلەقێنێ) ئاخر خۆ ئەو تۆی خۆش دەوێت... چییە ڕازی دڵتان بۆ یەکتری نادرکێنن، چاوەڕێی چی دەکەن؟

**ڤاریا:** من وای بۆ دەچم کە ئەمە هیچی لێ سەوز نابێت. ئەو سەرقاڵە. سەری ناپەرژێتە من.. دە هەر خۆشیم تێ ناگەیەنێت. خوای لەگەڵ بێت، بۆ من زەحمەتە بیشیبینم.. خەڵک و خوا هەمووی باسی زەماوەندەکەمان دەکەن و پیرۆزبایی دەکەن، لە



ڕاستیشدا هیچ لە گۆڕێ نییە.. هەمووی دەڵێیت خەوە..

(تۆنی دەنگی دەگۆڕێت).. بڕۆشەکەی سنگت لە هەنگ دەچێت

**ئانیا** (بە غەمێکەوە): ئەوە دایە بۆی کڕیم (دەچێتە ژوورەکەی خۆی، بە کەیفخۆشییەوە دەکەوێتە قسەکردن، وەک منداڵێک دەدوێ) من بە سواری میزەڵانێکەوە بۆ پاریش فڕیم!

**ڤاریا:** گیانە شیرینەکەمە هاتووەتەوە! کیژۆڵە نازدارەکەمە هاتووەتەوە!

دونیاشا بە جزووی قاوەکەوە گەڕاوەتەوە و قاوە دەم دەکات

(لە نزیک دەرگەکەوە وەستاوە) گیانەکەم من بەم ڕۆژگارە بە ماڵەکەدا دێم و دەچم و خەو دەبینم. تۆم بدایە بە شوو بە پیاوێکی زەنگین، ئیتر دڵم ئارام دەبوو، دەچوومە چۆڵەوانییەک. دواتر دەڕۆیشتم بۆ کیێڤ.. بۆ مۆسکۆ، هەرچی شوێنە پیرۆزەکانە بەسەرم دەکردەوە، هەر دەگەڕام و دەگەڕام. چ نیعمەتێک دەبوو!

**ئانیا:** باڵندەکان کەتوونەتە جریوە لە باخچەکەدا. ئێستا کاتژمێر چەندە؟

**ڤاریا:** دەبێ لە دوو لای دابێت. تۆش دەبێ بنوویت گیانە شیرینەکەم

(بە دەم چوونە ژوورەوە بۆ لای ئانیا) چ نیعمەتێکە!

یاشا بە خۆی و بەتانیەک و جانتایەکی سەفەرییەوە دێتە ژوورێ

**یاشا** (بە گەنجەفەوە شانۆکە دەبڕێت): ڕێگە هەیە لێرەوە تێ پەڕم؟

دونیاشا: هەر بە جارێک ناناسرێنەوە یاشا، چ بیانییەکتان لێ دەرچووە.

**یاشا**: ئەم.. ئەی جەنابتان کێن؟

**دونیاشا**: کاتێک ئێوە لێرە ئۆغرتان کرد من هەر هێندە بووم (نێوانی دەستی و زەوییەکە وەک پێوانەی باڵای نیشان دەدات) من دونیاشای کچی فیۆدەر کەزەێدەڤم. منتان لە یاد نەماوە!

**یاشا**: ئا ها... تۆ خەیاریت! (بە پەلە سەیرێکی ئەملا و لای خۆی دەکات و باوەشی پێدا دەکات، ئەویش هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە و قاپەکە لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە. یاشا خێرا دەچێتە دەرەوە).

ڤاریا (لە ناو دەرگاکەدا پەیدا دەبێت): ئەمەیان چی بوو؟

**دونیاشا** (بە دەم گریانەوە): قاپەکەم شکاند...

**ڤاریا**: هیچ نییە نوقڵانەی خۆشییە.

**ئانیا** (بە دەم هاتنە دەرەوەی لە ژوورەکەی خۆی): دەبێ دایە ئاگادار کەینەوە کە پێتیا لێرەیە.

**ڤاریا**: من ڕام سپاردبوون کە پێتیا بێدار نەکەنەوە.

**ئانیا** (خەیاڵ دەیباتەوە): شەش ساڵ لەمەوبەر باوکە کۆچی دوایی کرد، مانگێکی پێ نەچوو برا بچکۆلە، حەوت ساڵەکەم، لە ڕووبارەکەدا خنکا، دایە بەرگەی نەگرت.. سەری خۆی هەڵگرت.. بێ ئاوڕدانەوە سەری خۆی هەڵگرت (ڕادەچەنێ) ئای چۆن لێی تێدەگەم، خۆزگە دەیزانی چۆن لێی تێدەگەم.

بێدەنگییەک

خۆ پێتیا ترافیمەڤ مامۆستای گریشا بوو، ئەو لەوانەیە بەیادی بهێنێتەوە...



فیرس دێتە ژوورێ، چاکەتێکی لە بەردایە و یەلەگێکی سپی.

**فیرس** (بە بیرنیگەرانییەکەوە بەرەو تاقمی قاوەکە دەڕوات): خانم لێرە نان دەخوات (دەستەوانە سپییەکانی دەکاتە دەست) قاوەکە ئامادەیە؟ (بە ڕەقییەوە لە دونیاشا دەپرسێ) گوێ بگرە! ئەی گێمەڕ؟

**دونیاشا**: ئاخ خوایە گیان... (خێرا دەچێتە دەرەوە)

**فیرس** (سەرقاڵە بە دەوری تاقمی قاوەکەدا): ئای کە تەپۆی... (لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ) لە پاریسەوە هاتوونەتەوە... ئاغاش کاتی خۆی سەفەری پاریسی کردبوو.. بە سواری ئەسپ... (پێ دەکەنێ)

**ڤاریا**: فیرس تۆ باسی چی دەکەیت؟

**فیرس**: چی ئەمر دەفەرموون؟ (بە خۆشییەوە) خانمەکەم گەڕاوەتەوە و ئاواتەکەم هاتە دی! ئیتر بشمرم باکم نییە..(لە خۆشیدا دەگری)

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، گایەڤ، لەپاخین و سیمیۆنەڤ – پیشیک دێنە ژوورێ. سیمیۆنەڤ پیشیک چاکەتێکی بەردار و پانتۆڵێکی فشی شەروالئاسای لە بەردایە، هەرچی گایەڤە کە دێتە ژوورێ باڵەکانی و لەشی وا دەجووڵێنێ وەک بلێیت یاریی بلیارد دەکات.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: بەڕاست چۆن یاری دەکرا؟ ئادەی با بیر کەمەوە... زەردەکە لە سووچەکەدا، دوو پلێتێک بۆ چاڵەکەی ناوەڕاست.

**گایەڤ**: دەیسرەوێنمە سووچەکە! کاتێک بوو من و تۆ لە هەمان ئەم

ژوورەدا دەنوستین، خوشکێ، ئێستاش وا من پەنجا و یەک سالم، دنیایەکی سەیرە...

**لەپاخین:** بەڵێ کات هەر لە خۆیەوە دەڕوا.

**گایەڤ:** کێ؟

**لەپاخین:** کات، دەڵێم کات دەڕوات.

**گایەڤ:** بۆنی عەترێکی هەرزانبەها دێت لەم ناوە.

**ئانیا:** من دەچم بنووم. شەوت شاد دایە (ماچی دایکی دەکات).

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کۆرپە نازدارەکەم. (دەستی ماچ دەکات) پێت خۆشە کە دیسانەوە لە ماڵەوەین؟ من تا ئێستاش نەهاتوومەتەوە سەر خۆم.

**ئانیا:** ماڵئاوا خاڵە.

**گایەڤ** (دەموچاو و دەستەکانی ماچ دەکات): خوا ئاگای لێت بێ. ئای کە لە دایکت دەچیت! (ئینجا ڕوو دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنای خوشکی) دەزانی، لوبا، لەم تەمەنەی ئەمدا تۆش کتومت وابوویت.

ئانیا تەوقە لەگەڵ لەپاخین و پیشیکدا دەکات، دەچێتە دەرەوە و دەرگەکە بە دوای خۆیدا دادەخات.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** زۆر ماندوو بووە.

**پیشیک:** ڕێگەکە دوورە.

**ڤاریا** (ڕووی دەمی دەکاتە لەپاخین و پیشیک): دەڵێن چی بەڕێزان، کاتی ئەوە نەهاتووە بەزیادی کەن؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (پێ دەکەنێ): ڤاریا تۆ هەر لەسەر بەزمی خۆتی



(پەلی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و ماچی دەکات) با قاوەکەم تەواو بکەم ئیتر هەموومان بڵاوەی لێ دەکەین.

فیرس گۆشەیەک دەخاتە بەر پێی.

سوپاس کەسەکەم. من زۆر بە قاوە ڕاهاتووم، شەو و ڕۆژ دەیخۆمەوە. سوپاس پیرەمێردە ئازیزەکەم (ماچێکی دەکات).

**ڤاریا:** دەچم بزانم هەموو شتەکانیان هانیوەتە ژوورێ (دەچێتە دەرەوە).

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** تۆ بڵێی ئەمە ڕاستی بێت و من بم لێرە دانیشتبم (پێ دەکەنێ) ئارەزوو دەکەم لە شوێنی خۆم هەڵپەڕم و باڵ ڕاوەشێنم (بە دەستەکانی ڕوخساری خۆی دەشارێتەوە) ئەی ئەگەر ئەمە هەمووی لە خەودا بێت! خوا ئاگای لێیە من زێدی خۆمم خۆش دەوێ، خۆشەویستییەکی پڕ سۆز، من لە ڤاگۆنەکەوە هیچم نەدەدی، هەر دەگریام و فرمێسک بەرچاومی لێڵ کردبوو (بە دەم فرمێسکەوە) بەهەرحاڵ دەبێ قاوەکەم بخۆمەوە. سوپاس فیرس، سوپاس پیرەمێردە میهرەبانەکەم. من هێندە دڵشادم بەوەی کە تۆ هێشتا لە ژیاندایت.

**فیرس:** پێرێ.

**گایەڤ:** گوێی گران بووە.

**لەپاخین:** من بەم سەعات پێنجی بەیانییە دەبێ بکەومە ڕێ بەرەو خارکەف.[٥] چ کەسەرێکە! من دەمویست زیاتر لەگەڵتاندا بم، قسەتان لەگەڵ بکەم ئێوە هەروەکو پێشوو دڵفڕێنن.

**پیشیک** (بە سەختی هەناسە دەدات): بگرە جوانتریش بوون.. بە پۆشاکی پاریسییەوە. دەبا ئیتر ماڵی من هەر وێران بێت.

**لەپاخین:** ئەوەتا لیۆنیدی براتان من بە کابرایەکی بێ بەند و باو و سادەلەوح دەزانێت، گوایە من دەرەبەگێکی خوێنمژم. بەڵام من گوێ بەوە نادەم. ئەو چی دەڵێ با بیڵێ. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە من وەک جاری جاران جێگەی متمانەتان بم، کە چاوە جوان و یەخسیرگرەکانتان وەک پێشوو لێم بڕوانن. ئای خوای گەورە و میهرەبان ! باوکم مسکێنی باپیرە و بابیشتان بووە. بەڵام ئێوە، بە تایبەتی جەنابتان هێندە چاکەتان هەیە بەرامبەر بە من، کە من هەموو ڕابردووم لە یاد چووەتەوە و ئێوەم وەکو خوشکی خۆم خۆش دەوێت بگرە زیاتر لە خوشکی خۆم.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** من ناتوانم ئۆقرە بگرم و بسەکنێم.. لە توانامدا نییە (بەرزەپێ دەبێت و بەهەڵچوونەوە دێت و دەچێت) دڵم بەرگەی ئەم هەموو خۆشییە ناگرێ.. بەکەیفی خۆتان پێم پێ بکەنن.. من ساویلکە و کاڵفامم.. ئای دۆڵابە ئازیزەکەم... (ماچی دۆڵابەکە دەکات) مێزە گچکەکەی خۆم.

**گایەڤ:** کە تۆ لێرە نەبووی دایەنەکەش مرد.

لوبۆڤ ئەندرییەڤنا (دادەنیشێ و قاوەکەی دەخواتەوە): ئا، بەهەشت جێگەی بێت... بۆیان نووسیم.

**گایەڤ:** ئەناستاسیش مرد. "پیتروشکا خێلە"ش لای من ڕۆیشت و ئێستا لای بەرێوەبەری پۆلیس دەژی. (قوتوویەکی پڕ لە نوقوڵ لە گیرفانی دەردەهێنێ و یەکێک دەخاتە دەمی و دەیمژێ).

**پیشیک:** داشینکای کچم سڵاو و ڕێزی هەیە بۆتان.

**لەپاخین:** حەز دەکەم قسەیەکی خۆش و دڵشادکەرتان بۆ بکەم



(سەیرێکی سەعاتەکەش دەکات) من ئێستا لەسەر سەفەرم، کاتم هێندە نییە قسە بکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە یەک دوو وشەدا بیبڕمەوە.. بێگومان ئاگەدارن کە باخچەی گێلاسەکەتان لە بری قەرزەکانتان لەسەر فرۆشتنە، ڕۆژی بیست و دووی مانگی هەشتیان بۆ فرۆشتنەکەی داناوە. بەڵام ئێوە خۆتان نیگەران مەکەن، ئازیزم، بە ئارامییەوە خەوی خۆتان بکەن، مەسەلەکە چاری هەیە... جا فەرموون ئەمە پرۆژەکەی منە. تکایە سەرنج بدەن! زەویوزارەکەی ئێوە هەر بیست فرسەخێک لە شارەوە دوورە، هێڵی شەمەندەفەریش لە تەکییەوە تێ دەپەڕێ، جا ئەگەر باخچەی گێلاسەکە و زەوی لای ڕووبارەکە کوت کوت بکرێ و بدرێن بەکرێ تا داچەیان لەسەر دروست بکرێ، دواتر بەکرێ بدرێن بە گەشتیارەکانی هاوین ئەوا دەستکەوتی ساڵانەتان بە لای کەمەوە بیست و پێنج هەزار دەبێت.

**گایەڤ:** بمبەخشە، بەڵام ئەمە چ قسەیەکی بێ سەروبەرە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** من بەباشی لە مەبەستتان ناگەم، یەرمۆڵای ئەلکسێیچ!.

**لەپاخین:** ئێوە دەتوانن بۆ هەر هێکتارێک زەوی، ساڵانە بیست و پێنج ڕۆبڵ لە میوانە هاوینییەکان بسەنن، خۆ ئەگەر لە ئێستاوە ئاگەداری بڵاو بکەنەوە، ئەوا بەڵێنتان دەدەمێ کە تا پایز قولنجە زەوییەکیشتان نامێنێ بەکرێ نەدرابێت، هەمووی دەقۆزرێتەوە. بە کورتییەکەی، پیرۆزباییتان لێ دەکەم، ئێوە ڕزگارتان بووە. شوێنەکەتان بێ هاوتایە، ڕووبارەکە قووڵە.

بێگومـــان دەبێت هـەندێک شت لاببــرێت و دەســـتـــێک بە زەوییەکاندا بهێنرێ.. بۆ نموونە هەمـوو بینا کۆنەکان تەخت بکرێن، با بڵێین ئەم خانووە کە بە دەردی هیچ ناخوات، باخچە کۆنی گێلاسەکەش ببڕدرێتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ببڕدرێتەوە؟، دەسا بمبەخشە ئازیزم بەخوا ئێوە سەر لە هیچ دەرناکەن. خۆ ئەگەر لەم ناوچەیەدا شتێک هەبێت مـــایەی ســـەرنج و بگرە قـــەشـــەنگ بێت، ئەوە هـەر باخی گێلاسەکەی ئێمەیە.

**لەپاخین:** تاکە شتێکی ئەم باخە کە مایەی سەرنج بێت ئەوەیە کە زۆر گەورەیە. ئاخر گێلاس هەر دوو ساڵ جارێک بەر دەگرێت، ئەو بەرهەمەشی نازانن چی لێ بکەن. کەسێک نییە بیکڕێ.

**گایەڤ:** لە یادت نەچێ کە تەنانەت لە " فەرهەنگی ئینسکلۆپێدی"شدا ناوی ئەم باخە هاتووە.

**لەپاخین:** ئەگەر ڕێگەیەک نەدۆزینەوە و هەنگاوێک نەنێین ئەوا بیست و دووی مـانگ باخـەکـەش و مـوڵک و مـاڵاتـەکـەی تریش هەڕاج دەکرێن. جا ئیـتر بڕیاری خۆتان بدەن. هیچ چارەیەکی تریش نییە، حەز دەکەن سوێندتان بۆ دەخۆم. نەبووە و ناشبێت.

**فیرس:** سەردەمی کۆن، چل پەنجا ساڵێک لەمەوبەر، گێلاسیان وشک دەکــردەوە، دوایی لە ئاودا دەیانخــوســاند و مــورەبایان لێ دروست دەکرد. جاری واش هەبوو..

**گایەڤ:** دە تۆ بێدەنگ بە، فیرس.

**فیرس:** جاری واش هەبوو ئەو گێلاسە وشکەیان بار دەکرد بۆ مۆسکۆ و خارکۆف. جا ئەوسا پارە هەبوو! ئەو گێلاسە وشکەش نەرم،



ئاودار و پڕ تام و بۆن بوو... فێڵێکیان لێ دەکرد...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەی ئەو فێڵە ئێستا کەوتووەتە کوێوە؟

**فیرس:** لە یاد چووەتەوە، ئێستا کەسێک نییە بیری کەوێتەوە.

**پیشیک** (ڕووی پرسیار دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا): پاریس چۆن بوو؟ بۆقتان خوارد؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** تیمساحم زۆر خوارد.

**پیشیک:** مەعقوولە...!

**لەپاخین:** تا ئێستا گوندەکە هەر ئاغا و مسکێنەکانی تێدا بووە، بەڵام ئێستا داچە کرێگرتەکانیش پەیدا بوون. ئێستا هەرچی شارەکانە، بگرە شارە بچووکەکانیش بە داچە چواردەورە دراون. دەتوانم بڵێم لە ماوەی بیست ساڵێکدا ژمارەی ئەو داچە کرێگرتانە بەشێوەیەکی خەیاڵی زیاد دەکات. ئێستا ڕەنگە کابرا لە پێش هەیوانەکەی خۆی هەر خەریکی چاخواردنەوە بێت، بەڵام ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا، لەو زەوییە یەک هێکتارییەی خۆیدا ڕوو بکاتە وەرزێریش، جا ئەو کاتە باخی گێلاسەکەی ئێوەش دەبووژێتەوە و پڕ بەرەکەت دەبێت.

گایەڤ (بە بێزارییەوە): قسەی بێ مانا!

ڤاریا و یاشا دێنە ژوورەوە

**ڤاریا:** دایە گیان، دوو تێلیگرامتان بۆ هاتبوو (کلیلی دۆڵابەکە لە ناو کلیلەکانی تردا دەدۆزێتەوە و، زرمەیەک لە دۆڵابەکە هەڵدەستێنێ و دەیکاتەوە) فەرموو ئەوەتان.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** لە پاریسەوە هاتوون (هەردووکیان، بێ ئەوەی

بیانخوێنیتەوە، دەدڕێنێ) من و پاریس تەواو.

**گایەڤ:** باشە لوبا دەزانیت تەمەنی ئەو دۆلابە چەندە؟ هەفتەی پێشوو چەکمەجەکەی خوارەوەیم ڕاکێشا، دەبینم لەسەر بنەکەی چەند ژمارەیەک داخ کراون. ئەم دۆلابە سەد ساڵی ڕێکە دروست کراوە؟ ها؟ چۆن شتێکە؟ پیاو دەشێ جەژنی یۆبیلی بۆ بگێڕێ. با شتێکی بێ گیانیش بێت، بەڵام، بەڵام بەهەرحاڵ دۆلابی کتێبە. (دەست بەدۆلابەکەدا دەهێنێ) ئەی دۆلابە ئازیز و پڕ ڕێزەکە، من وجوودت بەخێر دێنم، ئەو وجوودەی وا سەدەیەک زیاترە لە خزمەتی ئیدیالی پرشنگداری چاکە و دادپەروەریدایە؛ بانگەوازی بێدەنگانەی تۆ بۆ کارکردنی پڕ بەرهەم ماوەی سەدەیەکە لاواز نەبووە و (ئینجا ئیتر بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە) لە ناخی نەوەکانماندا پشتگیریی چابووکی و بڕوابوون بە ئایندەیەکی باشترت ڕاگرتووە و، لە گیانماندا ئیدیاڵی چاکە و بە ئاگاییی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەکەیت.

بێدەنگییەک

**لەپاخین:** بەڵێ...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** لیۆنیا، تۆ هەروەکو خۆتی.

**گایەڤ** (کەمێک بە شەرمەزارییەوە): لە تۆپەکەی ناوەڕاستەوە بۆ سووچەکە! دەیخەمە چاڵەکەی ناوەڕاستەوە!

**لەپاخین** (دیسانەوە دەڕوانێتە سەعاتەکەی): منیش ئیتر کاتی ڕۆیشتنمە.

**یاشا** (دەرمانەکان دەداتە دەستی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا): بەشکم خانم ئێستا دەرمانەکانی بخوات..



**پیشیک:** ئازیزم مرۆڤ پێویستی بە دەرمان خواردن نییە... دەرمان نەسوود دەبەخشێ بە مرۆڤ نەزیان.. ئادەی بێنە بزانم.. خانمە بەڕێزەکەم (دەرمانەکانی لە دەست وەردەگرێ و ڕۆیان دەکاتە سەرلەپی دەستی، فوویەکیان لێ دەکات و دەیانخاتە دەمییەوە و تۆزێ ئاویان دەکات بەسەردا و قووتیان دەدات)

ئاو بێنە و دەست بشۆ!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بەترس و حەپەسانەوە): هەر بەجارێک شێت بوون!

**پیشیک:** هەموو حەبەکانم خوارد.

**لەپاخین:** ئەوەیە گەدە!

هەموو پێ دەکەنن

**فیرس:** جەنابیان لە جەژندا لامان بوو، نیو سەتڵ خەیاریان خوارد.. (بۆڵەیەکی لێوە دێت)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوە باسی چی دەکات؟

**ڤاریا:** ئەمە سێ ساڵە هەر بۆڵەی دێت. ڕاهاتووین لەگەڵیدا

**یاشا**: ئاخر تەمەنیشی هەیە.

شارلۆتە ئیڤانوڤنا باریکەلە و بەکراسێکی ئاودامانی سپییەوە کە بە پشتێنێک شەکەت دراوە، بە لارنێتێکی[٦] لە ناوقەد توندکراو شانۆکە دەبڕێ.

**لەپاخین:** دەبێ بمبوورن، شارلۆتە ئیڤانەڤنا، فریا نەکەوتم چاک و چۆنیتان لەگەڵ بکەم (هەوڵ دەدا دەستی ماچ کات)

**شارلۆتە** (دەستی دەکێشێتەوە دواوە): ڕێگەتان بدرێ دەست ماچ

کـەن، ئینجـا ئارەزووی مـەچەک مـاچکردن دەکـەن، دواتـریش خۆتان بۆ لای شان و مل دەکوتن.

**لەپاخین:** بەخوا وا دیارە ئەمڕۆ بەختم نایهێنێ.

هەموو پێ دەکەنن

شارلۆتە ئیڤانەڤنا دە سیحرێکمان بۆ بکە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ڕاست دەکات سیحریکمان بۆ بکە!

**شارلۆتە:** پێویست ناکات، من خەوم دێت (دەچێتە دەرەوە)

**لەپاخین:** سێ هەفتەی تر یەک دەبینینەوە (دەستی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ماچ دەکات) ماڵئاوا، خواتان لەگەڵ. ئیتر کاتی ڕۆیشتنە (بە گایەڤ دەڵێ) بە ئومێدی دیدار (ئەملا و لای پیشیک ماچ دەکات) ماڵئاوا.

(دەستی بۆ ڤاریا درێژ دەکات، ئینجا بۆ فیرس و یاشا) هیچ ئارەزووی ڕۆیشتنم نییە.

(ڕوو دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا) ئەگەر بیرتان لە مەسەلەی داچەکان کردەوە و گەیشتنە بڕیارێک هەواڵم بدەنێ. قەرزی پەنجا هەزارێک پەیدا دەکەم. بە جیدی بیری لێ بکەنەوە.

**ڤاریا** (بە توورەییەوە): دە بڕۆن ئیتر!

**لەپاخین:** وا دەڕوم.. دەڕۆم... (دەچێتە دەرەوە)

**گایەڤ:** چ دەمڕووتێکە. هەرچەندە داوای لێبووردن دەکەم.. ڤاریا شووی پێ دەکات.. کابرا دەستگیرانی ڤاریایە.

**ڤاریا:** خاڵە شتی نابەجێ مەڵێ.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** جا بۆ نا، ڤاریا، من زۆرم پێ خۆش دەبێت. ئەو مرۆڤێکی باشە.



**پیشیک:** ڕاستت دەوێ، مرۆڤێکی تا بڵێی شایستەیە، داشای کچیشم دەڵێ... شتی جۆراوجۆر دەڵێ (لێرەدا پرخەی لێ بەرز دەبێتەوە و هەر یەکسەریش بە ئاگا دێتەوە) بەلام دەزانن چی، خانمە زۆر بەڕێزەکەم، دوو سەد و چل ڕۆبڵێکتان بە قەرز بدامایەتی.. سبەینێ دەبێ سووی ڕەهنەکەم بدەم.

ڤاریا (بە ترس پێشاندانێکەوە): نیمانە.. نیمانە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** من هەر بەڕاستی هیچم نییە.

**پیشیک:** دە پەیدا دەبێ (پێ دەکەنێ) من هیچ کاتێک هیوا نابڕم. لە خەیاڵی ئەوە دابووم کەوا هەرچی هەیە لە دەستم چووە، بەرباد بووە، کەچی لە پڕ هێڵی شەمەندەفەریان بە زەوییەکانی مندا ڕاکێشا... بڕێ پارەم وەرگرت. کێ دەزانێ ڕەنگە شتێک ڕوو بدات، ئەمڕۆ نا سبەینێ، لەوانەیە دوو سەد هەزار بباتەوە.. داشینکای کچم بلیتێکی یانسیبی کڕیوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** قاوەکەم خواردەوە، ئیتر کاتی ئەوەیە بچم ڕاکشێم.

**فیرس** (بە فلچەیەک گایەڤ دەتەکێنێ و مامۆستا ئاسا سەرزەنشتی دەکات): دیسانەوە پانتۆڵێکتان لە پێ کردووە کە ناگونجێت. نازانم چۆن لەگەڵتاندا ڕەفتار بکەم!

**ڤاریا** (بە دەنگێکی نزمەوە): ئانیا نووستووە (بێدەنگ پەنجەرەکە دەکاتەوە) وا خۆریش هەڵهاتووە، سارد نییە. دایە گیان بڕوانە درەختەکان چەند پڕ سیحرن! خوایە گیان، ئەی هەواکە بۆ ناڵێیت! گوێ شل کە چۆن ڕیشۆڵەکان دەچریکێنن.

**گایەڤ** (پەنجەرەکەی تر دەکاتەوە): باخەکە سەرتاپا سپی دەچێتەوە.

خۆ لە یادت نەچووەتەوە، لوبا؟ ئا ئەو درەختەڕێیە هەر دەڵێی پشتێنێکە ڕاکشاوە و لە مانگەشەواندا دەبریسکێتەوە. لە یادت ماوە؟ خۆ بیرت نەچووەتەوە؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە باخەکە): ئای سەردەمی منداڵیم، سەردەمی بێگەردیم! لەم ژووری منداڵانەدا دەنووستم و لێرەوە سەیری ناو باخەکەم دەکرد، هەموو بەیانییەک بەختیاری لەگەڵ مندا چاوی هەڵدەهێنا، باخەکەش هەروەکو ئێستا وا بوو هیچ نەگۆڕاوە (لە خۆشیدا پێ دەکەنێ) سەرتاپا سپی، سپی دەچووەوە! ئای باخەکەم! پاش پایزێکی تاریکی بەباران و زستانێکی سەخت، دیسانەوە تۆ لاو و پڕ کامەرانیت، فریشتەکانی ئاسمان ڕوویان لێ وەرنەگێڕاویت.. بەس بمتوانیایە ئەو تاشەبەردەی سەرسنگم و شانەکانم لابردایە.. بەس بمتوانیایە ڕابردووم لە یاد کەم!

**گایەڤ:** بەڵێ، چەند سەیرە، وا ئێستاش باخەکە بە بۆنەی قەرزەکانەوە خەریکە لە دەست دەچێ....

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** تەماشا کەن، دایکی ڕەحمەتیم، بە کراسە سپییەکەیەوە، بە باخەکەدا دەڕوات (لە خۆشیدا پێ دەکەنێ) ئەوە ئەوە.

**گایەڤ:** کوا، لە کوێیە؟

**ڤاریا:** دە ماڵت ئاوا بێت دایە گیان.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کەسی لێ نییە. هەروا هاتە پێش چاوم، لەلای ڕاستەوە کە پێچ دەکاتەوە بەرەو کەپرەکە، درەختێکی سپی چەماوەتەوە، هەروەک ئافرەتێک دێتە پێش چاو.





ترافیمەڤ بە قاتێک جلی کۆنی قوتابییانی زانکۆوە و بە چاویلکەیەکەوە دێتە ژوورێ.

چ باخێکی نازدارە! ئەو هەموو گوڵە سپییە، ئەو ئاسمانە شینە...

**ترافیمەڤ**: لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا!

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕوو بەلایدا وەردەگێڕێ و دەیبینێ

من هەر هاتووم سڵاوتان لێ بکەم و هەر ئێستاش دەڕۆم (بە گەرمی دەستی ماچ دەکات) من ڕێنوێنی کرابووم تا بەیانی چاوەڕێ بکەم، بەڵام بە خوا سەبرم پێ نەگیرا.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا بە سەرسامی و تێنەگەیشتنێکەوە لێی دەڕوانێ.

**ڤاریا** (بە دەم فرمێسکەوە): ئەوە پێتیا ترەفیمەڤە.

**ترەفیمەڤ:** من پێتیا ترەفیمەڤی مامۆستای جارانی گریشای کوڕتانم... ناشێ ئێجگار وا گۆڕابم؟

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا باوەشی پێدا دەکات و بێدەنگ دەگری

**گایەڤ** (بە شڵەژاوییەوە): دەباشە لوبا.. بەسە... ئیتر بەسە.

ڤاریا (بە دەم گریانەوە): خۆ من پێم گوتن، پێتیا، چاوەڕێ بکەن تا بەیانی.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کوڕی خۆم.. گریشا.. کۆرپە ئازیزەکەم.. کوڕی خۆم...

**ڤاریا:** چیمان لە دەست دێ، دایە گیان، ویستی خوایە.

**ترەفیمەڤ** (بە نەرمی و قوڕگی بەگریانەوە): بەسە.. بەسە

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بێدەنگ دەگری): کوڕەکەم مرد.. خنکا.. ئاخر لە

پای چی؟ پێم بڵێ کەسەکەم بۆچی؟

(بە دەنگێکی نزمترەوە) ئەوە ئانیاش لەوێ نووستووە، منیش بە دەنگی بەرز دەدوێم و.. کردومەتە هەڵڵا... ئەی پێتیا تۆ چی؟ تۆ بۆ وا تێک شکاویت و پیر دەنوێنی.

**ترەفیمەڤ:** لە ڤاگۆنی شەمەندەفەرەکەدا پیرێژنێک بە "ئاغای سەر ساف" بانگی دەکردم.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوسا هەر زۆر منداڵ بوون، قوتابییەکی ڕێکوپێکی زانکۆ بوون. ئێستاش قژتان تەنک بووە و، چاویلکە لە چاودا. خۆ ناشێ تا ئێستاش هەر قوتابی بن؟ (بەرەو دەرگەکە دەچێت)

**ترەفیمەڤ:** پێ دەچێ من قوتابیی هەمیشەیی بم.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ماچێکی براکەی دەکا، ئینجا ماچێکی ڤاریا): ئێوەش بچن بنوون.. تۆش پیر بوویت، لیۆنید.

**پیشیک** (بەدوای ئەودا دەڕوات): ئاخ بە دەست ئەم ئازاری جومگانەمەوە[٧]. من لای ئێوە دەمێنمەوە.. بەڵام ڕوحەکەمی، لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، ئەگەر سبەی بەیانی دوو سەد و چل ڕۆبڵێکتان بە قەرز بدامایەتێ.

**گایەڤ:** جا ئەمەش لە بەزمی خۆی ناکەوێ.

**پیشیک:** هەمووی دوو سەد و چل ڕۆبڵە.. بۆ دانەوەی سووی ڕەهنەکەیە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** پارە شک نابەم ئەزیزم.

**پیشیک:** پێتانی دەدەمەوە.. ئەوە پارەیەکی هێندە زۆریش نییە.



**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** دەباشە، لیۆنید دەتانداتێ.. لیۆنید.. تۆ پارەکەی پێ بدە.

**گایەڤ:** ئەی چۆن، هەر ئێستا، گیرفانتم بۆ بکەرەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەی چار چییە، بیدەرێ.. پێویستییەتی.. دەیداتەوە.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، ترەفیمەڤ، پیشیک و فیرس دەچنە دەرەوە، هەر گایەڤ و ڤاریا و یاشا دەمێننەوە

**گایەڤ:** خوشکم لە پیشەی خۆی نەکەوتووە، پارە تەخشان و پەخشان بکات. (ڕوو دەکاتە یاشا) چاوەکەم تۆش دوور کەوە لێم، بۆنی مریشکت لێ دێت.

**یاشا** (بە بزەیەکی پڕ تەوسەوە): ئێوەش، لیۆنید ئەندرێیچ، جەنابتان چۆن بوون هەروا ماونەتەوە.

**گایەڤ:** کێ؟ (ئینجا لە ڤاریا دەپرسێ) ئەوە گوتی چی؟

**ڤاریا** (بە یاشا دەڵێ): دایکت لە لادێوە هاتووە، لە دوێنێوە، لە ژووری بەردەستەکان چاوەڕێیە، دەیەوێ بتبینێ.

**یاشا**: جا چیی لێ بکەم!

**ڤاریا:** ئەی کە بێ شەرمی!

**یاشا**: وەک بڵێیت زۆر پێویستم بێت. دەیتوانی بەیانی بێت (دەچیتە دەرێ)

**ڤاریا:** دایە چۆن بووە هەر وەکو خۆیەتی. بە دەست ئەو بێ هەرچی هەیە و نییە بیبەخشێتەوە

**گایەڤ:** دەزانم، وایە...

بێدەنگییەک

ئەگەر نەخۆشییەک دەرمانی زۆری بۆ نووسرا، ئەوە بزانە کە ئەو نەخۆشییە چاری نییە. من بیر دەکەمەوە، مێشکی خۆم دەگوشم، هەزار و یەک چارەم لایە، کە لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێ کە تاکە چارەیەکیشم لا نییە. شتێکی باش دەبوو میراتێکمان بۆ بەجێ بمایە، یان ئانیامان بدایە بە شوو بە کابرایەکی دەوڵەمەند، شتێکی باش دەبوو پیاو سەفەرێکی یارەسلاڤلی[8] بکردایە و بەختی خۆی لای پوورە کۆنتێسەکەمان تاقی کردایەتەوە. ئەو سامانێکی زۆر زۆری هەیە.

**ڤاریا** (دەگری): هەر خوا دەرووییەکی لێ بکردینایەوە.

**گایەڤ:** گریانی ناوێ. پوورێمان زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام چارەی ئێمەی ناوێت. یەکەم لەبەرئەوەی لوبۆڤی خوشکم شووی کرد بە پارێزەرێکی هاکەزایی لە ڕەشە خەڵکەکە، نەک بە نەجیبزادەیەک...

ئانیا لە ناو دەرگەکەدا دەردەکەوێت

شووی کرد بەیەکێک کە نەجیبزادە نەبوو، بە شێوەیەکیش ڕەفتار دەکات کە ناکرێ بڵێین زۆر بە حورمەتانەیە. ئەو ئافرەتێکی باشە، دەست و دڵ چاکە، من تا بڵێی خۆشم دەوێت، بەڵام پیاو هەرچەند بیەوێ بەلایدا دای شکێنێ و بەهانەی بۆ بێنێتەوە، ناتوانێ نکووڵیی ئەوە بکات کە ئافرەتێکی گوناهکارە. ئەوەش لە بچووکترین هەڵسوکەوتیدا بەدی دەکرێ.

**ڤاریا** (دەچرپێنێ): ئانیا لە ناو دەرگەکەدا وەستاوە.

**گایەڤ:** چی؟



بێدەنگییەک

سەیرە شتێک کەوتووەتە چاوی ڕاستم، ئێستا بەباشی پێی نابینم. پێنجشەمەش کە لە دادگەی ناوچە بووم..

ئانیا دێتە ژوورەوە

**ڤاریا:** بۆچی نەنووستی ئانیا؟

**ئانیا:** ناتوانم، خەوم لێ ناکەوێت.

**گایەڤ:** گیانە شیرینەکەم (دەموچاو و دەستەکانی ئانیا ماچ دەکات) کۆرپە ئازیزەکەم...(چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک) تۆ هەر خوشکەزام نیت، تۆ فریشتەی فریادڕەسی منی، تۆ بۆ من هەموو شتێکیت. باوەڕم پێ بکە، بەڕاستمە، بەڕاست.

**ئانیا:** خاڵە من باوەڕم پێتە. خەڵک هەموو تۆیان خۆش دەوێت، ڕێزت لێ دەگرن.. بەڵام خاڵی شیرینم.. تۆ وا چاکە بێدەنگ بیت... بێدەنگ. هەر ئێستا چیت دەگوت دەرهەق بە دایکم، دەرهەق بە خوشکەکەی خۆت؟ باشە بۆ ئەو قسەیەت کرد؟

**گایەڤ:** ڕاست دەکەیت، ڕاست (بە دەستەکانی ئانیا دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ) بە ڕاستی شتێکی ترسناکە! ئای خوایە گیان! خوایە بە هانامەوە بێ! ئەمڕۆش گوتارم بۆ دۆڵابەکە دەدا.. چەند کارێکی بێ مێشکانە بوو! هەرکە لێش بوومەوە ئینجا تێ گەیشتم چەند بێ مانا بوو.

**ڤاریا:** ڕاست دەکات خاڵە، وا چاکترە قرقەپی لێ بکەیت، بێدەنگ بە لە هەمووی چاکترە.

**ئانیا:** ئەگەر بێدەنگ بیت سەرت ڕەحەتترە.

**گایەڤ:** بێدەنگ دەبم (دەستی ئانیا و ڤاریا ماچ دەکات) بێدەنگ دەبم. بەڵام با بێینەوە سەر مەسەلەکەی خۆمان. پێنجشەمە لە دادگەی ناوچەیی بووم چەند کەسێک بووین کۆ بووبووینەوە و کەوتینە قسە و باس و هەریەکە لە ئاشێکمان دەگێڕا، جا پێ دەچێ بتوانین قەرزێکی بە کومپیالە پەیدا بکەین و سووی قەرزەکانی پێ بدەینەوە.

**ڤاریا:** پەنا بە خوا!

**گایەڤ:** دووشەمە دەچمەوە، جارێکی تریش قسەیان لەگەڵ دەکەم (بە ڤاریا دەڵێ) مەگری (ئینجا بە ئانیا دەڵێ) با دایکت قسە لەگەڵ لەپاخیندا بکات، ئەو بێگومان دەست نانێت بە ڕوویەوە... تۆش هەرکە حەوایتەوە سەفەر بکە بۆ یارەسلاڤل بۆ لای کۆنتێسەی نەنکت.. ئیتر ئاوا لە هەرسێ لاوە لە هەوڵدا دەبین- کارەکە هەر مەیسەر دەبێ. من دڵنیام سووەکەمان پێ هەڵدەسوورێ... (نوقڵێک دەخاتە دەمییەوە) جا حەز دەکەیت بە شەرەفم، بەچی دەتەوێ سوێندت بۆ دەخۆم، کە ئەم موڵکە نافرۆشرێت!
(بە هەڵچوونەوە) بە بەختیاریی خۆم سوێند دەخۆم! ئەوە دەستم، بە خوێڕی و بێ شەرەف ناوم بێنە گەر بهێڵم ئەو هەراجکردنە سەر بگرێت! بە گیانم سوێند دەخۆم!

**ئانیا** (مەزاجی هێور بووەتەوە و ئێستا دڵشادە): خاڵە تۆ چەند دڵت باشە، چەند دانا و زیرەکیت!
(باوەش دەکات بە خاڵیدا) من ئێستا دڵم ئارام ئارامە! من بەختەوەرم.

فیرس دێتە ژوورەوە



**فیرس** (بە سەرزەنشتەوە): لیۆنید ئەندرێیچ ترسی خواتان لە دڵدا نییە! باشە کەی دەنوون؟

**گایەڤ:** ئێستا، هەر ئێستا، تۆ بڕۆ، فیرس، من هەر چۆنێک بێت جلەکانی خۆم دەگۆڕم، منداڵینە ئێوەش بای بای... سبەینێ وردەکارییەکان باس دەکەین.. ئێستا بچن بنوون (ماچی ئانیا و ڤاریا دەکات) من کوڕی هەشتاکانم.. ئێستا بە باشە باسی ئەو سەردەمە ناکرێت، بەڵام هێندە دەتوانم بڵێم کە من لەسەر بیروباوەڕی خۆم کەمم نەچێشتوە لە ژیاندا. هەر وا لەخۆڕا مسکێنەکان منیان خۆش ناوێت.. پیاو دەبێت لە ناخی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە بگات، پیاو دەبێت بزانێت، چۆن..

**ئانیا:** خاڵە دەستمان پێ کردەوە!

**ڤاریا:** خاڵە بێدەنگی لێ کە!

**فیرس** (بە تووڕەیییەوە): لیۆنید ئەندرێیچ!

**گایەڤ:** باشە، وا دێم، وا دێم.. بڕۆن ڕاکشێن. لە دوو لاوە بەرەو ناوەڕاست. ئینجا تەقەی لێ هەڵەستێنم.. (دەچێتە دەرەوە، فیرسیش بە دوایدا دەڕوات).

**ئانیا:** من ئێستا ئاسوودەم. من کەیفم نایە بچم بۆ یارەسلاڤل، هێندە چارەی نەنکەم ناوێت، بەڵام بەهەرحاڵ من ئاسوودەم... کاری خاڵم ڕاست بێت (دادەنیشێ).

**ڤاریا:** دەبێ بنووین، دەڕۆم. کە تۆ لێرە نەبوویت شتێکی ناخۆش ڕووی دا. خۆت دەزانی لە ژووره کۆنەکەی خزمەتکارەکان، هەر بە ساڵاچووەکانیان مابوونەوە وەکو: یەفیموشکا، پۆلیا، یڤستگنێی و کارپ. تەمەس شەوانە خەڵکی غەریبەیان لای

خۆیان گل دەدایەوە– من سەرەتا قسەم نەکرد. کەچی قسەم بەرگوێ دەکەوتەوە کە گوتبوویان گوایە من دەستوورم داوە هەر نۆکیان دەرخوارد بدەن، گوایە لەبەر چرووکی خۆم.. هەمووشی فیتی یڤستگنێیی بوو. منیش وتم مادام وای لێ هات ڕاوەستە بۆم. وەڵڵا ئیتر یڤستگنێیم بانگ کردە لای خۆم.. (باوێشکێک دەدات) هات.. ئەرێ وتم یڤستگنێیە بێ مێشک تۆ چۆن... (لە ئانیا ورد دەبێتەوە!) ئانچکە!...

بێدەنگییەک

خەوت لێ کەوت!...(دەچێتە ژێر باڵی ئانیا) با بڕۆین.. بچۆ سەر جێگەکەت (پەلی ڕادەکێشی) ڕوحەکەم خەوی لێ کەوتووە! دەڕۆین.

دەڕۆن

دوور لە باخەکەوە دەنگی شمشاڵی شوانێک دێتە گوێ

ترەفیمەڤ شانۆکە دەبڕی، کاتێک چاوی بە ئانیا و ڤاریا دەکەوێ ڕادەوەستێ

وس... نووستووە.. خەوی لێ کەوتووە... با بڕۆین گیانەکەم

**ئانیا** (بە دەنگێکی نزمی نیمچە نووستووەوە): من زۆر ماندووم.. دەنگی ئەو هەموو زەنگولانە... خاڵە گیان... دایەش و.. خاڵەش...

**ڤاریا:** با بڕۆین، دڵەکەم، با بڕۆین... (دەچنە ژوورەکەی ئاناوە)

**ترەفیمەڤ** (بە هەستیارییەکەوە): ئای خۆرەکەی خۆم! ئای بەهارەکەم

پەردە دادەرێتەوە



## پەردەی دووەم

کێڵگەیەک. کڵێسەیەکی کۆنی داڕووخاو کە دەمێکە جێ هێڵراوە، لە نزیکیەوە بیرێک، چەند تاشەبەردێکی گەورە کە پێ دەچێ بەردی گۆڕ بووبن، قەنەفەیەکی کۆن. ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر کۆشک و ماڵەکەی گایەڤ، لە تەنیشتەوە بە بەرزاییەکەوە دەوەنێک بۆر دەکاتەوە: لەوێوە باخچەی گێلاسەکە دەست پێ دەکات. لە دوورەوە ڕیزێک ستوونی تەلیگراف دەبینرێ، لە دووری دووریشەوە لە ڕێکی ئاسۆدا شارێکی گەورە لێڵ و وێڵ خۆی دەنەخشێنێ و، تەنیا کە هەوا خۆش و ڕووناکە بە باشی دەبینرێ.

کەمێکی تر خۆر ئاوا دەبێت. شارلۆتە، یاشا و دونیاشا لەسەر قەنەفەکە دانیشتوون؛ یپیخۆدەڤ لە تەنیشتەوە وەستاوە و گیتار لێ دەدات؛ هەموو دانیشتوون و خەیاڵیان ڕۆیشتووە. شارلۆتە شەپقەیەکی سەربازیی کۆنی لە سەردایە، تفەنگەکەی لە شان داگرتووە و خەریکە ئاوزەنگی قایشەکە چاک دەکات.

**شارلۆتە** (بە دەم خەیاڵەوە): من پاسپۆرتێکی ڕێکوپێکم نییە، نازانم تەمەنم چەندە و وا دەزانم هێشتا هەر گەنجم. کاتێک کە کچۆڵەیەک بووم، دایک و باوکم بە بازاڕی نێوان شارەکاندا دەگەڕان و نمایشیان دەکرد، نمایشەکانیان زۆر خۆش بوون منیش تەقلەی مەرگم لێ دەدا و شتی ترم نمایش دەکرد. کە دایە و بابەش مردن، خانمێکی ئەڵمانی منی گرتە خۆی و کەوتە

فێرکردنم. بەهەرحاڵ گەورە بووم و ئیتر ڕووم کردە دایەنی. بەڵام من کێم و لە کوێوە هاتووم، نازانم.. دایک و باوکم کێ بوون، نازانم ڕەنگە هەر بە شەرعیش ژن و مێرد نەبووبن (لە گیرفانی خەیارێک دەردەهێنێ و دەست دەکات بە خواردنی)

هیچم لێ ئاشکرا نییە.

بێدەنگییەک

هێندە تامەزرۆی ئەوەم قسە بۆ یەکێک بکەم... بەڵام کەسێک شک نابەم، من کەسم نییە.

**یپیخۆدەف** (بە دەم گیتار لێدانەوە گۆرانی دەڵێ): "چیمە لە دنیای جەنجاڵ... چیمە لە دۆست و دوژمن" بەخوا ماندۆلین[٩] لێدان خۆشە.

**دونیاشا:** ئەوە گیتارە نەک ماندۆلین (سەیری ئاوێنەکەی دەستی دەکات و ڕووی خۆی بۆدرە دەکات)

**یپیخۆدەف**: بۆ عاشقێکی عەقڵ فەوتاو ئەمە ماندۆلینە (دەکەوێتەوە گۆرانی گوتن): " گەر عەشقێکی بە ئاکام گەرمی دەدا بەم دڵەم" یاشا بۆی دەسێنێتەوە

**شارڵۆتە:** پەحا کە دەنگیان ناخۆشە.. لە لوورەی چەقەڵ دەچێت.

**دونیاشا** (بە یاشا دەڵێت): چ بەختیارییەکە پیاو بکەوێتە هەندەران!

**یاشا** : ڕاستە وایە... ناتوانم قسەکەتان نەسەلمێنم (باوێشکێک دەدات، دوایی جگەرەیەک پێ دەکات)

**یپیخۆدەف:** ئاشکرایە. لە هەندەران لە هیچیان کەم نییە.

یاشا: قسەی تێدا نییە.. وایە.

**یپیخۆدەف:** من کابرایەکم ڕۆشنبیر، کتێبی پڕ بەهای جۆراوجۆر



دەخوێنمەوە، بەڵام هەرچەند دەکۆشم خۆشم تێ ناگەم ئارەزووی چی دەکەم، لە ژیاندا بەردەوامبم، یان فیشەکێک بنێم بە خۆمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دەمانچەیەکم پێیە. فەرموو ئەمەتا..(دەمانچەکەی پێشان دەدا)

**شارڵۆتە:** من تەواو بووم ئیتر دەڕۆم (تفەنگەکە دەکاتەوە بە شانیدا) یپیخۆدەف تۆ کابرایەکی زۆر زیرەکی و زۆریش ترسناکی؛ دەبێ ژنان هەموویان شێت و شەیدات بووبن. بڕڕڕڕ! (دەڕوات) بە کورتییەکەی ئەم خەڵکە زیرەکە هێندە زیرەکیش نین، کەسێک نییە پیاو قسەی لەگەڵدا بکات.. هەمیشە تاک و تەنیا... کەسێکم نییە.. کەس نازانێ من بوونم چییە و... بۆچی دەژیم (لەسەرخۆ دوور دەکەوێتەوە)

**یپیخۆدەف:** ڕاستت دەوێ، ئەگەر هەموو شتێکی تریش بخەمە ئەولاوە، دەبێ ئەوە بڵێم کە چارەنووس زۆر دڵڕەق بووە لە ئاستی مندا، هەروەک گەردەلوول لە ئاست کەشتییەکی بچکۆلەدا. با بڵێین من هەڵەم، باشە بۆچی، بۆ نموونە، ئەم بەیانییە هەر چاوم کردەوە جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاحم لەسەر سنگی خۆم بینی.. ئا ئەمەندە دەبوو (بەهەردوو دەستی گەورەییی جاڵجاڵۆکەکە پیشاندەدا)، یان تینووتە دەتەوێ بە پەرداخێک کڤاس تینوویەتیی خۆت بشکێنێ، کەچی فلێق شتێکی تا بڵێی قێزەوەنی تێ کەوتووە، بۆ نموونە قالۆنچەیەک.

بێدەنگییەک

ئێوە "بەکڵ"تان[١٠] خوێندووەتەوە؟

بێدەنگییەک

زەحمەت نەبێ، دونیاشا خانم، حەزم کرد دوو قسەتان لەگەڵ بکەم.

**دونیاشا:** فەرموو

**یپیخۆدەف:** ئەگەر بە ئەرک نابێ بۆتان، حەز دەکەم دوو بە دوو قسەتان لەگەڵ بکەم (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ).

**دونیاشا** (بە شڵەژاوییەوە): باشە بەڵام لە پێشدا سوخمەکەم بۆ بێنە. لەلای دۆڵابەکەوەیە، هەست دەکەم ئێرە تۆزێ شێی هەیە.

**یپیخۆدەف:** باشە.. هەر ئێستا دەیهێنم.. ئێستا دەزانم چی لە دەمانچەکەم بکەم (گیتارەکە هەڵدەگرێت و بە دەم گۆرانی گوتنەوە دەڕوات)

**یاشا:**... قسەی خۆمان بێت ئەم "بیست و دوو نەگبەتییە "زەلامێکی نەفامە (باوێشک دەدات).

**دونیاشا:** خوا نەکات دەستی بچێتە خۆی و فیشەکێک بنێ بەخۆیەوە.

بێدەنگییەک

من زۆر نیگەران و بێ تاقەتم. من هێشتا کچۆڵەیەک بووم برامە لای ئاغاکانمان و من ئێستا ژیانی ساکارم لە یاد چووەتەوە، سەیری دەستەکانم کە، سپی سپین، دەڵێی دەستی کچە خوا پێداوەکانن، من ئێستا ناسک بوومەتەوە و فێری نەریتی ڕێکوپێک و ئوسووڵ بووم، ئێستا سڵ لە هەموو شتێک دەکەمەوە.. هەموو شتێک ترسناک دێتە بەرچاوم، جا یاشا، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆ نەبن و بمخڵەتێنن نازانم چیم لێ بەسەر دێت، ڕەنگە شێت ببم.

**یاشا** (ماچی دەکات): گیانە شیرینەکەم! بێگومان هەموو کچێک



پێویستە ئاگای لە خۆی بێت، من خۆم لە هەموو شتێک زیاتر ڕقم لە کچێک دەبێتەوە کە ڕەوشتی باش نەبێ.

**دونیاشا:** من پڕ بە دڵ خۆشم ویستوون، ئێوە هێندە ڕووناکبیرن کە دەتوانن لە هەموو باسێک بدوێن.

بێدەنگییەک

**یاشا** (باوێشک دەدات): بەڵێ بەڕای من: ئەگەر کچێک عاشقی کەسێک بێت کەواتە بێ ڕەوشتە.

بێدەنگییەک

خۆشە لەم هەوا پاکەدا سیگارێک بکێشیت... (گوێ ڕادەگرێ).. وا بەرەو ئێرەش دێن.. گەورەکانمانن دێن.

دونیاشا بە گەرمی باوەشی پێدا دەکات

بڕۆنەوە بۆ ماڵێ.. وا خۆتان پێشان بدەن کە چوون بۆ چەمەکە مەلە بکەن، ئا لەم ڕێیەوە بڕۆن ئەگینا لووتتان دەبێ بەلووتیانەوە و، دەکەونە گومانەوە وەک بڵێیت من ژووانم هەبووە لەگەڵتاندا. شتی وام بۆ قبووڵ ناکرێت.

دونیاشا (بە دەنگێکی نزم دەکۆکێت): من سەرم کەوتە ژان بەهۆی ئەم سیگارەوە.. (دەڕوات)

یاشا دەمێنێتەوە و لە نزیک کڵێسەکەوە دادەنیشێ. لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و گایەڤ و لەپاخین دێنە ژوورەوە.

**لەپاخین:** دەبێ بڕیاری کۆتایی بدرێت، کات لەسەرتان ناوەستێ. مەسەلەکەش هەمووی بێ مانایە. ئایا ئێوە ئامادەن زەوییەکەتان بدەن تا داچەی تیادرووست بکرێت؟ تەنیا یەک وەڵامم بدەنەوە: ئا یان نا؟ تەنیا یەک وشە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوە کێیە لێرە ئەو سیگارە پیسانە دەکێشێت.. (دادەنیشێ)

**گایەڤ:** ئەوەتا هێڵی شەمەندەفەرییان ڕاکێشاوە و ئێستا هاتوچۆ زۆر خۆش و ئاسان بووە (ئەویش دادەنیشێ) لەم ڕۆژانەدا چووین بۆ شار و قاوەڵتییمان لەوێ کرد.... زەردەکە لە ناوەڕاستدا! جارێ فریاکەوتمایە، بچوومایەوە ماڵێ دەستێک بیلیاردم بکردایە...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** فریادەکەویت...

**لەپاخین:** تەنیا یەک وشە! (دەپاڕێتەوە) وەڵامێکم بدەنەوە!

**گایەڤ** (باوێشک دەدا): کێ؟ چی؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (سەیرێکی جزدانەکەی دەکات): دوێنێ پارەیەکی زۆرم پێ بوو، ئەمڕۆ هەر بە جارێک کەمم پێ ماوە. ڤاریا کەساسەکەم هەر بۆ ئەوەی دەست بە پارەوە بگرێت شوربای شیر دەرخواردی هەموومان دەدات، پیرەمیرد و پیرێژنەکانی چێشتخانەکەش هەر نۆکیان دەدرێتێ..کەچی منیش مەسرەفێکی بێ مانا دەکەم! (جزدانەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارێ، لیرەکانی ناوی بڵاو دەبێتەوە). فەرموو هەمووی بڵاو بووەوە (زۆر پێی ناخۆشە)

**یاشا**: ڕێگەم بدەن هەر ئێستا هەموویان کۆدەکەمەوە (دەکەوێتە کۆکردنەوەی پارەکان).

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** یاشا بە ئەرکی مەزانن. باشە من بۆ چووم بۆ قاوەڵتیکردن. لەو ڕێستۆرانە بۆگەنەتان کە سەر مێزەکانی بۆنی سابوونیان لێ دەهات. باشە لیۆنا ئەو هەموو



خواردنەوەیە بۆ ؟ ئەو هەموو خواردنە بۆچی؟ ئەی ئەو هەموو قسەیە؟ ئەمڕۆش لە ڕیستۆرانەکە دیسانەوە قسەی دنیات کرد و هەمووشی قسەی بێ جێ. باسی ساڵانی حەفتاکان و باسی دیکادینیزم[۱۱]، جا لەگەڵ کێشدا؟ لەگەڵ کرێکاری ڕێستۆرانەکە باسی ئەدەبی داڕمان دەکەی

**لەپاخین:** ڕاستە.

**گایەڤ** (دەست ڕادەوەشێنێ): من تازە چاک نابم.. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە.. (ئینجا بە تووڕەییەوە قسە لەگەڵ یاشا دەکات) پێم ناڵێیت بۆ بەردەوام لەم ناوەدا خول دەخۆیت..

**یاشا** (پێ دەکەنێ): ناتوانم پێ نەکەنم کە گوێم لە دەنگتان دەبێت

**گایەڤ** (ڕوو دەکاتە خوشکی): سا یان من یان ئەو لێرە دەبێ..

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** بڕۆن یاشا، لێرە مەبن..

**یاشا** (جزدانەکە دەدات بە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا): هەر ئێستاکە دەڕۆم (بەزۆر خۆی ڕادەگرێ لەوەی پێ بکەنێ) هەر ئێستا..(دەڕواتە دەرێ).

**لەپاخین:** دێریگانەڤی پارەدار بە نیازە مولکەکەتان بکڕێ. دەڵێن خۆی لە فرۆشتنەکەدا ئامادە دەبێت.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** باشە ئێوە لە کوێوە ئەمەتان بیستووە؟

**لەپاخین:** لە ناو شار باسیان دەکرد.

**گایەڤ:** پوورەکەی یارەسلاڤمان بەڵێنی داوە پارە بنێرێ، بەڵام کەی و چەند دەنێرێ ئاشکرا نییە...

**لەپاخین:** باشە چەند دەنێرێ؟ سەد هەزار؟ دوو سەد هەزار؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** دە- پازدە هەزاریشی بناردایە هەر ماڵی ئاوابێ.

**لەپاخین:** بمبەخشن کە دەڵێم خەڵکی وەکو ئێوە سەیر و خەمسارد و دەستوپێ سپیم نەدیوە. بە زمانێکی ڕاست و ڕەوان پێتان دەگوترێت موڵکەکەتان دەفرۆشرێت، کەچی ئێوە تێ ناگەن

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەی دە باشە چی بکەین؟ فێرمان کە چی بکەین باشە؟

**لەپاخین:** من هەموو ڕۆژێک فێرتان دەکەم. هەموو ڕۆژێک هەمان قسەتان بۆ دەکەمەوە و دەڵێم چ باخچەی گێلاسەکە و چ زەوییەکە دەبێت بدرێ بەکرێ بۆ داچە دروستکردن، تا زووە ئەمە بکەن تا هەمووی هەڕاج نەکراوە! تێ بگەن! هەرکە بڕیاری ئەوەتان دا داچە دروست بکرێت، ئەو کاتە چەندتان پارە بوێت وەری دەگرن و لەم کێشەیە ڕزگارتان دەبێت

لوبوڤ ئەندرێیەڤنا: لە دڵی مەگرن بەڵام بە خوا داچە و خاوەن داچە هێندە نزم دێتە بەرگوێ

**گایەڤ:** لەمەدا سەد دەر سەد لەگەڵتدام.

**لەپاخین:** من یا ئەوەتا یەخەی خۆم دادەڕم، یان دەکەومە هاوار، یان لە هۆش خۆم دەچم، ئێوە ڕوحتان دەرهێناوم! (ڕووی دەمی دەکاتە گایەڤ) هەی سەرژنانی!

**گایەڤ:** کێ؟

**لەپاخین:** وەڵڵا تۆ، سەرژنانیت! (دەیەوێت بڕوا)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بە ترسێکەوە): نا، نا مەڕۆن چاوەکەم، بووەستن تکاتان لێ دەکەم، بەشکم بیر لە چارەیەک هەر بکەینەوە.



**لەپاخین:** بیر لە کام چارە بکەینەوە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** مەڕۆن تکاتان لێ دەکەم، لەگەڵ ئێوەدا هەرچۆنێک بێت ئاسانترە.

بێدەنگییەک

من هەر چاوەڕانی ئەوەم شتێک ڕوو بدات، وەک بڵێیت هاکە ماڵەکە بە سەرماندا داڕمێ

**گایەڤ** (لەوپەڕی بیر ڕۆیشتندا): دووپلێیەک بۆ سووچەکە... کروازییەک بۆ چاڵەکەی ناوەڕاست.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** گوناهیشمان کەم نییە...

**لەپاخین:** دەبێ ئێوە گوناهتان چی بێت...

**گایەڤ** (نوقڵێک دەخاتە دەمییەوە): دەڵێن من هەرچی حاڵوماڵم هەبووە لە نوقڵدا سەرفم کردووە (پێ دەکەنێ).

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** گوناهی من.. گوناهی من ئەوەیە کە من هەمیشە پارەم تەخشان و پەخشان کردووە، هەروەک شێتێک بووبم، ئەو کابرایەی شووشم پێ کرد هەر فریای ئەوە دەکەوت قەرز بکات. مێردەکەم شەمپانیا کوشتی- خواردنەوەکەی لەوەدا نەبوو- بۆ نەگبەتیی منیش دڵم چوو بەپیاوێکی تردا و لەگەڵیدا پێکهاتم، هەر لەو سەرودەمەدا بوو یەکەم سزای خۆم وەرگرت، بەڵایەک لە تەوقی سەری دام، هەر ئا لەم ڕووبارەدا کوڕە بچکۆڵەکەم خنکا.. ئیتر من بەرەو هەندەران ملی ڕێگەم گرت، بە یەکجاری وڵاتم جێ هێشت، بۆ ئەوەی جارێکی تر چاویشم بەم ڕووبارە نەکەوێتەوە. من چاوم دادەخست، ڕام دەکرد و هۆشم لای خۆم نەمابوو کەچی" ئەویش" هەر بە دوامەوە بوو، چ بێ بەزەییانە و

نزم بوو. له نزیک مۆنتێن ڤیللایەکم کڕی، چونکە " ئەو" لەوێ نەخۆش کەوت، ئیتر سێ ساڵی ڕەبەق، نەشەو و نەڕۆژ، سرەوتم نەبوو، نەخۆشییەکەی ژیانی تاڵ کردم، من وشک بوومەوە. پاریش کە ئیتر ڤیللاکەمانیان لە بری قەرزەکان فرۆشت، من چووم بۆ پاریس، لەوێ وارووێخی داتەکاندم و ئینجا ئافرەتێکی تری پەیدا کرد و لەگەڵیدا ڕێک کەوت، ئیتر من ویستم خۆم دەرمانخوارد بکەم.. چ کارێکی بێ مێشکانە و چەند مایەی شەرمەزارییە... ئیتر لە پڕ دڵم بۆ ڕووسیا لێی دایەوە، بۆ نیشتمانەکەم، بۆ لای کچەکەم...(فرمێسکەکانی دەسڕێت) دەخوایە گیان.. خوایە، بەزەییت پێمدا بێتەوە.. لە گوناهەکانم خۆش ببە. لەوە زیاتر سزام مەدە! (تێلیگرامێک لە گیرفانی دەردەهێنێ) فەرموو ئەمەم ئەمڕۆ لە پاریسەوە پێ گەیشتووە.. داوای لێبووردنم لێ دەکات و دەپاڕێتەوە بگەڕێمەوە لای... (تێلیگرامەکە دەدڕێنێ) دەڵێی لە شوێنێکەوە دەنگی مۆسیقایە دێتە گوێم (گوێ ڕادەگرێ).

**گایەڤ:** ئەوە تیپی مۆسیقا بەناوبانگەکەی جووەکانە. لە یادتە، چوارکەمان و فلۆیتێک و کونترەباسێک بوون.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** بۆ هێشتا هەر ماون؟ پیاو بانگی بکردنایە ئێرە، ئێوارەئاهەنگێکیان بۆ ساز کردینایە.

**لەپاخین** (گوێ ڕادەگرێ): کوا نابیسترێت (لە بەرخۆیەوە گۆرانییەک دەڵێتەوە) ئەڵمان بۆ پارەی ڕووسەکە، دەبنە فرەنسی (پێ دەکەنێ) ئای دوێنێ چ شانۆگەرییەکەم تەماشا کرد.. ئای کە پێ کەنیم.



**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** بڕوا ناکەم هێندە خۆشیش بووبێت، دە ئێوە لە بری ئەوەی سەیری شانۆگەری بکەن جاروبارێک سەیرێکی خۆتان بکردایە، ئێوە ژیانتان هێندە بێ تامە و خۆشتان هێندە زیا دەڵێن.

**لەپاخین:** ئەوەیان ڕاستە، دەبێ دانی پێدا بنێین، ژیانمان ژیانێکی شێتانە و بێ مانایە...

بێدەنگییەک

باوکم کابرایەکی مسکێنی نەفام بوو، منیشی فێری هیچ نەکرد، هەر بەسەرخۆشی بەدارێک دەکەوتە گیانم و بێرازی دەکردم، لە ڕاستیدا منیش بە هەمان شێوە گۆلک و نەفامم، شتێک بە ڕێکوپێکی فێر نەبووم، دەستوخەتم دەڵێی شەڕەپشیلەیە، کە دەنووسم شەرمم لە خۆم دێت.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** دۆستی ئازیزم کاتی ئەوەتانە هاوسەرێک بدۆزنەوە.

**لەپاخین:** وایە.. ئەوە ڕاستە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** هەر دوور نەڕۆین، ڤاریای خۆمان، تا بڵێی کچێکی سەلار و سەنگینە.

**لەپاخین:** وایە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کچێکی سادە و لەش سووکە بەم ڕۆژگارە کار دەکات، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئێوەی خۆش دەوێت، دەزانم ئێوەش دەمێکە دڵتان پێوەیە.

**لەپاخین:** جا بۆ نا؟ من هیچم نییە لە دژی ئەو پێشنیازە.. دەزانم کچێکی باشە.

بێدەنگییەک

**گـايەڤ:** من پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردووم لە بانکێک دەست بەکار بکەم.. مووچەکەی شەش هەزارە لە ساڵێکدا... گوێت لێمە؟

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئیشی وا بدەن بە تۆ؟ دە دانیشە توخوا!

فیرس دێتە ژوورەوە، پاڵتۆیەکی پێیە

**فـیرس** (ڕووی قسەی لە گـایەڤە): گەورەم بە ئەرک نەبێ لاتان، ئەمە بدەن بە شانتاندا، هەواکەی شێدارە

گایەڤ (پاڵتۆکە لە بەردەکات): بە خوا، برام، بێزارت کردم..

**فیرس:** هیچ نییە، ئەم بەیانییەش بە ڕێ کەوتن و قسەشتان نەکرد (سەرنج لە گایەڤ دەدات)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** فیرس چەند پیر بوویت!

**فیرس:** چی دەفەرموون؟

**لەپاخین:** دەڵێن، کە تۆ پیر بوویت.. پیر، فیرس!

**فـیرس:** من دەمێکە لە ژیاندام، ئەو سەردەمەی بەنیاز بوون ژنم بۆ بێنن، هێشتا باوکی ڕەحمەتیتشان لەدایک نەبووبوو.. (پێ دەکەنێ) کاتێکێش مسکێنەکان لە خزمەت ئازاد کران، من بووبووم بە سەردەستەی خزمەتکاران و ڕازی نەبووم سەربەست ببم و لێرە لە خزمەتی ئاغاکانمدا مامەوە....

بێدەنگییەک

بیرمە هەموو دڵشاد و بەختەوەر بوون، لە پای چی، خۆیشیان نەیاندەزانی چی.

**لەپاخین:** جاران زۆر باش بوو، هیچ نەبێ دارکاریکردن هەبوو.



**فـیرس** (قسەکە خراپ دەبیستێ): ئەی چۆن، جاران مسکێنەکان دەیانزانی چۆن لە خزمەت ئاغاکاندا هەڵسوکەوت بکەن و ئاغاکانیش دەیانزانی چی بکەن دەرهەق بەمسکێنەکان، ئێستاش هەمووی شێواوە بەسەر یەکدا، سەر لە هیچ دەرناکەیت.

**گایەڤ:** بیبڕەوە فیرس. سبەینێ دەبێ بچم بۆ شار. بەڵێنیان پێ داوم بە ژانەراڵێکم بناسێنن، کە قەرز دەدات بە کومپیالە.

**لەپاخین:** هیچی لێ سەوز نابێت، باوەڕم پێ بکە، ئێوە سووی قەرزەکەشتان بۆ نادرێتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کوڕە وڕێنە دەکات، ئەوەی پێی بگوترێت جەنەراڵ لە ئارادا نییە.

ترەفیمەڤ، ئانیا و ڤاریا دێنە ژوورەوە

**گایەڤ:** ئەوا ئەوانیش هاتن.

**ئانیا:** دایە دانیشتووە.

**لوبۆڤ ئەندرێیـەڤنا** (بە سۆزەوە): وەرن، وەرنە ئێرە، ئازیزەکانم (باوەش دەکات بە ئانیا و ڤاریادا) ئەگەر دەتانزانی چەندم خۆش دەوێن. وەرنە تەنیشتمەوە، وەرن.

هەموویان دادەنیشن

**لەپاخین:** قوتابییە هەمیشەییەکەشمان هەر بەدوای کیژەکانەوەیە.

**ترەفیمەڤ:** ئەوە پێوەندی بە ئێوەوە نییە.

**لەپاخین:** وا دەبێت بە پەنجا ساڵ، کەچی هەر قوتابییە.

**ترەفیمەڤ:** ئەو شۆخییە بێ مانەیەتان ببڕێننەوە.

**لەپاخین:** چییە، شێتە، تووڕە بوویت؟

**ترەفیمەڤ:** ئاخر واز بێنە، سەر مەکەرە سەرم

**لەپاخین** (پێ دەکەنێ): بۆم هەیە لێتان بپرسم، ئێوە چۆن لە من گەیشتوون؟

**ترەفیمەڤ:** من، جەنابی یەرمۆلای ئەلکسێیەڤیچ، ئاوا لە جەنابتان دەگەم: ئێوە کابرایەکی دەوڵەمەندن، بەم زووانە دەبنە ملیۆنێر، جا وەک چۆن ئاژەڵێکی دڕندە، بۆ دەورەی سروشت پێویستە، کاتێک هەرچی دەکەوێتە بەردەمی دای دەپاچێت، ئێوەش بە هەمان شێوە پێویستن.

هەموو پێ دەکەنن

**ڤاریا:** پێتیا، چاکتر وایە باسی هەسارەکانمان بۆ بکەن.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** نا، با باسەکەی دوێنێ ئێوارەمان تەواو کەین.

**ترەفیمەڤ:** باسی چی بوو؟

**گایەڤ:** باسی مرۆڤی پڕ شانازی.

**ترەفیمەڤ:** ئێمە دوێنێ قسەمان زۆر کرد بەڵام نەگەیشتینە ئاکامێک. بە باوەڕی ئێوە مرۆڤێک کە شانازی تێیدا بەرجەستە بێت، پڕە لە جۆرە نهێنییەک، ڕەنگە بە شێوەیەک ئێوە لەسەر هەقیش بن. بەڵام ئەگەر سانا بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، بێ ئەملا و ئەولا، ئەوا دەبێ بڵێین شانازیی چی، شانازی چ مانایەکی هەیە، ئەگەر مرۆڤ لە ڕووی فیزیۆلۆجییەوە بنیاتی خەوشدار بێت، ئەگەر بەشی هەرە زۆری خەڵک ساویلکە و نەفام و بەدبەخت بن، ئەوا پێویستە لەوە گەڕێین بە خۆمانەوە بنازین. تەنیا شتێک کە پێویست بێت خەریکی بین، کارکردنە.



**گایەڤ:** جا سەرەنجام هەر دەمریت.

**ترەفیمەڤ:** کێ دەزانێ؟ یان دەبێ وشەی- هەر دەمریت- مانای چی بێت؟ ڕەنگە مرۆڤ خاوەنی سەد هەست بێت و لە کاتی مەرگدا تەنیا پێنج هەستی بۆ نادیار ئێمە لە ناو بچێت و نەوەد و پێنجەکەی تر بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئای پێتیا چەند زیرەکن!

**لەپاخین** (بە لاقرتێیەوە): هەر مەپرسە!

**ترەفیمەڤ:** مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و تواناکانی خۆی پەرە پێ دەدا، هەموو ئەو شتانەی ئەمڕۆ دەستمان پێیان ناگات، ڕۆژێک دێت، نزیک و بەردەست دەبن و لێیان تێ دەگەین، تەنیا شتێک کە پێویست بێت کارکردنمانە، یارمەتیی ئەوانە بدەین کە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن. لای ئێمە، لە ڕووسیا، ئەوانەی کە کار دەکەن، تا ئێستا، ژمارەیان زۆر کەمە، بەشی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی من دەیانناسم بەدوای شتێکدا ناگەڕێن، کارێک ناکەن و زۆر نامۆن بە ماندوویەتی کارکردن، خۆیان بەڕۆشنبیر ناوزەد دەکەن کەچی لەگەڵ کەسانی بەردەستەیاندا بە "تۆ" قسە دەکەن و لەگەڵ مسکێنەکاندا وەک ئاژەڵ ڕەفتار دەکەن، خوێندنیان خراپە، شتێکی جیدی ناخوێننەوە، دەستەوستان دانیشتوون و هەر بە قسە باسی زانیاری دەکەن، لە هونەر سەر دەرناکەن. هەمووشیان جیدی دەنوێنن، سیمایان شێلگیریی لێ دەبارێت، هەر باسی شتە گرینگەکان دەکەن، فەلسەفە تاووتوێ دەکەن، لە کاتێکدا کرێکاران بە بەرچاویانەوە خواردنێک دەخۆن کە

هەر ژەهرە، سەرین لە ژێر سەریاندا نییە، سی چلێکیان لە ژوورێکدا دەژین، کێچ و ئەسپێ دای ڕزاندوون و پیسی و بۆگەنی و دارمانی ڕەوشت چواردەوری تەنیون.. پێ دەچێ هەموو گفتوگۆ و مشتومڕێکی باشیشمان هەر بۆ ئەوە بێت کە خۆڵ بکەینە چاوی خۆمان و خەڵکی تریشەوە... دەپێم بڵێن کوا ئەو باخچەی ساوایانەی وا هەردەم لەسەر زاری هەمووانە، کوا هۆڵی خوێندنەوەکانمان؟ مەگەر هەر لە ڕۆمانەکاندا باس بکرێن، لە ڕاستیشدا وجوودیان نییە، ئەوەی هەیە و نییە هەر پیس و پۆخڵی و بێ مانایی و دواکەوتوویی ئاسیاوییانەیە.. من لە سەر و فەساڵی جیدی سڵ دەکەمەوە و خۆشیم پێیان نایەت، لە گفتوگۆی جیدی دەپرینگێمەوە. چاکتر وایە هەر بێدەنگ بین.

**لەپاخین:** وەک دەزانن من بەیانییان کاتژمێر پێنج ڕاست دەبمەوە، هەر لە بەیانی تا ئێوارە کار دەکەم، پارەی خۆم و خەڵکی تریش هەڵدەسووڕێنم، دەشزانم خەڵکەکەی دەوروبەرم کێن و چین. دەست بدەرە هەر کارێک ئەوسا تێ دەگەیت کە خەڵکی دەستپاک و سەرڕاست چەند کەمن. جاروبار کە خەوم دەزڕێ بیر دەکەمەوە و دەڵێم:" دە خوایە گیان تۆ ئەم هەموو دارستانە بێ سنوورە، ئەم هەموو کێڵگە فراوانانە و ئەم هەموو ئاسۆ بەرینەت پێ بەخشیوین، ئێستاش کە لە لێرەدا دەژین، دەبوا خۆشمان دێوئاسا، بەڕاستی گەورە و بەبڕست بووینایە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەرێ دێوتان بۆ چییە... دێو هەر بۆ ناو داستانەکان باشن.. ئەگینا وەکو تر پیاو زەندەقی لێیان دەچێت.



لە قووڵاییی پشتەوەی شانۆکە یپیخۆدەف تێ دەپەڕێ بە دەم گیتار لێدانەوە

(بە خەیاڵڕۆیشتنێکەوە) ئەوە یپیخۆدەفە دەڕوا

**ئانیا** (بەخەیاڵڕۆیشتنەوە): یپیخۆدەف دەڕوا

**گایەف:** سەروەرینە وا خۆریش ئاوا بوو.

**ترەفیمەڤ:** بەڵێ

گایەڤ (بە دەنگێکی نزمەوە، وەک بڵێی شیعرێک بۆ خۆی بخوێنێتەوە): ئای سروشتی مەزن، تۆ هەردەم پرشنگدار و قەشەنگ و بێ دەربەستی و، ئێمە بە "دایک" بانگت دەکەین، تۆ لە خۆتدا بوون و نەمانت هەڵگرتووە، تۆ هەم ژیانبەخشیت و هەم وێرانکەر.

**ڤاریا** (بە لێ پاڕانەوەوە): دە خاڵە گیان!

**ئانیا:** خاڵە دەسمان پێ کردەوە!

**ترەفیمەڤ:** چاکتر وایە دوپلێیەک بسرەوێنیتە زەردەکەی ناوەڕاست.

**گایەف:** باشە وا بێدەنگ بووم، بێدەنگ.

هەموو دادەنیشن، خەیاڵ دەیانباتەوە. بێدەنگییە. بۆڵەی فیرس بە دەنگێکی نزم دێتە گوێیان. لە پڕ دەنگێکی دوور دێتە گوێیان، دەنگی تەلی گیتارێکی پچڕاو و خامۆشبوو و پڕ پەژارە

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوە چی بوو؟

**لەپاخین:** نازانم. دیارە لە شوێنێکی دوورەوە لە یەکێک لە کانزاکاندا سەبەتەیەک بەربووەتەوە، بەڵام دیارە زۆر دوورە لێرەوە.

**گایەف:** ڕەنگە باڵندە بووبێت، قاز و قوڵنگ

**ترەفیمەڤ**: یان کوندەبەبوو بێ

**لوبوڤ ئەندرێیەڤنا** (ڕادەچەنێ): نازانم، شتێک دڵم دەگوشێ

بێدەنگییەک

**فیرس**: ئەوە پێش ماڵوێرانییەکەش هەر وابوو: پەپوو دەیخوێند و سەماوەریش هەر دەیگیزاند

**گایەڤ**: پێش کام ماڵوێرانی؟

**فیرس**: پێش جاڕدانی لابردنی کۆیلایەتی[١٢]

بێدەنگییەک

**لوبوڤ ئەندرێیەڤنا**: دۆستینە دەزانن، وا ئێوارە داهات، با بڕۆین.

(ڕوو دەکاتە ئانیا) چاوت بۆ بە فرمێسکە، چی بووە کیژەکەم؟ (باوەشی پێدا دەکات)

**ئانیا**: دە هەر وا، دایە، هیچ نییە.

**ترەفیمەڤ**: یەکێک بەرەو ئێرە دێت

ڕێبوارێک بەکاسکێتێکی سپیی کۆنەوە و پاڵتۆیەک لەبەردا پەیدا دەبێ، کەمێک سەرخۆشە

**ڕێبوارەکە**: دەتوانم لێتان بپرسم، ئاخۆ ئەم ڕێگەیە یەکسەر دەمباتە سەر وێستگەی شەمەندەفەر؟

**گایەڤ**: بەڵێ، دەتانبات، هەر ملی ئەم ڕێگەیە بگرە.

ڕێبوارەکە: پڕ بە دڵ مەمنووتانم (کۆکەیەکی بۆ دەکات) هەواکەشی بێ هاوتایە

(دەکەوێتە شیعر گوتن) هۆ برام.. برای خێر نەدیوم.. بچۆرە سەر ڕووباری ڤۆلگا... بزانە ناڵەی کێیە...(ڕووی دەمی دەکاتە



ڤاریا) مادموزێل بەخێری خۆت سی کەپیکێک بەم ڕووسە برسییە ڕەوا ببینە..

ڤاریا دەترسێت، هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە

**لەپاخین** (بە تووڕەییەوە): بێ چاوڕوویش سنووری خۆی هەیە!

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا (لە حەیبەتا پەلەی پێ دەکەوێت): فەرموون.. ها ئەمە ببەن (جزدانەکەی دەگەڕێت) پارەی زیوی تێدا نییە، قیروسیا، ها ئەو لیرە زێڕە ببە...

**ڕێبوارەکە**: دنیایەک سوپاسی پڕ هەستیاری! (دەڕوات)

پێکەنینێک

**ڤاریا** (بە ترسەوە): من دەڕۆم.. من دەڕۆم.. خەڵکەکەی ماڵەوە نانیان نییە بیخۆن، تۆش لێرە پارە دەبەخشیتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: چیم لێ دەکەن، منێک کە هێندە نەفامم! من لە ماڵەوە هەر چیم هەیە دەتدەمێ. یەرمۆڵای ئەلکسێیەڤیچ، دەتوانن تۆزێ قەرزی کەم بدەنێ؟

**لەپاخین**: بە چاوان.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: دۆستینە کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین، ڤاریا، پێش ئەوەی خۆت بێیت ئێمە خەریک بووین بتدەین بە شوو، پیرۆزباییت لێ دەکەم.

**ڤاریا** (بەدەم فرمێسکەوە): دایە شتی وا بە سوعبەت ناگوترێت.

**لەپاخین**: ئۆخمیلیا تەرکی دنیاکە![١٣]

**گایەڤ**: من دەستم دەلەرزێت، دەمێکە بیلیاردم نەکردووە

**لەپاخین**: ئای ئۆخمیلیا، هۆ شازادەی دەریا، لە دوعاکانتدا ناومت لە یاد بێت!

**لوبوڤ ئەندرێیەڤنا**: دەی دۆستان سا با بڕۆین کاتی نانی ئێوارەیە.

**ڤاریا**: ئەو کابرایە تۆقاندمی. ئێستاش هەر دڵم ترپە ترپییەتی.

**لەپاخین**: تەنیا بە یادتان دێنمەوە، سەروەرانم: بیست و دووی ئاب باخچەی گێلاسەکە دەفرۆشرێت. جا بیری لێ بکەنەوە.. باش بیری لێ بکەنەوە!

هەموو دەڕۆن جگە لە ترەفیمەڤ و ئانیا

**ئانیا** (بە پێکەنینەوە): ماڵی کابرای ڕێبوار ئاوا بێت، ڤاریای ترسان و بەهۆی ئەوەشەوە ئێمە بە جووتە لێرە ماینەوە.

**ترەفیمەڤ**: ڤاریا لەوە دەترسێ ئێمە یەکترمان خۆش بووێت، بۆیە بەم ڕۆژگارە بە دوامانەوەیە. ئەو بەو عەقلە تەسکەی خۆیەوە تێ ناگات کە ئێمە لە سەرووی خۆشەویستییەوەین. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ خۆی لە هەموو شتێکی بێ فەڕ و تارمایی ئاسا، کە ڕێگە لە سەربەستی و بەختیاری دەگرێت، لابدات– هەر ئەوەشە ئامانج و مانای ژیانمان. بۆ پێشەوە، شتێک نییە بەربەستمان بێت بەرەو ئەو ئەستێرە گەشەی وا لە دوور دەدرەوشێتەوە! بۆ پێشەوە! دۆستینە دوا نەکەون!

**ئانیا** (دەستەکانی دەدات بە یەکدا): ئای چەند جوان دەدوێیت!

بێدەنگییەک

ئەمرۆ دنیا چەند قەشەنگە!

**ترەفیمەڤ**: بەڵێ ئەمرۆ هەواکەی بێ وێنەیە.

**ئانیا**: نازانم ئێوە چیتان لێ کردووم، پێتیا، بۆ وا گۆڕاوم و چیی تر باخچەی گێلاسەکەم وەک جاران خۆش ناوێت. من هێندە بە سۆزەوە ئەم باخچەیەم خۆش دەویست، وام دەزانی لە جیهاندا



شوێنێکی دڵگیرتر نییە.

**ترەفیمەڤ**: هەموو ڕووسیا باخچەی ئێمەیە. سەر ڕووی زەوی مەزن و دڵفرێنە، پڕە لە شوێنی سیحراوی.

بێدەنگییەک

خۆت بیری لێ بکەرەوە ئانیا!: باپیرتان و باو و باپیرانی ئەوانیش، خاوەنی نەک هەر موڵک و ماڵات، بگرە خاوەنی سەر و گیانی کەسانێکی زیندوو بوون، باشە چۆن لە هەر گێلاسێکی باخچەکەوە، لە هەر گەڵایەکەوە، لە هەر قەدی دارێکەوە، گیانی ئەو مرۆڤانە چاوتان تێ نابڕن و دەنگیان ناگاتە گوێتان...

مۆڵکداریەتی بە گیانی کەسانێکی زیندووەوە– ئاخر ئا ئەوەیە هەمووتانی شێواندووە، ئەوانەی پێش ئێوە ژیاون و ئەوانەشتان کە ئێستا دەژین، تا ئەو ئاستەی کە ئێستا نەدایکتان، نەئێوە، نەخاڵتان سەرنجی ئەوە نادەن کە بە قەرز دەژین و لەسەر حیسابی کەسانێکی تر، لەسەر حیسابی کەسانێک کە ئێوە ڕێگەیان نادەن لە بەر داڵانەکەتان زیاتر نزیک ببنەوە... ئێمە بەلای کەمەوە دوو سەد ساڵێک لە دواوەین، ئێمە خاوەنی تاکە شتێک نین، ئێمە هیچ پێوەندییەکی دیاریکراومان نییە بە ڕابردووەوە، ئێمە تەنیا فەلسەفە لێ دەدەین، هاوارمانە لە دەست پەژارە، یان ڤۆدکا هەڵدەقوڕێنین. خۆ ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئێستادا بژین دەبێ تاوانەکانی ڕابردوومان بسڕینەوە، سڕینەوەشیان تەنیا لە ڕێگەی ئازار چەشتنەوە دەبێت، لە ڕێگەی کاری لە ڕادەبەدەر و بێ وچانەوە دەبێت. تێ بگە لێم ئانیا.

**ئانیا:** ئەو خانووەی ئێستا وا تێیدا دەژین، دەمێکە موڵکی خۆمان نییە، منیش ئێرە هەر جێ دەهێڵم، بەڵێنتان دەدەمێ.

**ترەفیمەڤ:** ئەگەر کلیلەکانی ماڵەوەتان لایە، فڕێیان بدەنە ناو بیرەکەوە ئینجا بەڕێ بکەون، با ئازاد بن.

**ئانیا** (بەسەرسامییەوە): قسەکانتان چەند جوانن!

**ترەفیمەڤ:** باوەڕم پێ بکەن ئانیا! باوەڕم پێ بکەن! من هێشتا سی ساڵ نیم، من گەنجم، ڕاستە هێشتا قوتابیم، بەڵام من هێندەم چێشتووە. هەرکە زستان دادێت ئیتر من برسی، ناساغ، شپرزە و وەک سواڵکەرێک هەژارم- بۆ شوێن هەیە چارەنووس منی ڕاو نەنابێ بۆی، شوێن هەیە من لێی نەبووبم! هەمیشەش گیانم، هەموو ساتێک، شەو و ڕۆژ، پڕ بووە لە هەستی لە تەفسیر نەهاتووی پێشبینیی بەسەرهاتەکان، پێشهاتی کامەرانی، ئانیا من هەر لە ئێستاوە لە بەرچاومە....

**ئانیا** (بەدەم بیرکردنەوە): وا مانگ هەڵدێت.

دەنگی گیتارەکەی یپیخۆدەف دێتە گوێ کە هەمان ئاوازی غەمگین دەژەنێ. مانگ هەڵدێت، لەولای دەوەنەکانەوە ڤاریا بە دوای ئانیادا دەگەڕێت.

**ترەفیمەڤ:** ڕاستە، وا مانگ هەڵدێت

بێدەنگییەک

ئەوەتا کامەرانی، ئەوەتا بەرەو لامان دێت، تا دێت زیاتر لێمان نزیک دەبێتەوە، وا گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانیەتی. جا چ ماڵوێرانییەکە گەر ئێمە نەیبینین و نەیناسینەوە.

**دەنگی ڤاریا دێت:**" ئانیا! دە تۆ لە کوێیت؟"



دیسانەوە ئەم ڤاریایە! (بە تووڕەییەوە) بەڕاستی پیاو بێزار دەکات!

**ئانیا:** جا چییە؟ با بچین بۆ سەر ئاوەکە.. ئەوێ هێندە جوانە

**ترەفیمەڤ:** دەبا بڕۆین.

دەڕۆن

**دەنگی ڤاریا دێتەوە**: "ئانیا! ئانیا!"

پەردە دادەدرێتەوە

## پەردەی سێیەم

ژووری میوانەکان بە تاقێکی کەوانەیی لە هۆڵەکە جیا کراوەتەوە. لە بەر دالانەکەوە دەنگی ئۆرکێسترای جووەکان، کە لە پەردەی دووەمدا ناوی برا، دێتە گوێ. کات ئێوارەیە. لە هۆڵەکەدا سەمای گراند- ڕاوند دەکەن. دەنگی سیمیۆنەڤ پیشیک دێت هاوار دەکات:" جووت جووت بڕۆن!"[١٤] یەکەم جووت: پیشیک و شارلۆتە دەچنە ژووری میوانەکە، دووەم جووت: ترەفیمەڤ و لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، سێیەم: ئانیا لەگەڵ کارمەندێکی پۆستەدا، چوارەم: ڤاریا و بەڕێوبەری وێستگەی شەمەندەفەر... هتد.

ڤاریا بێدەنگ دەگری و بەدەم سەماکردنەوە فرمێسکەکانی دەسڕێ. دونیاشا لەگەڵ یەکێکی تردا دوا جووتن کە دێنە ژوورەوە. هەموو بەناو ژووری میوانەکەدا تێ دەپەڕن، پیشیک هاوار دەکات:" گراند- ڕاوند، سووڕ بخۆن!" و " پیاوەکان دادەبەزنە سەرچۆک و سوپاسی خانمەکان دەکەن!"[١٥]

فیرس بە فاتێک جلی خزمەتکارانەوە لەسەر سینییەک ئاوی کانزاییی هەڵگرتووە. پیشیک و ترەفیمەڤ دێنە ژووری میوانەکە.

**پیشیک:** من خوێنم زیادە، دووجاریش جەڵتە لێی داوم، جا سەماکردن بۆ من نابێ، بەڵام وەک دەڵێن کە ڕیش بوو بە ڕیشەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری. هەرچەندە هێندەی ئەسپێک بەهێز و تەندروستم. باوکی ڕەحمەتیم سوعبەتچی بوو دەیگوت ئێمە،





خێزانی سیمیۆنەڤ – پیشیکەڤ بەڕەچەڵەک دەچینەوە سەر هەمان ئەو ئەسپەی کالیگۆلا[١٦] کردییە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران.. (دادەنیشێ) بەڵام نەگبەتییەکە لەوەدایە کە پارەم نییە. سەگی برسیش، وەک دەڵێن، بڕوای هەر بەگۆشتە..(خەوی لێ دەکەوێ و یەکسەریش دەکەوێتە پرخاندن) منیش هەر وام.... تەنیا باسی پارە

**ترافیمەڤ**: ڕاستتان دەوێت، شێوەیەکی ئەسپیشتان لە ڕوخساردا هەیە.

**پیشیک:** جا چیی تێدایە ئەسپ ئاژەڵێکی باشە.. پیاو دەتوانێ بیفرۆشێ...

دێتە گوێ چۆن لە ژوورەکەی تەنیشت یاریی بیلیارد دەکەن. ڤاریاش لە هۆڵە تاق کەوانییەکەدا دەردەکەوێ.

**ترەفیمەڤ** (بۆ ئەوەی ڤاریا تووڕە بکات): مادام لەپاخینە! مادام لەپاخینە!

**ڤاریا** (بە تووڕەیییەوە): بەڵێ ئاغای سەرساف

**ترەفیمەڤ:** وایە من ئاغای سەرسافم و شانازیشی پێوە دەکەم!

**ڤاریا** (بەدەم بیرکردنەوەیەکی تاڵەوە): فەرموو ئەوا ئەو مۆسیقاژەنانەیان بانگ کردووە، باشە لە کام پارە کرێکەیان دەدەن؟ (دەچێتە دەرەوە)

**ترەفیمەڤ** (ڕووی قسەی لە پیشیک دەکات): ئەگەر ئەو وزەیەی ئێوە لە گەڕان بەدوای پارەدا بەهەدەرتان داوە بۆ ئەوەی سووی قەرزەکانتانی پێ بدەنەوە، لە شتێکی تردا بەکارتان بهێنایە، ئێستا ڕەنگ بوو بتانتوانیایە زەویتان سەروژێر کردایە.

**پیشیک:** نیتچە.. کابرایەکی فەیلەسووفە... یەکێکە لە گەورەترین ناودارەکان و خاوەن هزرێکی زەبەندە... جا ئەو دەڵێت کە مرۆڤ بۆی هەیە پارەی قەڵب دروست بکات.

**ترەفیمەڤ:** ئێوە نیتچەتان خوێندووەتەوە؟

**پیشیک:** ئاه.. لە ڕاستیدا داشینکای کچم بۆی باس کردووم.. جا ئێستا من لەبارێک دام.. ئامادەم پارەی قەڵبیش دروست کەم.. دووسبەی دەبێ سێ سەد و دە ڕۆبڵ بدەمەوە.. سەد و دە ڕۆبڵیانم پەیدا کردووە (بە نیگەرانییەکەوە دەستێک بە گیرفانەکانی خۆیدا دەگێڕێ) پارەکە دیار نییە! پارەکەم لێ کەوتووە! (بەدەم فرمێسکەوە) پارەکەم چیی لێ هات؟ (ئینجا بە خۆشییەوە) ئەوەتا کەوتبووە بەری چاکەتەکەمەوە.. هەموو گیانم نیشتە سەر ئارەق...

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و شارلۆتە ئیڤانەڤنا دێنە ژوورێ

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (لە بەرخۆیەوە گۆرانییەکی گونجاو لەگەڵ سەمای لیزگینکا[١٧] دەڵێت): ئەوە لیۆنید بۆ هێندەی پێ چوو؟ چی دەکات لە شار؟ (ڕوو دەکاتە دونیاشا) دونیاشا، چا بدەن بە مۆسیقاژەنەکان...

**ترەفیمەڤ:** وا دیارە هەڕاجەکە سەری نەگرتبێت.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** هاتنی ئەم مۆسیقاژەنانەش کاتی خۆی نەبوو، ئەم ئاهەنگ سازکردنەش پێویست نەبوو... بەڵام تازە دەی.. (دادەنیشێت و لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت)

**شارلۆتە** (دەستەیەک کارتی یاری دەدات بە پیشیک): فەرموو ئەوە



دەستەیەک کارت، بە ئارەزووی خۆتان کارتێک لە بیری خۆتاندا هەڵبژێرن.

**پیشیک:** وا هەڵم بژارد.

**شارلۆتە:** ئێستا دەستە کارتەکە تێکەڵاو بکەن. باش تێکەڵاو بکەن. ئادەی بیهێنن ئاغای ئەزیزم پیشیک. یەک، دوو، سێ[١٨] ئێستا گیرفانی دواوەتان بگەڕێن کارتەکە لەوێدایە...

**پیشیک** (کارتەکە لە گیرفانی دواوە دەردەهێنێ): هەشتی قەرە، سەدی سەد ڕاستە! (بەسەرسوڕمانەوە) دە ئێوە بڕوانن!

**شارلۆتە** (دەستە کارتەکە لەسەر لەپی دەستی دەگرێ و دەیخاتە بەردەمی ترافیمەف): خێرا بیڵێن، کارتەکەی سەرەوە چییە؟

**ترەفیمەڤ:** ئاوا؟ کچی قەرە

**شارلۆتە:** خۆیەتی! (ڕوو دەکاتە پیشیک) باشە کام کارتە لەسەرەوەیە؟

**پیشیک:** ئاسی کوپ

**شارلۆتە:** تەواوە!..(لەپی دەستەکانی دەدا بەیەکدا و دەستە کارتەکە دیار نامێنێت) ئەمڕۆ هەواکەی چەند خۆشە!

دەنگێکی ژنانەی پڕ نهێنی، هەروەک بڵێیت لە ژێر زەوییەوە بێت، وەڵامی دەداتەوە: "بەڵێ، خانم هەواکەی کەم هاوتایە"

تۆ هێندە میهرەبانی ئەی نموونەی بەرزی بەرچاوم....

**دەنگەکە**: " ئێوەش خانمەکەم، پەسندی دڵی منن".

**بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر** (چەپڵە لێ دەدات): ئافەرین خانمی زگدوێ![١٩]

**پیشیک** (بەسەرسوڕمانەوە): کوڕە تەماشا کەن! شارڵۆتا ئیڤانەڤنای

دڵفڕێن... ئێستا من هەر بەجارێک عاشقتان بووم...

**شارڵۆتا**: عاشق؟ (شانێک هەڵدەتەکێنێ) جا ئێوە دەتوانن کەسێکتان خۆش بووێت؟ مرۆڤێکی باشە بەڵام مۆسیقاژەنێکی بێ کەڵک[٢٠]

**ترافیمەف** (دەکێشێ بە شانی پیشیکدا): ئەسپی چاکی..

**شارلۆتە:** تکایە سەرنج بدەن... ئێستاش سیحرێکی ترتان بۆ دەکەم (تەنکە بەتانییەکی سەر یەکێک لە کورسییەکان دەگرێ بەدەستەوە) ئەم بەتانییە چاکە دەفرۆشم (بەتانییەکە دەتەکێنێ) کەسێک هەیە بیەوێ لێم بکڕێ؟

**پیشیک** (بەسەرسوڕمانەوە): تۆ سەیر کەن!

**شارلۆتە:** یەک، دوو، هەرسێکی (بەتانییە شۆڕبووەکە خێرا بەرز دەکاتەوە)

لە پشت بەتانییەکەوە ئانیا وەستاوە خۆی بۆ خەڵکەکە دەچەمێنێتەوە و ڕادەکات بۆ لای دایکی و باوەشی پێدا دەکات و ڕادەکاتەوە هۆڵەکە هاوکات لەگەڵ سەرسوڕمانی خەڵکەکەدا.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (چەپڵە لێ دەدات): ئافەرین، ئافەرین!

**شارلۆتە:** ئینجا سەیر کەن! یەک، دوو، سێ![٢١]

بەتانییەکە بەرز دەکاتەوە، ئەمجارە ڤاریا وەستاوە لە پشت بەتانییەکەوە بۆ خەڵکەکە دەچەمێتەوە.

**پیشیک** (سەرسامە): شتی واتان دیوە!

**شارلۆتە:** ئیتر تەواو! (خێرا بەتانییەکە بەسەر پیشیکدا فڕێ دەدا، دەچەمێتەوە و لە هۆڵەکە ڕادەکاتە دەرەوە)



**پیشیک** (بەپەلە دوای دەکەوێت): چ جادووگەرێکە... چۆنە! ها؟ چۆنە! ها؟ (دەچێتە دەرەوە)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** لیۆنیدیش هەر نەگەڕایەوە. باشە تێ ناگەم چی دەکا لە شار ئەم هەموو ماوەیە! ئێستا دیارە هەموو شت لێ بووەتەوە، یان ئەوەتا زەوییەکە فرۆشراوە، یان ئەوەتا هەڕاجەکە نەچووەتە سەر، ئیتر بۆ ئاوا لە مەراقدا دەمانهێڵێتەوە!

**ڤاریا** (دەیەوێ هێمنی بکاتەوە): من دڵنیام خاڵە کڕیویەتی.

**ترەفیمەڤ** (بەلاقرتییەوە): بێگومان

**ڤاریا:** نەنە وەکالەتی بۆ ناردووە کە خانووەکە بکڕێت و بیخاتە سەر ناوی ئەو. دیارە ئەوەش لەبەر خاتری ئانیا. من دڵنیام، خوا فریامان دەکەوێت و خاڵە موڵکەکە دەکڕێتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** نەنکەی یارەسلاڤتان پازدە هەزاری ناردبوو کە زەوییەکە بەناوی ئەوەوە بکڕینەوە- دیارە متمانەی پێمان نییە- بەڵام ئەو پارەیە بەشی سووی قەرزەکانیشی نەدەکرد (بەهەردوو دەستی دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ) ئەمڕۆ چارەنووسی من دیاری دەکرێت، ئەمڕۆ..

**ترەفیمەڤ** (ڤاریا تووڕە دەکات): مادام لەپاخینە!

**ڤاریا** (بە تووڕەییەوە): قوتابیی هەمیشەیی! تا ئێستا دووجار لە زانکۆ دەرکراوی.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** باشە تۆ بۆ تووڕە دەبیت، ڤاریا ؟ ئەو لەپاخین تووڕەت دەکات، تۆ بۆ تووڕە دەبیت؟ دەتەوێت- شوو بە لەپاخین بکە- پیاوێکی باش و سەرنج ڕاکێشە، ناشتەوێت- ئەوا شووی

پێ مەکە، کەس نییە زۆرت لێ بکات.

**ڤاریا:** دایە گیان، با بە ڕوونی بیڵێم، من مەسەلەکە بە جیدی سەیر دەکەم. ئەو پیاوێکی باشە و منیش بە دڵمە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئێ شووی پێ بکە. چاوەڕێی چی دەکەی، تێ ناگەم!

**ڤاریا:** دایە گیان خۆ خۆم پێشنیازی بۆ ناکەم بمهێنێ. ئەوە دوو ساڵە هەمووتان باسی ئەوم بۆ دەکەن، هەمووتان قسە دەکەن، بەڵام ئەو خۆی یان بێدەنگیی لێ دەکات یان دەیکات بە گاڵتە. تێ دەگەم ئەو خەریکە دەوڵەمەند دەبێت، سەری قاڵە، کاتی منی نییە. یەک تۆز پارەمان هەبووایە، سەد ڕۆبڵێش بووایە، هەموو شتێکم جێ دەهێشت و سەری خۆمم هەڵدەگرت، دەچوومە دیرێک.

**ترەفیمەڤ:** چا کوا!

**ڤاریا** (بە ترافیمەف دەڵێ): قوتابی دەبێ زیرەک بێت! (بە دەنگێکی هێمن و بەچاوی بە فرمێسکەوە) خۆتان دیوە چەند ناشیرین بوون پێتیا، چەند پیر بوون! (ڕوو دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، بەڵام چیی تر ناگری) بەڵام من ناتوانم بێکارە دانیشم، دایە گیان. من هەموو دەقەیەک دەبێ سەرقاڵی شتێک بم.

یاشا دێتە ژوورەوە

**یاشا** (زۆر لە خۆی دەکات کە نەداتە پێکەنین): یپیخۆدەف داری بیلیاردەکەی شکاند! (دەچێتە دەرەوە)

**ڤاریا:** یپیخۆدەف لێرە چی دەکات؟ کێ ڕێگەی پێ داوە یاریی بیلیارد بکات؟ من لەو خەڵکە تێ ناگەم..



(دەچێتە دەرەوە)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** پێتیا تووڕەی مەکەن، خۆتان دەبینن، ئەو بەبێ ئەوەش غەمبارە.

**ترەفیمەڤ:** ئاخر ئەو هەموو شتێک وا بەدڵ و بەگیان دەکات، خۆیشی لە کاری وا هەڵدەقورتێنی کە کاری ئەو نین. هەموو ئەم هاوینە نەمن نەئانیا پشوومان نەبووە بەدەستییەوە، هەر لەوە دەترسا نەک خوا نەکردە، من و ئانیا شتێکمان لە نێواندا پەیدا ببێت، باشە ئەوە کەی کاری ئەوە؟ جگە لەوەش من هیچ هۆیەکم بۆ ئەو گومانە نەدابوو بەدەستەوە. من لە بەدڕەوشتی بە دوورم. ئێمە لە خۆشەویستی بەرزترین!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەی من، من دەبێ لە خۆشەویستی نزمتر بم (تەواو بە نیگەرانییەوە) باشە لیۆنید بۆ نەهاتەوە، هەر بمزانیایە مولکەکە فرۆشراوە یان نا؟ من ئەو نەگبەتییەم هێندە بەلاوە ناهەموارە، تەنانەت بیریشم بۆ ناکرێتەوە.. بە جارێک دەسەپارچەم.. ئا ئێستا لە دەستم دێت هاوار کەم، یان شتێکی ناژیرانە بکەم. فریام کەون پێتیا، هیچ نەبێت قسەیەک بکەن، شتێک بڵێن...

**ترەفیمەڤ:** مولکەکە ئەمڕۆ فرۆشرابێت، یان نا، چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟ ئەو مولکە دەمێکە حیسابی ڕۆیشتووە، تازە گەڕانەوەی بۆ نییە. جا دۆستی ئازیز، هێور بنەوە، پێویست ناکات خۆتان هەڵخڵەتێنن، هیچ نەبێت بۆ جارێک لە ژیاندا چاو ببڕنە چاوی ڕاستی.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کام ڕاستییە؟ ئێوە دەبینن ڕاست لە کوێیە و

ناڕاستیش لە کوێ، بەڵام من دەڵێی کوێر بووم و بەرپێی خۆمم بۆ نابینرێ. ئێوە ئازایانە چارە بۆ هەر گرفتێک دەدۆزنەوە، جا ئەزیزم تۆ بڵێی هۆکەی لەوەدا نەبێ کە ئێوە گەنجن و فریای ئەوە نەکەوتوون ئاکامی تاڵی یەکێک چییە لەو گرفتانە بچێژن؟ ئێوە چاونەترسانە بەرەو پێشەوە دەڕوانن، تۆ بڵێی لەبەر ئەوە نەبێ کە ئێوە چاوەڕێی هیچ شتێکی ترسناک ناکەن و نایبینن، چونکە ژیان هێشتا خۆی پێشانی چاوە لاوەکانتان نەداوە؟ ئێوە بە جەرگترن، ڕاستگۆتر و قووڵتر بیر دەکەنەوە، جا هێندەی سەرەپەنجەیەک خۆتان بخەنە جێگەی من، با سنگتان فراوانتر بێت و بەزەییتان بێتەوە بە مندا. من لەم ماڵەدا لەدایک بووم، دایک و باوکم، باپیرەم، لێرە ژیاون، من ئەم ماڵەم خۆش دەوێت، بێ باخچەی گێلاسەکە ژیانم مانایەکی نابێت، خۆ ئەگەر هەر دەبێ بفرۆشرێت با منیشی لەگەڵدا بفرۆشن... (باوەش دەکات بە ترەفیمەڤدا و ناوچەوانی ماچ دەکات) ئاخر ئا لێرە بوو کوڕەکەم خنکا.. (دەگری)... دە بەزەییەکت پێمدا بێتەوە... کەسە میهرەبان و دڵباشەکەم.

**ترەفیمەڤ:** ئێوە باش دەزانن کە من لە ناخی دەروونمەوە لەگەڵتاندام.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ڕاستە، بەڵام ئەوە دەبێ بەشێوەیەکی تر، بە شێوەیەکی جیاواز بگوترێت..

(دەسەسڕەکەی دەردەهێنێ، تیلیگرامەکە دەکەوێتە سەر زەوییەکە) ئەمڕۆ دڵم هێندە تەنگە کە ئێوە ناتوانن هەر بیشیهێننە بەرچاوی خۆتان. ئێرە زۆر بە غەڵبەیە بۆ من، لەگەڵ هەر دەنگێکدا گیانم دێتە لەرزە، هەموو گیانم لە هەژیندایە،



ناشتوانم بچمە ژوورەکەی خۆم، بێدەنگی دەمتۆقێنێ. لێم مەگرە پێتیا.. من ئێوەم وەک کوڕی خۆم خۆش دەوێت. من بەخۆشییەوە ئانیای کچمم دەدایتێ، سوێندت بۆ دەخۆم، بەڵام کەسەکەم، ئێوە دەبێ کۆشش بکەن و خوێندنەکەتان تەواو کەن. ئاخر ئێوە هیچ ناکەن. چارەنووس دەتانهێنێ و دەتانبات... کارێکی سەیرە.. وانییە؟ ها؟ دەبێ شتێکیش لەو ڕیشەتان بکەن، هیچ نەبێ با تۆزێک زیاد بکات.. (دەست دەکات بە پێکەنین) شێوەتان سەیرە!

**ترەفیمەڤ** (تیلیگرامەکە هەڵدەگرێتەوە): من لە خولیای ئەوەدا نیم قۆز و جوان بم.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەو تیلیگرامە لە پاریسەوەیە. هەموو ڕۆژێک یەکێکم پێ دەگات، دوێنێش و ئەمڕۆش بەهەمان شێوە. ئەو کابرا دڕندەیە دیسانەوە نەخۆشە.. کاری ڕوو لە هەورازە... داوای لێبووردنم لێ دەکات. دەپاڕێتەوە بگەڕێمەوە لای، لە ڕاستیشدا دەبوایە بچوومایەوە بۆ پاریس و لە پاڵیدا بوومایە.

دەبینم ڕوخسارتان زۆر ڕەق دەنوێنێ، پێتیا، ئاخر من چی بکەم، کابرا نەخۆش و تەنیا و بەدبەختە، کێ لەوێ ئاگایەکی لێی دەبێ، کێ ڕێی لێ دەگرێ لەوەی هەڵەی زیاتر بکات، کێ لە کاتی خۆیدا دەرمانەکانی دەداتێ؟ پێویست ناکات هیچ بشارمەوە و بێدەنگیی لێ بکەم، من خۆشم دەوێت، خۆشم دەوێت.. وەک بەردێک لە ملم ئالاوە و بەرەو بن گۆمەکەم دەبات.. بەڵام من ئەو بەردەم خۆش دەوێت و بێ ئەو ژیانم نییە (دەستی ترەفیمەڤ دەگوشێت) خراپ بیرم لێ مەکەنەوە پێتیا،

هیچ مەڵێن، هیچ...

ترەفیمەڤ (بە چاوی فرمێسکاوییەوە): تو ئەو خوایە لە قسە لەڕووییەکەم ببوورن، بەڵام ئاخر خۆ ئەو ئێوەی تاڵان کرد!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** نا، نا، تکایە وا قسە مەکە! (گوێی خۆی دەگرێ)

**ترەفیمەڤ:** ئەو کابرایە کەسێکی بەدفەڕە، تەنیا ئێوەن کە ئەم ڕاستییە نازانن! ئەو کابرایەکی نزم و بەدفەڕ و بێ نرخە..

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بە تووڕەییەوە، هەرچەندە زاڵە بەسەر خۆیدا): ئێوە تەمەنتان بیست و شەش یان بیست و حەوت ساڵە، کەچی هێشتا قوتابیی پۆلی دووەمی دوائامادەیین!

**ترەفیمەڤ:** ئینجا چیی تێدایە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوەی تێدایە کە دەبێ ببن بە پیاو، لە تەمەنی ئێوەدا دەبێ مرۆڤ لەوانە بگات کە کەسێکیان خۆش دەوێت. مرۆڤ دەبێ خۆیشی کەسێکی خۆش بوێت،.. پێویستە دڵداری بکات (بە تووڕەییەوە) بەڵێ، بەڵێ! ئێوە تەنانەت نازانن پاکی چییە، هەر خۆتان بەپاک پیشان دەدەن، پیاوە بچکۆلەکە، دەعەجانی...

**ترەفیمەڤ** (بە ترسێکەوە): ئەوە چی دەڵێت!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** "من لە سەرووی خۆشەویستییەوەم!" ڕۆڵە ئێوە لە سەرووی خۆشەویستییەوە نین، بگرە وەک فیرس دەڵێت: تەپۆن، ئاخر لە تەمەنی ئێوەدا پیاو دۆستێکی ئافرەتی نەبێ ئیتر دەبێ چی بێت!

**ترەفیمەڤ:** ئەمە ناهەموارە! ئەوە چی بەمن دەڵێت؟! (بە پەلە دەچێتە



هۆڵەکەوە و دەست بەسەری خۆیەوە دەگرێ) ئەمە ترسناکە. چیی تر ناتوانم... من دەڕۆم.. (دەڕوات بەڵام دەمودەستیش دەگەڕێتەوە) هەموو شتێک لە نێوانماندا تەواو بوو (دەچێتە داڵانەکە).

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (هاوار دەکات بە دوایدا): پێتیا، بوەستە! چەند کابرایەکی سەیرن، من گاڵتەم لەگەڵ کردن.

دێتە گوێ چون یەکێک لە داڵانەکە بەپەلە بە پلیکانەکاندا دەچێتە خوارەوە و لە پڕ زرمەی دێت و بەرەو خوار تل دەبێتەوە. ئانیا و ڤاریا دەقیژێنن، بەڵام یەکسەریش دەنگی پێکەنینێک دێت.

ئەوە چی ڕوو دەدات لەوێ؟

ئانیا بەڕاکردن دێتە ژوورێ.

**ئانیا** (بە پێکەنینەوە): پێتیا لە پلیکانەکان کەوتە خوارێ! (دیسانەوە ڕادەکاتە دەرەوە)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** چ کابرایەکی سەیرە ئەم پێتیایە...

بەڕێوەبەری وێستگەی شەمەندەفەر لە ناوەڕاستی ساڵۆنەکەدا ڕادەوەستێ و هۆنراوەی " ئافرەتە گوناهکارەکە"ی ئەلیکسێی تەڵستۆی[٢٢] دەخوێنێتەوە. خەڵکەکە گوێیان بۆ شل کردووە، بەڵام هێشتا هەر فریای چەند دێڕێک کەوتووە، کاتێک لە هۆڵەکەوە دەنگی ڤالسێک دەگاتە گوێیان و خوێندنەوەکە دەپچڕێت. هەموو دەکەونە سەماکردن، ترەفیمەڤ و ئانیا و ڤاریا و لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا لە داڵانەکەوە دێنە ژوورەوە.

دە، ماڵەکەم پێتیا، ئەوە چیتانە... من داوای لێبووردنتان لێ

دەکەم.. با بچین سەما بکەین... (دەکەوێتە سەماکردن لەگەڵ پێتیادا)

ئانیا و ڤاریا سەما دەکەن

فیرس دێتە ژوورەوە و گۆچانەکەی بەلای دەرگەی تەنیشتەکەدا هەڵدەپەسێرێ.

یاشاش هاتووەتە ژووری میوانەکان و تەماشای سەماکە دەکات

**یاشا**: چییە، باپیرە؟

**فیرس:** تەندروستیم باش نییە. جاران لە ئاهەنگی سەماکانماندا جەنەراڵ و بارۆن و ئەدمیراڵەکان سەمایان دەکرد، ئێستاش دەنێرین بە دوای کارمەندانی پۆستە و بەڕێوەبەری وێستگەدا بێن، تەنانەت ئەوانیش زۆر بە پەرۆش نین بۆ هاتن. من هێزەکەی جارانم نەماوە. ئاغای ڕەحمەتی، باپیرە، مێوی سووری بەکار دەهێنا بۆ هەموو جۆرە نەخۆشییەک. من خۆم بیست ساڵیش دەبێت، بگرە زیاتریش، هەموو ڕۆژێک مێو بەکار دەهێنم، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت هێشتوومێتەوە.

**یاشا**: وەڕست کردین، باپیرە. (باوێشکێک دەدا) خۆزگە تۆ لنگت لێ ڕادەکێشا.

**فیرس:** بەخوا گۆلکی! (لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ)

ترەفیمەڤ و لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا سەرەتا لە ساڵۆنەکە و پاشتریش لە ژووری میوانەکان سەما دەکەن.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** مێرسی، من تۆزێک بۆی دادەنیشم... (دادەنیشێ) ماندوو بووم.

ئانیا دێتە ژوورەوە



**ئانیا** (بە نیگەرانییەوە): ئێستا کابرایەک لە چێشتخانەکە گوتی کە باخچەی گێلاسەکە هەر ئەمڕۆ فرۆشراوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: بەکێ فرۆشراوە؟

**ئانیا**: نەیگوت بە کێ. کابرا لێی دا و ڕۆیشت. (لەگەڵ ترەفیمەڤدا دەکەوێتە سەما و بەدەم سەماوە دەچنە ساڵۆنەکە).

**یاشا**: ئەوە پیرەمێردێک بوو لە خۆیەوە چەنەی دەدا. خەڵکی ئێرە نەبوو.

**فیرس:** لیۆنید ئەندرێیچیش هەر دیار نییە، نەگەڕاوەتەوە. پاڵتۆیەکی تەنکیشی لە بەردایە، بەخوا سەرمای دەبێ. ئاخ گەنجی ئەم زەمانە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** وا خەریکە ڕوحم دەردەچێ. ئادەی یاشا، بڕۆ بزانە بەکێ فرۆشراوە.

**یاشا:** دە دەمێکە ڕۆیشتووە، کابرای پیرە (پێ دەکەنێ)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بە کەسەرەێکەوە): باشە بەچی پێ دەکەنن؟ شتێک هەیە مایەی دڵخۆشی بێت؟

**یاشا:** کوڕە ئەو پیخۆدەفە هێندە سەیر و سەمەرەیە، کابرایەکی بۆش و بەتاڵە، ڕاستیان ناو ناوە" بیست و دوو نەگبەتییەکە"

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** فیرس باشە ئەگەر موڵکەکەمان لە دەست بچێت، تۆ ڕوو دەکەیتە کوێ؟

**فیرس:** بۆ کوێ فەرمان بدەن بۆ ئەوێ دەڕۆم.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** بۆ ڕوخسارت وا دەنوێنێ؟ ناساغی؟ چاکتر وابوو بچیت ڕاکشێیت.

**فیرس:** بەڵێ.. (بە تەوسێکەوە) باشە وا من ڕۆیشتم بنووم، ئاخر کێ لێرە خزمەت دەکات، کێ سەرپەرشتی دەکات؟ ماڵەکە هەر بەسەرشانی منەوەیە.

**یاشا** (ڕوو دەکاتە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا): لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا! ڕێگەم بدەن تکایەکتان لێ بکەم، ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە! ئەگەر ئەمجارە چوونەوە بۆ پاریس بمبەن لەگەڵ خۆتاندا، خێرتان دەگات. من لێرە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم بمێنمەوە (بەملا و لایدا دەڕوانێ بەدەنگێکی نزم قسە دەکات) پیاو باسی چی بکات، وڵاتەکە، خۆتان دەیبینن، وڵاتێکی دواکەوتووە، خەڵکەکەی بێ بەندوباون، جگە لەوەش بێتاقەتی و وەڕسی لەولاوە بوەستێ، ئەو خواردنەی لێرەش دەدرێ بەکەڵکی هیچ نایەت، سەرباری هەموویشی ئەم فیرسە دێت و دەچێت و قسەی نابەجێ دەکات. پیاوی چاک بن بمبەن لەگەڵ خۆتاندا!

پیشیک دێتە ژوورەوە.

**پیشیک:** بۆم هەیە بۆ ڤالسێک بانگتان کەم.. خانمە بێ هاوتاکە.. (لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا لەگەڵیدا دەڕوا) خانمە تەلیسماوییەکەم... بەخوا سەد و هەشتا ڕۆبڵێکتان هەر لێ دەسەندم... دەیسەندم.. (سەما دەکەن) سەد و هەشتا ڕۆبڵ...

دەچنە سالۆنەکە

**یاشا** (بە دەنگێکی نزم گۆرانی دەڵێت): " ئاخۆ تۆ لە هەژینی گیانم دەگەی..."

لە سالۆنەکە زەلامێک بە شەپقەیەکی سلیندەرییەوە و بە پانتۆڵێکی خانە خانەوە دەست دەجوولێنێ و باز دەدات، یەکێک



هاوار دەکات: "براڤۆ، براڤۆ شارلۆتە ئیڤانەڤنا!"

**دونیاشا** (وێستەیەکی بۆ دەکات تا دەموچاوی بۆدرە بکات): خانمەکەمان دەستووری پێ داوم سەما بکەم دەڵێ پیاوەکان زۆرن و خانمەکان کەمن- منیش سەرم سوور دەخوات کە سەما دەکەم، دڵەکوتێم پێ دەکەوێت، فیرس نیکەلایەڤیچ، توزێک لەمەو پێشیش کارمەندێکی پۆستە قسەیەکی وای پێ گوتم خەریک بوو هەناسەم بوەستێ.

مۆسیقاکە کەمێک خامۆش دەبێت

**فیرس:** باشە چی پێ گوتیت؟

**دونیاشا:** گوتی دونیاشا تۆ دەڵێیت گوڵیت.

**یاشا** (بەدەم باوێشکەوە): چ کاڵفامییەکە.. (دەچێتە دەرەوە)

دونیاشا؛ گوتی تۆ دەڵێیت گوڵیت... منیش کچێکی هەست ناسکم حەزم لێیە گوێم لە قسەی شیرین و ناسک بێت.

**فیرس:** بەخوا تۆ ئاکامت باش نابێت.

یپیخۆدەف دێتە ژوورێ

**یپیخۆدەف:** ئێوە، ئەڤدەتێیا فیۆدەرەڤنا، چاوتان من نابینێ، وەک ئەوەی من مێرووویەک بم.

(هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) ئای، دنیا!

**دونیاشا:** باشە ئێستا چیتان لە من دەوێ ؟

**یپیخۆدەف:** گومانی تێدا نییە، ڕەنگە ئێوە هەقتان بێت (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)، بەڵام بێ شک ئەگەر لە گۆشەنیگاوە سەیر کەیت، ئەوا ئێوە، دەتوانم ڕێگە بەخۆم بدەم، وا خۆم دەربڕم،

داوای لێبووردنیش دەکەم بۆ قسە لە ڕووییەکەم، بە جارێک منتان خستووەتە باری دەروونەوە[٢٣]. من لە چارەنووسی خۆم ئاگەدارم کە هەموو ڕۆژێک نەگبەتییەکم لێ ڕوو دەدات و من دەمێکە لەگەڵ ئەمەدا ڕاهاتووم، بۆیە من بە زەردەخەنەوە دەڕوانمە چارەنووسی خۆم. ئێوە بەڵێنتان بەمن دا، هەرچەندیشە من...

**دونیاشا:** تکاتان لێ دەکەم با دواتر قسە بکەین، بەڵام ئێستا وازم لێ بێنە تەنیا بم، من خەو دەبینم. (خۆی باوەشێن دەکات)

**یپیخۆدەف:** من هەموو ڕۆژێک نەگبەتییەک ڕێم پێ دەگرێ بەڵام من، ڕێگە بە خۆم دەدەم کە وای دەربڕم: هەر بزە دەمگرێ، بگرە پێش دەکەنم.

ڤاریا لە ساڵۆنەکەوە دێتە ژوورێ

**ڤاریا:** سیمۆن ئەوە تۆ تا ئێستا نەڕۆیشتوویت؟ بەڕاستی تۆ کابرایەکی مانای ڕێزت لا نییە (ڕوو دەکاتە دونیاشا) تۆش لێرە مەمێنە. (دیسانەوە بە یپیخۆدەف) تۆ خەریکی بیلیاردکردنیت و داری بیلیاردەکەشت شکاندووە، واش بە ژووری میوانەکەدا دێیت و دەچیت وەک بڵێیت تۆش میوان بیت.

**یپیخۆدەف:** ئێوە، بشبوورن کە وا خۆم دەردەبڕم، بەڵام بۆتان نییە لە من بپێچنەوە.

**ڤاریا:** من لێپێچینەوەت لەگەڵدا ناکەم، من قسەت لەگەڵدا دەکەم، تۆ تەنیا ئەوە دەزانی لەم لایەوە بچیتە ئەولا، بەڵام ئەوەی پێویستە خەریکی بیت نایکەیت. بە ناو کارمەندی کۆنتورمان ڕاگرتووە، بەڵام کەس نازانی بۆ چ شتێک.





**یپیخۆدەف** (بە زویرییەوە): من هەرچییەک بکەم، کارکردن بێت یان نانخواردن، یان بیلیارد یاریکردن، تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە لێی بکۆڵنەوە کە توانای تێگەیشتنیان هەیە و بەتەمەنن.

**ڤاریا:** تۆ ڕێگە بەخۆت دەدەیت وا قسە لەگەڵ مندا بکەیت! (هەڵدەچێ) تۆ هێندە چاوقایمیت؟ دەتەوێ بڵێیت کە من هیچ تێ ناگەم؟ ئادەی ون بە لەم ناوە! هەر ئێستا!

**یپیخۆدەف** (دەترسێ): تکاتان لێ دەکەم بە شێوەیەکی ئوسوڵی قسەکانتان دەربڕن.

**ڤاریا** (چیی تر خۆی پێ ناگیرێ): هەر ئێستاکە ون بە لە بەرچاوم! بڕۆ!

یپیخۆدەف بەرەو دەرگەکە دەڕوات و ڤاریاش بە دوایدا

تۆ بیست و دوو نەگبەتی ملت بشکێنە! نامەوێ چاوم پێت بکەوێتەوە!

یپیخۆدەف دەچێتە دەرەوە لەودیو دەرگەکەوە دەنگی دێت: "من شکاتتان لێ دەکەم"

ئەها، ئەوە دەگەڕێیتەوە؟ (گۆچانەکەی فیرس، کە لای دەرگەکەوە دای نابوو، دەگرێ بە دەستییەوە) وەرە.. ئادەی وەرە.. پیشانت دەدەم... دێیت یان نا؟ دێیت؟ دەبگرە ها (گۆچانەکە ڕادەوەشێنێ).

لەم کاتەدا لۆپاخین دێتە ژوورەوە.

**لۆپاخین:** زۆر سوپاستان دەکەم.

**ڤاریا** (بە تووڕەیی و کەمێکیش بەگاڵتەوە): ببوورن!

**لۆپاخین:** قەیدی نییە، کۆڵێک سوپاسی میواندۆستییەکەتان دەکەم.

**ڤاریا:** شایانی سوپاس نییە. (دوور دەکەوێتەوە، دوایی ئاوڕێک دەداتەوە و بەدەنگێکی نیانەوە دەپرسێ) خۆ بەرتان نەکەوت.

**لەپاخین:** هیچ نەبوو. هەرچەندە دەزانم سەرم باش هەڵدەتۆقێ.

چەند دەنگێک لە ساڵۆنەکەوە دێت: " لەپاخین گەیشتووە! ئەوە یەرمۆلای ئەلکسێیچە".

**پیشیک:** خۆی بێت، خۆی نەبێت... (لەگەڵ لەپاخیندا ئەملا و لای یەکتری ماچ دەکەن) کەسە شیرینەکەم، بۆنی کۆنیاکت لێ دێت، ئێمەش لێرە هەر لە کەیفداین.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا دێتە ژوورێ

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئەوە ئێوەن یەرمۆلای ئەلکسێیچ؟ بۆ هێندەتان پێ چوو؟ ئەی لیۆنید کوا؟

**لەپاخین:** لیۆنید ئەندرێیچ لەگەڵ مندا هاتەوە، وا بەڕێوەیە...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بە نیگەرانییەوە): ئێ چی بوو؟ هەڕاجەکە بوو؟ دە قسە بکەن!

**لەپاخین** (بە پەشۆکانەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا دڵخۆشییەکەی خۆی بخاتە ڕوو): هەڕاجەکە کاتژمێر چوار تەواو بوو.. ئێمە لە شەمەندەفەرەکە دوا کەوتین.. ناچار تا نۆ و نیو چاوەڕێمان کرد (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ) ئای، سەرم تۆزێک گێژ دەخوات.

گایەف دێتە ژوورێ بەدەستی ڕاستی شتەکانی هەڵگرتووە کە کڕیونی، بەدەستی چەپی فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** لیۆنیا چییە؟ دە قسە بکە لیۆنیا؟ (ئۆقرەی لێ براوە و دەگری) دە خێراکە بۆ ڕای خوا قسە بکە...



**گایەف** (هیچ وەڵامی ناداتەوە، تەنیا دەست ڕادەوەشێنێ): (بە دەم گریانەوە بە فیرس دەڵێ) ها بیگرە ئەوە ماسیی کیرچە.. ئەمڕۆ من هیچم نەخواردووە.. ئای کە خەمم خوارد!

دەرگەی ژووری بیلیاردەکە کراوەتەوە، دەنگی یاشا دێتە گوێ دەڵێ: "حەوت و هەژدە!" دەموچاوی گایەف دەگۆڕێت، چیی تر ناگری.

من زۆر ماندووم، فیرس، جلەکانم بۆ ئامادە بکە با خۆم بگۆڕم (بە ناو ساڵۆنەکەدا دەچێتە ژوورەکەی خۆی، فیرسیش دوای دەکەوێت).

**پیشیک:** باشە چی ڕووی دا لە هەڕاجەکە؟ باسی بکە بۆمان!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** باخچەی گێلاسەکە فرۆشرا؟

**لەپاخین:** فرۆشرا.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** کێ کڕی؟

**لەپاخین:** من کڕیم.

بێدەنگییەک

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا لە ژێر باری خەفەتدا نەویوە؛ ئەگەر ئەو کورسییە نەبێ کە دەستی پێوە گرتووە دەڕمێتە سەر زەوییەکە. ڤاریا کلیلەکان لە ناوقەدی خۆی دەکاتەوە و فڕێی دەداتە سەر زەوییەکە و دەچێتە دەرەوە.

من کڕیم! بەس تکایە. چاوەڕێ بکەن بەڕێزان، من سەرم گێژ دەخوات، قسەم بۆ ناکرێت.. (پێ دەکەنێ) ئێمە چووین بۆ هەڕاجەکە، دیریگانەڤ پێش ئێمە لەوێ بوو. لیۆنید ئەندرێیچ هەر پازدە هەزاری پێ بوو. هەرچی دیریگانەڤیشە لە سەروو

قەرزەکەوە یەکسەر سی هەزاری تریشی دا پێی. کە بینیم کار وای لێ هات من یەکسەر چل هەزارم پێشنیاز کرد، ئەو چل و پێنجی دا، من کردم بە پەنجا و پێنج. بە کورتییەکەی ئەو پێنج پێنج زیادی دەکرد من دە دە. ئیتر تەواو بوو. لە سەروو قەرزەکەوە من نەوەد هەزارم دا و لەسەر من وەستایەوە. ئێستا باخچەی گێلاسەکە هی منە! هی من! (قاقا لێ دەدات) خوایە گیان، باخچەی گێلاسەکە هی خۆمە! پێم بڵێن من سەرخۆشم، بڵێن شێت بووی، بڵێن خەوە و دەیبینت...(پێ دەدا بە زەوییەکەدا) بەڵام پێم پێ مەکەنن! خۆزگە باوکم و باپیرم لە گۆڕەکەیان دەهاتنە دەرەوە و هەموو ئەوەیان دەدی کە ڕووی داوە. دەیاندی چۆن یەرمۆلا سەرکزەکەی کوڕیان، یەرمۆلا نەخوێندەوارەکەیان، کە زستان بە پێی پەتی دەسووڕایەوە، ئەو یەرمۆلایە ئەمڕۆ مولکی کڕیوە، مولکێک کە لە هەموو جیهاندا لەوە قەشەنگتر نییە. من ئەو مولکەم کڕی کە باوکم و باپیرم تێیدا کۆیلە بوون، ڕێگەیان نەدەدرا بچنە چێشتخانەکەشی. نەخێر وا دیارە من نووستووم ئەمە هەمووی خەوە دەیبینم... ئەمە بەری خەیاڵە و تاریکی نادیاریەتی دای پۆشیوە.. (کلیلەکان هەڵدەگرێتەوە و بزەیەکی نیان دەنیشێتە سەر ڕووی) کلیلەکانی فڕێ دایە سەر زەوییەکە.. دەیەوێ پیشانی بدات کە چیی تر خاوەن ماڵ و کلیلبەدەستی ئەم شوێنە نییە. (زرنگە لە کلیلەکانەوە دەهێنێت).... چۆنی دەوێ با وابێ.

دێتە گوێ چۆن ئۆرکێسترەکە خۆیان ئامادە دەکەن

مۆسیقاژەنان ئادەی مۆسیقا بژەنن، با گوێم لێتان بێت. هەموو



وەرن تەماشا کەن چۆن یەرمۆلای لەپاخین بە تەور دەکەوێتە گیانی باخچەی گێلاسەکە، چۆن درەختەکان لالۆپاڵ دەکەونە سەر زەوی. لێرە داچەی لێ دروست دەکەین، کوڕەزاکانمان و کوڕەکانی ئەوانیش ژیانێکی نوێ دەبینن.. ئادەی مۆسیقا بژەنن!

مۆسیقا لێ دەدرێ، لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕۆنیشتووەتە سەر کورسییەکە و بە کوڵ دەگری

(بە سەرزەنشتەوە) باشە بۆ، بۆ گوێتان لێ نەگرتم؟ کەساسە دڵباشەکەم، تازە ڕۆیشت (فرمێسک دەزێتە چاوی) خۆزگە هەموو شتێک زوو بەسەر دەچوو، خۆزگە تا زووە ئەم ژیانە پەست و ناحەزەمان دەگۆڕدرا.

**پیشیک** (قۆڵی دەگرێ و بەدەنگێکی نزم پێی دەڵێ): دەگری.. با ئێمە بچینە سالۆنەکە.. با وازی لێ بێنین بە تەنیا بێت.. با بڕۆین (قۆڵی دەگرێت و دەچنە سالۆنەکە)

**لەپاخین:** ئەوە چییە؟ مۆسیقا با دەنگی زولاڵت بڕژێتە گوێمانەوە. با هەموو شت بەدڵی خۆم بێت! (بەلاقرتییەوە) خاوەن مولکێکی نوێ، خاوەنی باخچەی گێلاسەکە ڕەوت دەکات! (بێ ئەوەی مەبەستی بێت خۆی دەدات لە مێزێک، هێندەی نامێنێ مۆمدانەکە بخاتە خوارێ) توانام هەیە پارەی هەموو شتێک بدەم! (لەگەڵ پیشیکدا دەچێتە دەرەوە)

**ئانیا:** دایە، دایە گیان ئەوە دەگریت؟ دایکە میهرەبانەکەم، دایکە دڵباشەکەم، دایکە بێهاوتاکەم، من تۆم خۆش دەوێت، من تۆم لا پیرۆزە. باخچەی گێلاسەکە فرۆشراوە، چیی تر هی ئێمە نییە،

ڕاستە، ئەوە ڕاستە، بەڵام دایە گیان تۆ مەگری، هەموو ژیان لە بەردەمی تۆدایە، تۆ گیانە پاک و پڕ چاکییەکەت ماوە! با بڕۆین ڕوحەکەم، با بڕۆین لێرە کەسەکەم!.. ئێمە باخچەیەکی تر بنیات دەنێین، لەمە قەشەنگتر بێت و وا دەکەین خۆشییەکی قووڵ و ئارام گیانت بتەنێ، هەروەک خۆری دەمەو ئێوارە، ئەو ساتە زەردەخەنە دەگەڕێتەوە سەر لێوەکانت دایە گیان! دەبا بڕۆین.. گیانە شیرینەکەم!

پەردە دادەدرێتەوە



## پەردەی چوارەم

هەمان دیکۆری پەردەی یەکەم. پەردەی پەنجەرەکان و تابلۆی دیوارەکان نەماون، ئەو موبیلیا کەمەش کە ماوەتەوە لە سووچێکدا کۆ کراونەتەوە، وەک بڵێی بۆ فرۆشتن ئامادە کرابن. هەستی چۆڵی بەسەر دیمەنەکەدا زاڵە. لە نزیک دەرگەی دەرەوە و لە قووڵاییی تەختی شانۆکەدا چەند جانتا و بوخچەیەکی سەفەر و شتی لەو بابەتە دانراون. دەرگەکەی لای چەپەوە کراوەیە و لەوێوە دەنگی ئانیا و ڤاریا دەبیسترێت. لەپاخین وەستاوە و چاوەڕێ دەکات. یاشا سینییەکی بەدەستەوەیە کە پەرداخی شەمپانیای لەسەرە. یپیخۆدەف لە هۆڵەکەدا خەریکە کارتۆنێک دەپێچێتەوە. لە پشتەوەی شانۆکەوە غەڵبەغەڵبە. ئەوە مسکێنەکانن هاتوون بۆ خواحافیزی. دەنگی گایەف دێتە گوێ: سوپاس براینە، سوپاستان دەکەین".

**یاشا**: ڕەشە خەڵکەکە هاتوون بۆ ماڵئاوایی، من، یەرمۆڵای ئەلکسێیچ، لەسەر ئەو ڕایەم کە خەڵکەکە دڵیان باشە، بەڵام توانای تێگەیشتنیان کەمە.

غەڵبەغەڵبەکە کەم دەبێتەوە. لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و گایەف لە داڵانەکەوە دێنە ژوورەوە. لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا چی تر ناگری، بەڵام ڕەنگی پەڕیوە و دەموچاوی دەلەرزێت، قسەی بۆ ناکرێت.

**گایەف:** تۆ چوویت جزدانەکەی خۆتت دانێ، لوبا، وا نابێت! کەس شتی وا ناکات!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: نەمتوانی وا نەکەم! نەمتوانی!

هەردووکیان دەچنە دەرەوە

**لەپاخین** (بەدوایاندا ڕووەو دەرگەکە هاوار دەکات): دە فەرموون، تکاتان لێ دەکەم! با پەرداخێکی ماڵئاوایی پێکەوە هەڵدەین. لە شار بیرم نەکەوتەوە بیکڕم، لێرەش لە وێستگەکە هەر یەک شووشەم دەست کەوت، دە فەرموون توخوا!

بێدەنگییەک

چییە بەڕێزان؟ ئارەزووتان نییە؟ (لە دەرگەکە دوور دەکەوێتەوە) بمزانیایە وای لێ دێت، نەمدەکڕی. مادامەکی وای لێ هات خۆشم ناخۆمەوە.

یاشا بە ئاگاوە سینییەکە دەخاتە سەر مێزەکە

دە هیچ نەبێ تۆ بخۆرەوە یاشا.

**یاشا**: لە تەندروستیی ئۆغرکەران! بە خۆشیی ئەوانەی ماونەتەوە! (پەرداخەکەی دەخواتەوە). ئەم شەمپانیایە ئەسڵی نییە، بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم.

**لەپاخین**: شووشەی هەشت ڕۆبڵ کەوتووە.

بێدەنگییەک

ساردییەکەی ئێرە لەوەدا نییە!

**یاشا**: ئەمڕۆ ماڵەکەمان گەرم نەکردووە، وتمان خۆ هەر دەڕۆین. (پێ دەکەنێ)

**لەپاخین**: چییە مەسەلە؟

**یاشا**: هیچ هەر ئەوەیە مەزاجم کۆکە.



**لەپاخین**: وا مانگی دەیە، کەچی دنیا هەتاو و ئارامە، دەڵێی هاوینە. ماڵی بیناکردنە (سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی و سەیرێکی دەرگەکە دەکات) بەڕێزینە، لە یادتان نەچێت، تەنیا چل و شەش دەقیقەی ماوە بۆ شەمەندەفەرەکە! واتە بیست دەقیقەی تر دەبێ بکەونە ڕێ بۆ وێستگەکە. دەستوبرد بکەن.

ترەفیمەڤ بە پاڵتۆیەکەوە لە حەوشەوە دێتە ژوورێ.

**ترەفیمەڤ**: وابزانم ئیتر کاتی ئەوەیە بکەوینە ڕێ. ولاخەکان ئامادە کراون. مەگەر شەیتان بزانیت کەڵۆشەکانم (٢٤) لە کوێن. ون بوون (لە ناو دەرگەکەوە هاوار دەکات) ئانیا، کەڵۆشەکانم دیار نین! بۆم نادۆزرێنەوە!

**لەپاخین**: من دەبێ بچم بۆ خارکەف، بە هەمان شەمەندەفەرەکەی ئێوە دەڕۆم. زستان لە خارکەف دەبەمە سەر. ئەم ماوەیە لەگەڵ ئێوەدا سەرقاڵ بووم، بەڵام ئەم بێکارییە ئازاری گیانم دەدات. بێکاری بۆ من نەهاتووە، نازانم دەستەکانم چی لێ بکەم، بەملا و لامدا شۆڕ دەبنەوە وەک بڵێی دەستی خۆم نەبن.

**ترەفیمەڤ**: ئێمە ئێستا دەکەوینە ڕێ، ئێوەش دەگەڕێنەوە سەر کارە بە سوودەکەی خۆتان.

**لەپاخین**: دە پەرداخێک هەڵدە.

**ترەفیمەڤ**: نامەوێ.

**لەپاخین**: کەواتە ئێستا بەرەو مۆسکۆ دەکەوێتە ڕێ.

**ترەفیمەڤ**: بەڵێ، لە شار ماڵئاواییان لێ دەکەم، خۆشم سبەینێ دەچم بۆ مۆسکۆ.

**لەپاخین**: وایە.. ئەی چۆن.. پرۆفیسۆرەکان دەستیان لە دەرس وتنەوە

هەڵگرتووە، چاوەڕێن کەی تۆ دەگەیت!

**ترەفیمەڤ:** تۆ کارت بەوەوە نییە.

**ڵەپاخین:** ئەرێ بەڕاست چەند ساڵە لە زانکۆ دەخوێنی؟

**ترەفیمەڤ:** هیچ نەبێ شتێکی تازە بدۆزەرەوە، ئەمەیان کۆن و بێ تامە. (بەدوای کەڵۆشەکانیدا دەگەڕێ) دەزانی چی، ڕەنگە من و تۆ چی تر چاومان بەیەک نەکەوێتەوە، جا ڕێگەم بدە لە بری ماڵئاوایی ئامۆژگارییەکت بکەم! ئەو خووە قۆڕەت واز لێ بێنە: دەست ڕاوەشێنی. جگە لەوەش داچە دروستکردن و چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە خاوەن داچەکان ببنە جووتیار، ئەمەشیان هەر دەستڕاوەشان و پەلکوتانێکە.. سەرباری هەموو شتێکیش من تۆم خۆش دەوێ. تۆ پەنجەکانت باریک و ناسکن وەک پەنجەی هونەرمەندێک، تۆ ڕوحیشت تەنک و ناسکە...

**ڵەپاخین** (باوەشی پێدا دەکا): خوات لەگەڵ ئەزیزم. سوپاس بۆ هەموو شتێک. ئەگەر پارەت پێویستە بۆ ڕێگە دەتوانی لە منی قەرز کەیت.

**ترەفیمەڤ:** پارەم بۆ چییە؟ پێویست ناکات.

**ڵەپاخین:** ئاخر دەزانم کە پێتان نییە!

**ترەفیمەڤ:** پێمە. سوپاستان دەکەم. من پارەی وەرگێڕانم وەرگرتووە، ئەوەتا لە گیرفانمدا (بە نیگەرانییەوە) بەڵام کەڵۆشەکانم دیار نین.

**ڤاریا** (لە ژوورەکەی ترەوە): ها بیگرن ئەوە شتە پیسەکانتانە! (جووتێ کەڵۆشی لاستیک فڕێ دەداتە سەر شانۆکە)



**ترەفیمەڤ:** ڤاریا بۆ وا تووڕەن؟ ئەمم.. ئەوانە کەڵۆشی من نین.

**ڵەپاخین**: ئەم بەهارە هەزار هێکتارم بەخەشخاش چاند، چل هەزاری سافم لێ دەست کەوت. جا بتبینیایە چ دیمەنێک بوو کاتێک خەشخاشەکانم گوڵیان کردبوو! جا من بۆت باس دەکەم کە چل هەزارم دەست کەوتووە، بۆیە دەمەوێ قەرزت بدەمێ چونکە لە دەستمدا هەیە و دەتوانم، ئیتر بۆ شەقی تێ هەڵدەدەیت؟ من کابرایەکی سادە و جووتیارم.. هەموویم لە دڵسافییە.

**ترەفیمەڤ:** تۆ باوکت جووتیار بوو– منیش باوکم ئەجزاخانەی هەبوو.. لەمەشەوە هیچ ئاکامێک هەڵناهێنجرێ.

ڵەپاخین جزدانەکەی دەردەهێنێ

واز بێنە.. لێی گەڕێ. تۆ حەز دەکەیت دوو سەد هەزاریشم بدەرێ، من لێت وەرناگرم. من کابرایەکی سەربەستم. هەموو ئەو شتانەش کە لای ئێوە، بە دەوڵەمەند و هەژارتانەوە، هێندە پڕ بەهان، هێندەی سەرە دەرزییەک دەسەڵاتیان نییە بەسەر مندا و وەک پووشێکی دەم با وان بەلامەوە. من بەبێ ئێوە کاری خۆم مەیسەر دەکەم، من دەتوانم بێباک بەلاتاندا بڕۆم، من گیانم پڕە لە شانازی و هێز. مرۆڤایەتی بەرەو لووتکەی ڕاستی کەوتووەتە ڕێ، بەرەو بەرزترین ترۆپکی بەختیاری کە لەسەر زەوی کاری کردەنی بێت، منیش لە ڕیزەکانی پێشەوەی ئەو کاروانەدام.

**ڵەپاخین:** جا دەگەیتە مەنزڵگە؟

**ترەفیمەڤ:** هەر دەگەم.

بێدەنگییەک

دەگەم، خۆ ئەگەرنا ئەوا ڕێگە پێشانی خەڵکی تر دەدەم چۆن بگەن.

دێتە گوێ لە دوورەوە چۆن بە تەور کەوتوونەتە دارەکان

**لەپاخین:** دە باشە بە دوعا ئەزیزم. کاتی ڕۆیشتنە. من و تۆ لاف لێ دەدەین بەسەر یەکتریدا، بەڵام ژیان ڕەوتی خۆی هەر دەکات. من کە ماوەیەکی زۆر، بێ ماندووبوون کار دەکەم، ئەو کاتە چاکتر بیرم بۆ دەکرێتەوە و، وامەزنەی دەکەم، کە لەگەڵ کارکردندا هۆی بوونی خۆیشم لا ئاشکراتر دەبێت. بەڵام، برام چەندن ئەوانەی، لە ڕووسیادا هەن، بەڵام کەسێک نازانێ مەبەست لە بوونیان چییە؟ بەهەرحاڵ، جوغزی مەسەلەکە لەمەدا نییە. لێی گەڕێ. دەڵێن لیۆنید ئەندرێیچ لە بانک کاری دەست کەوتووە، ساڵی شەش هەزار مووچەکەیەتی... بەڵام بەخوا زۆر ئۆقرە ناگرێ، زۆر تەمەڵە..

**ئانیا** (لە ناو دەرگەکەوە): دایکم تکاتان لێ دەکات، تا ئەو لێرەیە دارەکان نەبڕنەوە.

**ترەفیمەڤ:** ڕاست دەکات، تۆ بڵێی بەشی ئەوەش ئاکاری جوانتان لا نەمابێ.. (لە دالانەکەوە دەچێتە دەرەوە)

**لەپاخین:** ڕاست دەکەیت.. هەر ئێستا پێیان دەڵێم... (لە دوای ترەفیمەڤەوە دەچێتە دەرێ)

**ئانیا:** فیرسیان برد بۆ خەستەخانە؟

**یاشا:** من ئەم بەیانییە پێم گوتن کە بیبەن. دەبێ بردبێتیان.

**ئانیا** (بە یپیخۆدەف دەڵێت کە بە ساڵۆنەکەدا تێ دەپەڕێ): سیمۆن



پەنتیلێیەڤیچ، تکایە بپرسە بزانە فیرسیان گەیاندووەتە خەستەخانە.

**یاشا** (بە زویرییەوە): من ئەم بەیانییە بە ئیگۆرم گوت کە بیبات. ئیتر بۆ دەبێ دە جاری تر پرسیار بکرێت!

**یپیخۆدەف:** فیرسی بەساڵاچوو، بەبۆچوونی یەکلاکەرەوەی من، بەکەڵکی چاککردن نەماوە، کاتی ئەوەی هاتووە بگوێزێتەوە لای باپیرانی. منیش لە ڕاستیدا ئیرەییی پێ دەبەم (جانتاکە دەخاتە سەر کارتۆنی شەپقەیەک و دەیپلیشێنێتەوە) فەرموو دیسانەوە، خۆم زانیم شتێک هەر دەبێ ڕوو بدات (دەچێتە دەرەوە)

**یاشا** (بە گاڵتە پێکردنێکەوە): بیست و دوو نەگبەتی...

**ڤاریا** (لەودیو دەرگەکەوە): فیرسیان بردووە بۆ خەستەخانە؟

**ئانیا:** بردوویانە.

**ڤاریا:** ئەی بۆ نامەیەکیان بۆ دوکتۆرەکە نەبردووە؟

**ئانیا:** دە ئەبێ یەکێک بنێرین پێیان بگاتەوە..(دەچێتە دەرەوە)

**ڤاریا** (لە ژوورەکەی تەنیشتەوە): یاشا لە کوێیە؟ پێی بڵێن کە دایکی هاتووە خواحافیزیی لێ بکات

**یاشا** (دەستێک ڕادەتەکێنێ): ئیتر خۆ پیاو وەڕس دەکەن.

دونیاشا هەموو کاتەکە سەرقاڵە بە دەوری شتەکاندا؛ ئێستا کە یاشا بە تەنیایە، لێی نزیک دەبێتەوە.

**دونیاشا:** یاشا هیچ نەبوایە هەر چاوێکتان هەڵبڕیایە بەلامدا. وا سەفەر دەکەن... من بە جێ دەهێڵن

(دەست دەکات بەگریان و باوەش دەکات بە ملیدا).

**یاشا**: گریانی بۆ چییە؟ (شەمپانیا دەخواتەوە) شەش ڕۆژی تر من دیسانەوە لە پاریسم. سبەینێ سواری شەمەندەفەری خێرا دەبین و بۆی دەردەچین، ئیتر تۆزیشمان نابینن. خۆشم باوەڕ ناکەم. (ڤیڤ لە فرانس)[٢٥] من لێرە هەڵناکەم، ئێرەم بەدڵ نییە... ناتوانم لێرە بژیم، چار نییە. تێرم خواردووە لەم نەفامییەی ئێرە، چی تر بۆم قبوولّ ناکرێت (شەمپانیا دەخواتەوە) بۆچی دەگرین؟ ئەگەر بتانەوێ ڕەفتارتان جوان بێت ئەوا پێویست ناکات بگرین.

**دونیاشا** (دەموچاوی خۆی بۆدرە دەکات و لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکات):. لە پاریسەوە نامەم بۆ بنێرن. یاشا من ئێوەم خۆش ویستووە! من گیانداریکی دڵناسکم، یاشا!

**یاشا**: وا بەرەو ئێرە دێن (خۆی لای جانتاکانەوە خەریک دەکات و لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت).

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا، گایەف، ئانیا و شارلۆتە ئیڤانەڤنا دێنە ژوورەوە

**گایەڤ**: وا چاکە بە ڕێ کەوین. کاتمان هێندە نەماوە (سەیری یاشا دەکات) ئەو بۆنی ماسییە لە کێ دێت!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: با دە دەقیقەی تر سواری عەرەبانەکە بین و بڕۆین... (چاوێک بە ژوورەکەدا دەگێڕێ). بە دوعا ماڵە دڵگیرەکەم، بە دوعا باپیرە گیان. زستان بەسەر دەچێ و بەهار دێت و تۆ نامێنیت، دەترووخێنن. ئای ئەم دیوارانە چەند بەسەرهاتیان دیوە! (ماچێکی گەرمی کچەکەی دەکات) سەرومالەکەم هەموو گیانت دەدرەوشێتەوە، چاوەکانت



بریسکەیان دێت، تۆ دڵت شادە؟ زۆر؟

**ئانیا**: زۆر! ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکات، دایە گیان!

**گایەف** (بە خۆشییەوە): هەر بەڕاستیش، ئێستا هەموو شتێک باشە. پێش فرۆشتنی باخچەی گێلاسەکە هەموومان لە دڵەڕاوکێ و خەفەتدا بووین. کە مەسەلەکەش یەکلا بووەوە و ئیتر چار نەما، هەموومان ئارام بووینەوە و بگرە مەزاجیشمان باشتر بوو... من ئێستا کارمەندی بانکم.. پیاوی داراییم... زەردەکە لە ناوەڕاستدا، تۆش لوبا، سەرباری هەموو شتێک باشتر دەنوێنی. گومانی تێدا نییە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: ئەوەیان ڕاستە مێشکم هێورتر بووەتەوە.

شەپقە و پاڵتۆکەی دەدەنە دەست

نووستنیشم باشتر بووە. یاشا شتەکانم ببەنە دەرەوە. ئیتر کاتی خۆیەتی. (بە ئانا دەڵێت) کیژە نازدارەکەم.. بەم زووانە بەیەک شاد دەبینەوە.. من دەچم بۆ پاریس و بەو پارەیە دەژیم کە نەنکەکەی یارەسلاڤلت ناردبووی بۆ کڕینی موڵکەکە– خوا نەنەمان بۆ بهێڵێت!– هەرچەندە ئەو پارەیە بەشی ماوەیەکی زۆر ناکات.

**ئانیا**: دایە تۆ زوو بەزوو دەگەڕێیتەوە.. وانییە دایە؟ منیش خۆم ئامادە دەکەم و تاقیکردنەوەی گیمنازیا[٢٦] دەدەم و دوای ئەوە دەست بەکار دەکەم و یارمەتیت دەدەم. ئینجا پێکەوە کتێبی جۆراوجۆر دەخوێنینەوە، دایە گیان، ئەوساش جیهانێکی نوێی سیحراوی لە بەردەمماندا خۆی دەنوێنێ (خەوی بێداری دەبینێ) دایە گیان بێیتەوە...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** دێمەوە، کیژە زێڕەکەم. (باوەشی پێدا دەکات)

لەپاخین دێتە ژووری. شارلۆتە بەدەنگێکی نزم گۆرانییەک لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە

**گایەڤ:** شارلۆتە دڵی خۆشە، بۆ خۆی گۆرانی دەڵێ

شارلۆتە (بوخچەیەک دەگرێ بە دەستەوە کە لە منداڵێکی قوماتکراو دەچێت): لایلایە... کۆرپەکەم لایلایە

دەنگی گریانی منداڵێک دێت: " وا ..وا"

بێدەنگ بە، ڕۆڵە شیرینەکەم، بێدەنگ بە کوڕی ئازیزم.

" وا... وا"

من هێندە دڵم پێت دەسووتێ! (بوخچەکە فڕێ دەداتەوە ئەو شوێنەی لێی دانرابوو). جا تکایە ئێوە شوێنێکم بۆ پەیدا کەن، من بەم شێوەیە پێم ناکرێ.

**لەپاخین:** پەیدای دەکەین، شارلۆتە ئیڤانەڤنە، دڵ لە دڵ نەدەیت.

گایەف: هەموویان بەجێمان دێڵن، ڤاریاش دەڕوات، لە پڕ کەس پێویستی بە ئێمە نەماوە.

**شارلۆتە:** من لە شار هیچ شوێنێکم نییە لێی بژیم. دەبێ بڕۆم.. (لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت).. گوێ مەدەرێ..

پیشیک دێتە ژووری

**لەپاخین:** بڕوانە، موجیزەی سروشت!..

پیشیک (هەناسەبڕکێیەتی): جارێ لێم گەڕێن هەناسەم بێتەوە بەبەردا.. گیانم خەریکبوو دەرچێ.. بەڕێزان.. تۆزێک ئاوم بدەنێ...





**گایەڤ:** هەبێ و نەبێ قەرزتان دەوێت؟ بامن خۆم لەم بەڵایە لادەم.. دەڕۆم.. (دەڕواتە دەرەوە)

**پیشیک** (بە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا): خانمە قەشەنگەکەمان.. جەنابتان دەمێکە دیار نەبوون (ئینجا بە لەپاخین دەڵێ) تۆ لێرەیت... شادم بە بینینت... تۆ خاوەن هزرێکی زەبەندی... فەرموو.... پارەکەتان.... (پارەکە دەداتە دەست لەپاخین) ئەوە چوار سەد ڕۆبڵ.. هێشتا هەشت سەد و چلم لاماوە.

**لەپاخین** (هیچ تێ ناگات و شانێک هەڵدەتەکێنێ): دەڵێی خەو دەبینم... لە کوێ پەیدات کرد؟

**پیشیک:** بوەستە جارێ، گەرمامە. شتێکی یەکجار سەیر ڕووی دا. چەند ئینگلیزێک هاتن بۆ لام و لە زەوییەکەمدا قوڕە سپییەکیان دۆزییەوە.. (بە لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا دەڵێ) ئەوە چوار سەدیش بۆ جەنابتان.. خانمە دڵفڕێنەکەم. خانمە قەشەنگەکەم (پارەکەی دەداتێ).. ئەوی تری دوایی (ئاو دەخواتەوە) ئێستا لە ڤاگۆنەکەدا کوڕێکی لاو باسی ئەوەی دەکرد گوایە فەیلەسووفێکی مەزن وا ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە کە لە سەربانەوە باز بدەن..."باز بدە!" گوتوویەتی، هەموو مەسەلەکە لەمەدایە. (بە سەرسوڕمانەوە). جا بیری لێ بکەنەوە! تۆزێ ئاوم فریاخەن!

**لەپاخین:** باشە ئەو ئینگلیزانە چین و کێن؟

**پیشیک:** من پارچەیەک لە زەوییەکەی خۆمم بەگڵەکەیەوە بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ دا بەکرێ پێیان. ئێستا دەبێ بمبەخشن.. کاتم نییە... دەبێ خەڵکی تر بەسەر بکەمەوە. دەچم بۆ لای

زنۆیکەڤ، دواتر بۆ لای کەردامۆنەڤ.. قەرزاری هەموویانم...
(ئاو دەخواتەوە) دانیشن بەخێر.. چوارشەمە سەر دەدەمەوە..

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئێمە ئێستا دەچین بۆ شار، سبەینێش من لە هەندەرانم.

**پیشیک:** چۆن؟ (بە نیگەرانییەوە) بۆچی بۆ شار؟ دەڵێم خوایە مۆبیلیاکە کوان.. ئەو جانتایانە چین.. دەی قەیناکە (بەچاوی فرمێسکاوییەوە) هیچ نییە... عەقڵ وا بە لای ئەم ئینگلیزانەوە... دەی چار نییە، هیوام بەختەوەریتانە... خوا خۆی بە هاناتانەوە دێت – چار نییە.. هەموو شتێک لەسەر ڕووی ئەم زەوییە ڕوو لە کۆتاییە..(دەستی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ماچ دەکات) خۆ ئەگەر هەواڵی مردنمتان پێ گەیشت، ئەوا ئەم ئەسپەی بەرچاوتان بێتەوە یاد و بڵێن: " لەم دنیایەدا کەسێکی ئاوهای ئاوها هەبوو ناوی سیمیۆنەف – پیشیک بوو، خوا بەهەشتی پێ ڕەوا ببینێ"... هەواکەی هەر زۆر خۆشە... بەڵێ.. (بە پەشۆکاوییەوە دەچێتە دەرەوە، بەڵام یەکسەریش دەگەڕێتەوە و لە ناو دەرگەکەدا دەوەستێ و دەڵێت) داشینکای کچم سڵاو ورێزی هەبوو بۆتان! (دەڕوات)

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئێستا ئیتر دەتوانین بە ڕێ کەوین. بەڵام دەڕۆم و دڵم لەلای دوو شتە: یەکەمیان– نەخۆشییەکەی فیرس. (سەیرێکی سەعاتە دەکات) هێشتا پێنج دەقیقەیەکمان ماوە...

**ئانیا:** دایە، فیرس گەیەندراوەتە خەستەخانە. یاشا ناردی

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** خەمی دووەمم– ڤارییایە. ئەو ڕاهاتبوو بەیانییان زوو لە خەو هەڵسێ و دەستبەکار بێت، ئێستاش کە کاری نییە



وەک ماسی لە ئاو دەرهاتوو وایە، لاواز و سپی هەڵگەڕاوە و هەر دەگری، کەساسە...

بێدەنگییەک

ئێوە خۆتان ئەمە باش دەزانن، یەرمۆلای ئەلکسێیچ، من خەوم بەوەوە دەدی کە بیدەم بەشوو بە ئێوە، بەهەموو شتێکیشدا لەوە دەچوو کە ژن بهێنن (شتێک دەچرپێنێ بە گوێی ئانیادا، ئەویش بەسەر ئاماژەیەک بۆ شارلۆتە دەکات و هەردووکیان دەچنە دەرەوە)

ئەو ئێوەی خۆش دەوێت، ئێوەش ئەوتان بەدڵە، کەچی نازانم، نازانم بۆ هەردووکتان دەڵێی خۆتان لە یەکتری لادەدەن. تێ ناگەم!

**لەپاخین:** ڕاستتان دەوێت من خۆشم تێ ناگەم، مەسەلەکە هەمووی سەیر دێتە بەرچاو.. خۆ ئەگەر هێشتا کات ماوە، من ئا ئێستاش ئامادەم.. یەکسەر هەمووی دەبڕێنینەوە و تەواو– بەڵام بەخوا بەبێ جەنابتان، هەست دەکەم ناتوانم خوازبێنی بکەم.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئێ دە زۆر چاکە. هەمووی بە یەک دەقیقە تەواو دەبێت. هەر ئێستا بانگی دەکەم.

**لەپاخین:** باشە شەمپانیاش هەیە (سەیرێکی پەرداخەکان دەکات) ئەوە چییە بەتاڵن، وا دیارە یەکێک خواردوونیەتەوە

یاشا دەکۆکێ

هەرچەندە ئەمەیان لە خواردنەوە دەرچووە، لێ ستراوەتە

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (گورج دەبێتەوە): هەر زۆر چاکە. ئێمە دەچینە

دەرەوە.. یاشا ئادەی. من ئێستا ڤاریا بانگ دەکەم... (لە
دەرگەکەوە بانگ دەکات) ڤاریا، واز لە هەموو ئیشێک بێنە وەرە
بۆ ئێرە، وەرە!
(لەگەڵ یاشا دەچنە دەرەوە)

**لەپاخین** (سەیری سەعاتەکە دەکات): ئاوا...

بێدەنگییەک

لە پشت دەرگەکەوە دەنگی پێکەنینێکی خەفەکراو و چرپە دێت.
سەرەنجام ڤاریا دێتە ژوورەوە.

**ڤاریا** (ماوەیەکی زۆر لە شتەکان ورد دەبێتەوە): سەیرە هەرچی دەکەم
بۆم نادۆزرێتەوە...

**لەپاخین**: لە چی دەگەڕێن؟

**ڤاریا**: خۆم پێچامەوە کەچی بیرم نایەتەوە.

بێدەنگییەک

**لەپاخین**: دوایی نیازی کوێتانە، ڤەرڤارا میخایلەڤنا؟

**ڤاریا**: من؟ من دەچمە لای خێزانی ڕەگالینی. بڕیارە سەرپەرشتیی
ماڵەکە و داراییيان بۆ بکەم.

**لەپاخین**: کامانە، ئەوانەی دێی یاشنیڤە؟ دە کیلۆمەترێک لێرەوە دوورن

بێدەنگییەک

وا ژیان لەم ماڵەشدا کۆتاییی هات...

**ڤاریا** (چاو بە شتەکاندا دەگێڕێ): باشە چی لێ هات، تۆ بڵێی
خستبێتمە سندووقەکەوە.. وایە ژیان لەم ماڵەدا کۆتاییی هات
و چی تر ژیانی تێدا نابێت..



**لەپاخین**: منیش ئێستا سەفەر دەکەم بۆ خارکەف.. ئا بەم
شەمەندەفەرە. کارەکان زۆرن. لێرەش یپیخۆدەف جێ دێڵم..
بەکرێم گرتووە.

**ڤاریا**: چی تێدایە!

**لەپاخین**: پار ئەم کاتە بەفر دەباری، ئەگەر لە یادتان بێت. کەچی
ئێستا هەواکەی ئارامە و خۆرە.. تەنیا ئەوەیە ساردە.. سێ پلە
لە ژێر سفرەوەیە.

**ڤاریا**: سەرنجم نەداوە

بێدەنگییەک

سەرباریش گەرماپێوەکەمان شکاوە.

بێدەنگییەک

دەنگێک لە حەوشەکەوە ڕووەو دەرگەکە هاوار دەکات:
"یەرمۆلای ئەلکسێیەڤچ!"

**لەپاخین** (وەک بڵێیت دەمێک بووبێ چاوەڕێی ئەو بانگکردنە بووبێت):
هەر ئێستا! (خێرا دەچێتە دەرەوە)

ڤاریا لەسەر زەوییەکە دانیشتووە و سەری ناوە بە
بوخچەیەکەوە و بەکوڵ دەگری. دەرگەکە دەکرێتەوە، لوبۆڤ
ئەندرییەڤنا لەسەرخۆ دێتە ژوورەوە.

**لوبۆڤ ئەندرییەڤنا**: چییە؟

بێدەنگییەک

دەبێ بڕۆین.

**ڤاریا** (چی تر ناگری، چاوی سڕیوە): ئا دایە گیان کاتییەتی. من

ئەمڕۆ فریا دەکەوم بچم بۆ ماڵی ڕەگولینەکان، هەر لە شەمەندەفەرەکە دوا نەکەوین..

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا** (بەرەو دەرگەکە دەڕوات): ئانیا خۆت لەبەر بکە!

ئانیا دێتە ژوورەوە دواتر گایەف، ئینجا شارلۆتە ئیڤانەڤنا. گایەف پاڵتۆیەکی گەرمی لەبەردایە کە کڵاوێکی پێوەیە. خزمەتکار و بارهەڵگرەکان کۆ دەبنەوە. یپیخۆدەف سەرقاڵە لای شتەکانەوە.

ئێستا دەتوانین بکەوینە ڕێ

**ئانیا** (بەدڵخۆشییەوە): دەبا بکەوینە ڕێ!

**گایەف**: دۆستەکانم، هاوڕێ شیرینەکانم! من لە کاتێکدا بۆ هەمیشە ئەم ماڵە جێ دەهێڵم، ناتوانم خۆم بگرم و لە ماڵئاواییدا ئەو هەستانە دەرنەبڕم کە ئێستاکە هەموو بوونمی لێوانلێو پڕ کردووە..

**ئانیا** (بە پاڕانەوەوە): دە خاڵە!

**ڤاریا**: خاڵە گیان پێویست ناکات!

**گایەف** (بە کەساسییەوە): دوپلێتێک بۆ زەردەکەی ناوەڕاست.. وا بێدەنگ بووم...

ترەفیمەڤ دێتە ژوورەوە، ئینجا لەپاخین

**ترەفیمەڤ**: بەڕێزان، کاتی ڕۆیشتنە!

**لەپاخین**: یپیخۆدەف پاڵتۆکەم بۆ بێنە!

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: یەک دەقیقەی تریش دادەنیشم. دەڵێی پێشتر دیوارەکانی ئەم ماڵە و بنمیچەکانیم نەدیوە، ئێستاش چاوم تێر



ناخوات لێیان، بە خۆشەویستییەکی وا پڕ سۆزەوە سەیریان دەکەم..

**گایەف**: لە یادمە تەمەنم هەر شەش ساڵان دەبوو، لە ڕۆژی سێکوچکەی پیرۆزدا من لە ناو ئەو پەنجەرەیەدا دانیشتبووم و سەیری باوکم دەکرد کە دەچوو بۆ کڵێسە..

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: هەموو شتەکانتان هێناوە؟

**لەپاخین**: لەوە دەچێت هەمووی بێت (بەدەم پاڵتۆ لەبەرکردنەوە، بە یپیخۆدەف دەڵێت) تۆش یپیخۆدەف، بە ئاگا بە و کارەکان بەڕێکوپێکی ڕاپەڕێنە.

**یپیخۆدەف** (بە دەنگێکی بەرز قسە دەکات): یەرمۆڵای ئەلیکسێیچ دڵ لە دڵ نەدەن!

**لەپاخین**: ئەوە دەنگت بۆ وایە؟

**یپیخۆدەف**: هەر ئێستا ئاوم خواردەوە، شتێک پەڕیوەتە قوڕگم.

**یاشا** (بەسووکایەتی پێکردنەوە): نەفامی...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**: دەی سا دەڕۆین، تاکە گیانلەبەرێکیش لێرە نامێنێتەوە..

**لەپاخین**: تا هاتنی بەهار بەئومێدی دیدار.

**ڤاریا** (لە یەکێک لە بوخچەکانەوە چەترێک دەردەهێنێت وەک بڵێی بیەوێ لە کەسێک بدات):

لەپاخین خۆی وا پیشان دەدا کە لە چەترەکە ترساوە

بۆ خاتری خوا، پێویست ناکات.. من هەر نیازی شتی وام نەبووە.

**ترەفیمەڤ:** بەڕێزان با سواری عەرەبانەکە بین.. ئیتر کاتی خۆیەتی. ئێستا شەمەندەفەرەکە دێت.

**ڤاریا:** پێتیا ئەوە کەڵۆشەکانتانە لەلای جانتاکەوە بوون (بە فرمێسکەوە) چەند پیس و کۆنیشن...

**ترەفیمەڤ** (کەڵۆشەکان دەکاتە پێی): دەبا بڕۆین بەڕێزان!

**گایەف** (تەواو شپرزەیە و لەوە دەترسێ دەست بکاتە گریان): شەمەندەفەرەکە.. وێستگەکە.. کروازییەک بۆ ناوەڕاست، سپییەکەش بە دوپلێتێک بۆ سووچەکە.

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** با بڕۆین!

**لەپاخین:** هەموو لێرەن؟ کەس لەوێ نەماوە؟ (دەرگەیەکی تەنیشتی لای چەپەوە دادەخات) لەم ژوورەدا شت دانراوە بۆیە دەبێت داخرێت. دەڕۆین!

**ئانیا:** ماڵەکەمان خواحافیز! خواحافیز ژیانی ڕابردوومان!

**ترەفیمەڤ:** سڵاوت لێ بێ ئەی ژیانی نوێ! (لەگەڵ ئانیادا دەچنە دەرەوە)

ڤاریا چاوێک بە ژوورەکەدا دەگێڕێ و لەسەرخۆ دەچێتە دەرەوە. یاشا و شارلۆتە بەسەگەکەیەوە دەچنە دەرەوە.

**لەپاخین:** کەواتە ماڵئاوا تا بەهار. دەرچن بەڕێزان.. بە هیوای دیدار! (دەڕۆن)

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا و گایەف بە جووتە ماونەتەوە. وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەو ساتە بووبن، دەست دەکەنە ملی یەکتری و بەکوڵ دەگرین، بەڵام هێمنانە، نەبا کەسێکی تر گوێی لێیان بێت.



**گایەف** (بەبێ سەبوورییەوە): خوشکێ، خوشکە گیان...

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** ئای باخچە نازدارەکەم، باخچە دڵگیرەکەم، باخچە جوانەکەم! ئەی هەموو ژیانم، ئەی تەمەنی لاوێتیم، مایەی بەختیاریم، خواحافیز!.. خواحافیز!

دەنگی ئانیا دێت بە خۆشییەوە بانگ دەکات: " دایکە!" دەنگی ترەفیمەڤیش (بە خۆشی و پڕ بزێوییەوە):" هۆ.. هۆ!"

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا:** وا دێین!..

دەڕۆنە دەرەوە

سەر شانۆکە بەتاڵە. دێتە گوێ چۆن بە کلیل هەموو دەرگەکان دادەخەن و دواتر گالیسکەکان دەبزوێن. بێدەنگی دادێت. لەو بێدەنگییەدا، دەنگی کپی تەورەکان دێت کە دەیدەن بە درەختەکاندا، دەنگێکی غەمگین و یەک چەشنە.

دەنگی هەنگاوی یەکێک دێت. لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە فیرس دەردەکەوێت. وەک هەمیشە چاکەتێکی لە بەردایە لەگەڵ یەلەگێکی سپی، جووتێ پێڵاوی لە پێدایە. نەخۆشە.

**فیرس** (لە دەرگەکە نزیک دەکەوێتەوە، دەست لە دەسکی دەرگەکەوە دەدات): داخراوە.. دیارە ڕۆیشتوون.. (لەسەر قەنەفەیەک دادەنیشێ) منیان لە بیر چووە.. قەیناکە.. من جارێ لێرە دادەنیشم. دیارە لیۆنید ئەندرێیچیش فەروەکەی لەبەر نەکردووە هەر بە پاڵتۆیەکی تەنکەوە ڕۆیشتووە (هەناسەیەکی پەرۆشانە هەڵدەکێشێ) ئاگام لێ نەبوو.. ئاخ بەدەست گەنجانەوە! (شتێک دەبۆڵێنێ کە کەس تێی ناگات چی دەڵێت) ژیان بەسەر چوو، هەر دەڵێی نەشژیاوم... (ڕادەکشێ)

من تۆزێک ڕادەکشێم... هێزت نییە... ئەوەی هێز بێت تێتدا نەماوە، ئای کە تەپۆیت! (بێ جووڵە لێی دەکەوێت)

دەنگێکی دوور دێتە گوێ، وەک بڵێی لە ئاسمانەوە دێت، دەنگی تەلی پچڕاوی ئامێرێک، خامۆش و غەمگین. بێدەنگییەک بڵاو دەبێتەوە، تەنیا دەنگێک کە بێتە گوێ دەنگی دووری تەورەکانە کە دەیدەن لە قەدی درەختەکان.

پەردە دادەدرێتەوە.



## پەڕاوێز و ڕوونکرنەوەکان:

پەردەی یەکەم:

١- لە دەقەکەدا وشەی " موژیچۆک" بەکار دێنێت کە هەردوو مانای پیاوێکی بچکۆلە و جووتیارێکی بچکۆلە دەگرێتەوە، بەڵام بەردەوامیی قسەکانی لەپاخین وا دەردەخات کە زیاتر باس لە جووتیارییەکەیە، هەرچەندە ژیانی سەختی جووتیاری وەک هاومانای پیاوەتیش سەیر کراوە.

٢- کڤاس خواردنەوەیەکی باوە لە ڕووسیادا، لە چکاوەی نانی بۆر دروست دەکرێت.

٣- داچە خانوویەکە ئەوانەی داران لە دەرەوەی شار دروستی دەکەن و زیاتر بۆ پشووی هاوینە ڕووی تێ دەکەن.

٤- کەپیک: یەکەیەکی پارەی ڕووسییە و یەک لە سەدی ڕۆبڵێکە.

٥- خارکەف شارێکە لە ئۆکرانیا کە ئەو کات بەشێک بوو لە دەوڵەتی ڕووسیا.

٦- لارنێت چاویلکەیەکی یەک لاقییە کە بەدەست بەرز دەکرێتەوە و لە بەرچاودا ڕادەگیرێ لە بری ئەوەی لە چاو کرێت.

٧- دەردی جومگە یان بە عەرەبی (النقرس- داء الملوك) نەخۆشییەکە تووشی جومگەکان دەبێت بە تایبەت پەنجەی پێ.

٨- یارەسلاڤل شارێکە لە نزیک مۆسکۆوە.

پەردەی دووەم:

٩- ماندۆلین ئامێرێکی مۆسیقایە.

١٠- هێنری تۆماس بەکڵ مێژوونووسێکی ئینگلیزە (١٨٢١-١٨٦٢) بەناوبانگترین بەرهەمی " مێژووی شارستانێتی لە ئینگلتەرا"دایە.

١١- دیکادینیزم (ئەدەبی داڕمان) ڕەوتێک یان چاکتر وایە بڵێین مەزاجێکی ئەدەبی بوو لە سنووری نێوان سەدەی نۆزدەم و بیستەم پەیدا بوو کە نۆێنەرانی ئوروستۆکراتی ئەو ڕەوتە دەیانگوت گوایە هەموو شتێک بە ئەدەب و هونەریشەوە پیس بووە و مۆرکی چاوچنۆکی و پارەپەرستی وردە بۆرژوای وەرگرتووە. زیاتر بانگەشەی تاکەکەسێتی و قبووڵکردنی ئەو دیاردانەیان

دەکرد کە بەلای کۆمەڵگەوە نامۆراڵیبوون.

١٢- لە ڕاستیدا، لێرەدا، وشەیەکی تر بەکار دێت کە شێوەی پێوەندیی مسکێنەکانی ڕووسیای بە ئاغاکانیانەوە دیاری دەکرد. ئەویش مافی وابەستەکردنە واتە جووتیارەکان پێوەست دەکران بە زەویی ئاغاکانیانەوە و مافی ئەوەیان لێ دەسێندرایەوە بڕۆن لە شوێنێکی تر ژیانێکی سەربەستانەیان هەبێت. ئاغا بۆی هەبوو سزایان بدات، کە هەندێک جار دەگەیشتە ڕادەی سزای مەرگ. ئەمە شێوەیەکی باوی فیۆدالیزمی سەدەکانی ناوەڕاست بوو نەک هەر لە ڕووسیادا بگرە لە زۆر شوێنی تری ئەوروپاشدا و زیاتر لە کۆیلایەتی دەچوو. لە ڕووسیادا ئەم مافە بەپێی دیکرێتی ١٨٦١ لە ئاغاکان سەندرایەوە بەڵام بە کردەوە مسکێنەکان ناچاری مانەوە بوون لە زەویوزاری ئاغاکانیاندا چونکە هیچ توانایەکی ژیانی سەربەستانەیان بۆ نەمابووە و هەر بۆیە فیرسی پیرەمێردیش ئەو ساڵە بەساڵی ماڵوێرانییەکە ناو دەبات لە بری ئەوەی ساڵی سەربەستی بێت.

١٣- لەپاخین گاڵتە بە ڤاریا دەکات و ڕستەیەک لە شانۆگەری "هاملێت"ی پێ دەڵێ بەڵام ناوی ئوفیلیا دەکات بە "ئۆخمیلیا"

پەردەی سێیەم:

١٤- (جووت جووت بڕۆن) لە دەقەکەدا بە فرەنسی هاتووە:

Promenade a une paire"«

١٥- گراند- ڕاوند، سوور بخۆن!" و " پیاوەکان دادەبەزنە سەر چۆک و سوپاسی خانمەکان دەکەن!" لە دەقەکەدا بە فرەنسی هاتووە:

»Les cavaliers a genoux et remerciez vos dames« »Grand-rond, balancez!«

١٦- کالیگۆلا ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بووە لە نیوان ساڵی ١٢-٤١ پ.ز ژیاوە. تا بڵێی دڵڕەق بووە فەرمانی سەیری دەرکردووە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە گوایە ئەسپەکەی خۆی کردووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران.

١٧- لیزگینکا: سەمایەکی میللییە کە لیزگینەکان لە ناوچەی قەوقاز دەیکەن و زۆر باوە لە ناو گەلانی تری ئەو ناوچەیەدا .

١٨- (یەک، دوو، سێ!) لە دەقەکەدا بە ئەڵمانی هاتووە:



Ein, zwei, drei!

١٩- زگدوێ: هەندێ کەس توانای ئەوەیان هەیە قسە بکەن بەبێ ئەوەی دەم بجووڵێنن، ئەم توانایەش زۆر جار لە سێرک و پرۆگرامی کات بردنەسەر بەکار دێت و ئەگەر بەشێوەیەکی باش بکرێت مایەی سەرنجڕاکێشانی خەڵکییە. وشەکە لە ناچاریدا خۆم دام ڕشتووە، چونکە هێندەی من بزانم وشەیەکی ترمان نییە بۆ وەسفکردنی ئەو جۆرە کەسانە و تواناکەیان.

٢٠- (مرۆڤێکی باش بەڵام مۆسیقاژەنێکی بێ کەڵک!) ئەم ڕستەیە لە شانۆگەرییەکی نووسەری ئەڵمانی کلێمنس برینتانۆ (١٧٧٨-١٨٤٢) وەرگیراوە و لە دەقەکەدا بە ئەڵمانی هاتووە:

Guter Mensch, aber schlechter Musikant!

٢١- هەمان پەراوێزی (١٨)

٢٢- ئەلیکسێی تەڵستۆی شاعیرێکی ڕووسە، کە لە نێوان (١٨١٧-١٨٧٥)دا ژیاوە. هۆنراوەی ئافرەتە گوناهکارەکە باسی ئەو ئافرەتە دەکات کە مەسیح لێی خۆش بوو و داوای لە خەڵکەکەش کرد کە لێی خۆش ببن چونکە خۆیان کەسیان بێ گوناه نین.

٢٣- ییپیخۆدەف لێرەدا دەیەوێ ڕۆشنبیرانە قسە بکات، بۆیە دەڵێت:" ئێوە منتان خستووەتە حاڵی دەروونەوە" و نازانی کە قسەکە هیچ مانایەکی نییە ئەگەر نەڵێت" حاڵێکی دەروونی سەختەوە، یان ناهەموارەوە"

پەردەی چوارەم:

٢٤- کەڵۆش جۆرەپێڵاوێکی چەرم بوو بەسەر پێڵاوی ئاساییدا لە پێ دەکران بۆ ئەوەی لە تەڕی و قوڕ بیانپارێزێت.

٢٥- ڤیف لە فرانس واتە بژی فرەنسا .

٢٦- گیمنازیا خوێندنی دوای ئامادەیی و پێش زانکۆیە.

## پێڕست


ژیاننامەی ئەنتۆن پاڤڵەڤیچ چێخەف ........ 5
ئایندەبینی لە باخچەی گێلاسەکەی – چێخەفدا ........ 11
چەند سەرنجێکی پێویست بۆ خوێنەر و دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە ........ 21
باخچەی گێلاسەکە کۆمیدیایەک لە چوار بەشدا ........ 25
پەردەی یەکەم ........ 27
پەردەی دووەم ........ 57
پەردەی سێیەم ........ 81
پەردەی چوارەم ........ 103